# فرێزی ناوی و فرێزی کاری
# له کرمانجیی ژووروودا

نامەیەکە

حاتەم ولیا محەمەد

پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی کردووەو بەشێکە له پێویستییەکانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردیدا.

سەرپەرشت

د. فەرەیدوون عەبدول محەمەد

٢٧٠٠ی کوردی

٢٠٠٠ی زایینی

## ئەم نامەیە پێشکەشە بە :

**دایکم ، باوکم**

**خوشك و براكانم**

حاتەم

# سوپاس و پێزانین

زۆر سوپاس بۆ :

- ئەنجوومەنی خوێندنی باڵاو سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی و ڕاگرایەتیی کۆلێژی زمان و بەشی زمانی کوردی، کە لە خوێندنی باڵادا وەریان گرتم و کارەکانیان بۆ ئاسان کردم.

- ئەنجوومەنی خوێندنی باڵاو سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین و ڕاگرایەتی کۆلێژی پەروەردە و بەشی زمانی کوردی کە مۆڵەتی خوێندیان پێدام و کارەکانیان بۆ ئاسانتر کردم.

-هەموو ئەو مامۆستا بەڕێزانەی، لە خوێندنی باڵادا وانەکانیان پێ وتووم.

-بەڕێز د.فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی ، کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی نامەکەی گرتە ئەستۆ.

-بەڕێز پرۆفیسۆر . د. محەمەد مەعروف فەتاح ، کە هەردەم ئامادەیی خۆی نیشان داوە بۆ یارمەتی دانم.

-بەڕێزان مامۆستا هێرش عمر و مامۆستا دڵشاد فەخرەدین ، لە کۆلێجی زانست، کە هەندێ بابەتیان لە ئینگلیزییەوە بۆ وەرگێڕام.

-بەڕێزان مامۆستا فەیسەڵ مستەفا حاجی و مامۆستا ئەحمەد قەرەنی، کە زۆر تێبینییان لە بارەی ڕێزمانی دیالێکتی (ک.ژ)ەوە پێشکەش کردم.

-هەموو ئەو مامۆستاو هاوڕێ بەڕێزانەی، کە لەکاتی ئامادەکردنی ئەم نامەیەدا یارمەتییان داوم، جا ئەگەر بە تاکە وشەیەك یا تاکە سەرچاوەیەکیش بێت، بەتایبەتیش د. تالیب حوسێن عەلی و مامۆستا حوسێن عەلی وەلی.

ئەم نامەیە بەسەرپەرشتیی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردی (سینتاکس) دا.

ناو :

د. فەرەیدوون عەبدول محەمــەد

مێژوو :   /   / ٢٠٠٠

بەپێی ئەو پێشنیازە ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو :

سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵای بەشی کوردی

مێژوو :   /   / ٢٠٠٠

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی وتوویژو هەڵسەنگاندن ئەم نامەیـەمان خوێنـدەوە و لەگـەڵ خوێندکارەکـەدا گفتوگۆمـان دەربـارەی نـاوەڕۆك و لایەنـەکانی تـری کـرد و بڕیارماندا، کە شایانی ئەوەیە بە پلەی (            ) بڕوانامـەی ماجسـتێری لـە زمانی کوردی (سینتاکس) دا پێ بدرێت.

ناو :
ئەندام

ناو :
سەرۆکی لیژنە
مێژوو :  /  /  ٢٠٠٠

ناو :
ئەندام

ناو :
ئەندام

لەلایەن ئەنجوومەنی کۆلێژی زمانەوە پەسەندکرا.

ناو :
ڕاگری کۆلێژی زمان
مێژوو :   /   / ٢٠٠٠

# سوپاس و پێزانین

زۆر سوپاس بۆ :

– ئەنجومەنی خوێندنی باڵاو سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی و ڕاگرایەتیی کۆلێژی زمان و بەشی زمانی کوردی، کە لە خوێندنی باڵادا وەریان گرتم و کارەکانیان بۆ ئاسان کردم.

–هەموو ئەو مامۆستا بەڕێزانەی، لە خوێندنی باڵادا وانەکانیان پێ وتووم.

–بەڕێز د.فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی ، کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی نامەکەی گرتە ئەستۆ.

–بەڕێز پرۆفیسۆر . د. محەمەد مەعروف فەتاح ، کە هەردەم ئامادەیی خۆی نیشان داوە بۆ یارمەتی دانم.

–بەڕێزان مامۆستا هێرش عمر و مامۆستا دڵشاد فەخرەدین ، لە کۆلێجی زانست، کە هەندێ بابەتیان لە ئینگلیزییەوە بۆ وەرگێڕام.

–بەڕێزان مامۆستا فەیسەڵ مستەفا حاجی و مامۆستا ئەحمەد قەرەنی، کە زۆر تێبینییان لە بارەی ڕێزمانی دیالێکتی (ك.ژ)ەوە پێشکەش کردم.

–هەموو ئەو مامۆستاو هاوڕێ بەڕێزانەی، کە لەکاتی ئامادەکردنی ئەم نامەیەدا یارمەتییان داوم، جا ئەگەر بە تاکە وشەیەك یا تاکە سەرچاوەیەکیش بێت، بەتایبەتیش د. تالیب حوسێن عەلی و مامۆستا حوسێن عەلی وەلی.

# هێماو کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| ئاپب | ئاوەڵناوی پلەی باڵا |
| ئاب | ئاوەڵکاری پلەیی |
| ئامب | ئامرازی پرسیار |
| ئان | ئاوەڵناوی نیشانە |
| ئان ج١ | ئاوەڵناوی نیشانەی جۆری یەکەم |
| ئان ج٢ | ئاوڵناوی نیشانەی جۆری دووەم |
| ج ج ك١ | جێناوە جوداکانی کۆمەڵەی یەکەم |
| ج ج ك٢ | جێناوە جوداکانی کۆمەڵەی دووەم |
| ڕ | ڕستە |
| ژ | ژمارە |
| ژب | ژمارەی بنجی |
| ژپ | ژمارەی پلەیی |
| ف | فرێز |
| ف ن | فرێزی ناوی |
| ف.ك | فرێزی کاری |
| ف. ئا | فرێزی ئاوەڵناوی |
| ك.خ | کرمانجیی خواروو |
| ك.ژ | کرمانجیی ژووروو |
| ك ك١ ج | کارەکانی کۆمەڵەی یەکەمی جێناوە جوداکان |
| ك ك٢ ج | کارەکانی کۆمەڵەی دووەم جێناوە جوداکان |
| م | مۆرفیم |
| گ.ڕ.ن | گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ |
| +ناو. | ناو و کۆمەڵەی ناوی |
| نخ | نیشانەی خستنە سەر |
| ن گ | ناوی گشتی |
| ن ت ن | ناوی تایبەتیی نێر |
| ن گ م | ناوی گشتیی مێ |
| ن گ ن | ناوی گشتیی نێر |
| هـ.س | هەمان سەرچاوە |
| و | وشە |
| $\phi$ | مۆرفیمی سفر |
| ← | پێك دێت لە |
| / | یان |
| $\neq$ | یەکسان نیە لەرووی ڕێزمان یان واتاوە |
| * | نارێزمانی |
| $\infty$ | سنوورێکی بێ کۆتایی |

# زاراوەو دەستەواژەکان

ئ

| | |
|---|---|
| ئاست | Level |
| ئاوەڵناوی نیشانە | Demonstratives |
| ئەرکی ڕێزمانی | Grammar function |
| ئەرکی سینتاکسی | Syntactic function |
| **ب** | |
| بە ئارەزوو | Optionally |
| بەرکاری ڕاستەوخۆ | Direct object |
| بەرکاری ناڕاستەوخۆ | Indirect object |
| بەندکەر | Restructure |
| بکەر نادیاری | Passive |
| **پ** | |
| پاشگری دووبارە بوونەوە | Interactive suffix |
| پاشگری کار | Verb suffix |
| پەیوەندیی سینتاکسی | Syntactic relation |
| پۆلەکانی وشە | Word classes |
| پێکهات | Construction |
| پێکهێن | Constituent |
| پێکهێنی ڕاستەوخۆ | Immediate constituent |
| پێکهێنە ناوەندییەکان | Intervening constituent |
| **ت** | |
| تەواوکەری فرێزی کاری | Verb phrase complement |
| تێپەڕاندن | Appreciative |
| **چ** | |
| چەندێتی | Quantifier |
| **خ** | |
| خاسیەت (سیما)کانی سەرە | Head feature |
| **د** | |
| دانە (کاتیگۆری) | Category |

| | |
|---|---|
| Non-enveloping | دانە پۆشراو(نەپچڕاو) |
| Grammatical category | دانەی ڕێزمانی |
| Ultimate constituent | دوا پێکهێن |
| Post head modifier | دیار خەرەکانی پاش سەرە |
| Pre-head specified | دیار خەرەکانی پێش سەرە |
| Modifier | دیارخەر |
| Determiner | دیاریکەر |
| | ڕ |
| Stem | ڕەگ |
| Syntax | ڕستە سازی |
| Structure | ڕۆنان |
| External structure | ڕۆنانی دەرەوە |
| Ungrammatical structure | ڕۆنانی نارێزمانی |
| Internal(inner) structure | ڕۆنانی ناوەوە |
| Aspect (Mood) | ڕێژە |
| Hierarchical structure | ڕیز بوون هەرەمی |
| Dependency grammar | ڕێزمانی بەندێتی |
| Traditional grammar | ڕێزمانی دێرین |
| Transformational and generative grammar | ڕێزمانی زێنەکی وگەشتەکی |
| New grammar | ڕێزمانی نوێ |
| Agreement | ڕێککەوتن |
| | ز |
| Dialect | زار (دیالێکت ) |
| Inflectional languages | زمانە گەردانییەکان |
| | ژ |
| Radical number | ژمارەی بنجی |
| | س |
| Adjunct | سەربار |
| Head | سەرە |
| Intuition | سەلیقە |
| Lexical feature | سیمای فەرهەنگی |

| | |
|---|---|
| ش | |
| شوێنکەو توو | Dependent |
| شیکردنەوەی ڕۆنان | Structure analaysis |
| ف | |
| فراوانکردن | Extension |
| فرێز | Phrase |
| فرێزی ئاوەلکاری | Adverbial phrase |
| فرێزی ئاوەلناوی | Adjective phrase |
| فرێزی کاری | Verb phrase |
| فرێزی ناوی | Noun phrase |
| فرێزیە بەند | Prepositional phrase |
| ك | |
| كات (زەمەن ) | Tense |
| كاتیگۆری | Category |
| گ | |
| گەردان كردن | Inflection |
| ل | |
| لانەبراو | Non-elliptical |
| لقە پۆل | Subcategory |
| م | |
| مۆرفیم | Morpheme |
| مۆرفیمی بەند | Bound morpheme |
| ن | |
| ناچاری | Obligatory |
| ناوی بکەر (بەکار) | Participle |
| نەفی | Negative |
| نیشانەی ئینشائی(مەرجی) | Conditional marker |
| هـ | |
| هۆکاری واتایی | Semantic factors |
| هێلکاریی دەرفتی | Tree diagram |

و

| | |
|---|---|
| وەسفیی ڕۆنان | Structure description |
| وشە سازی | Morphology |
| وشەی سەرە | Head word |

ی

| | |
|---|---|
| یاساکانی ڕۆنانی فریز | Phase structure rules |

# فریزی ناوی و فریزی کاری لە کرمانجیی ژووروودا

## ناوەرۆک — لاپەڕە


ناوەرۆک خ

پێشکەش کردن أ

سوپاس و پێزانین ب

هێماو کورتکراوەکان پ

زاراوە و دەستەواژەکان ت

**١-پێشەکی** ١

١-١ ناونیشان و بواری نامەکە ١

١-٢ هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانەکە ١

١-٣ سنووز و کەرەسەی لێکۆڵینەوەکە ١

١-٤ ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە ٢

١-٥ گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە ٢

١-٦ ناوەرۆکی نامەکە ٣

**٢-هەندێ تایبەتیی ڕێزمانیی دیالێکتی (ک.ژ)** ٤

٢-١ هەندێ تایبەتیی وشەسازی ٤

٢-١-١ مۆرفیمی نێر و مێ ٤

٢-١-٢ مۆرفیمی ناسیاری ٧

٢-١-٣ مۆرفیمی کۆ ١٠

٢-٢ هەندێ تایبەتیی ڕستەسازی ١٣

٢-٢-١ جێناوی کەسیی جودا ١٣

٢-٢-١-١ کۆمەڵەی یەکەمی جێناوە جوداکان ١٣

٢-٢-١-٢ کۆمەڵەی دووەمی جێناوە جوداکان ١٥

٢-٢-٢ جێناوی کەسیی لکاو ١٩

٢-٢-٣ ئاوەڵناوی نیشانە ٢١

٢-٢-٤ بکەر نادیار ٢٤

**٣-فرێز** ٢٦

٣-١ ڕۆنان ........ ٢٦

٣-٢ ئەرك ........ ٢٩

٣-٣ پەیوەندیی سینتاکسی ........ ٣٠

**٤-فرێزی ناوی** ٣٤

٤-١ ڕۆنانی فرێزی ناوی ........ ٣٤

٤-٢ ئەرکی فرێزی ناوی ........ ٣٥

٤-٣ ڕۆنانەکانی فرێزی ناوی ........ ٣٦

٤-٣-١ ڕۆنانی ناوەوەی فرێزی ناوی ........ ٣٦

٤-٣-٢ ڕۆنانی دەرەوەی فرێزی ناوی ........ ٤٠

٤-٣-٢-١ دیارخەرەکانی پێش سەرە ........ ٤٠

٤-٣-٢-٢ دیارخەرەکانی پاش سەرە ........ ٥٥

**٥-فرێزی کاری** ٦٦

٥-١ ڕۆنانی فرێزی کاری ........ ٦٦

٥-٢ ڕۆنانی ناوەوەی فرێزی کاری ........ ٦٧

٥-٣ هەندێ خاسیەتی مۆرفیمە پێکهێنەکانی کاری داڕێژراو لە (ك.ژ)دا ........ ٨١

٥-٤ فراوانکردنی فرێزی کاری ........ ٨٢

٥-٥ فرێزی بەند ........ ٨٤

**٦-ئەنجام و پێشنیاز** ٩٠

٦-١ ئەنجام ........ ٩٠

٦-٢ پێشنیاز ........ ٩١

**سەرچاوەکان** ٩٢

**ملخص الرسالة** ........ ٩٦

Abstract ........ ٩٧

# ١- پێشەکی

## ١-١ناونیشان و بواری نامەکە

ناونیشانی نامەکە بریتییە لە (فرێزی ناوی وفرێزی کاری لە کرمانجیی ژووروودا) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە هەموو نامەکە بۆ باس کردن و لێکدانەوەی فرێزی ناوی و فرێزی کاری لە دیالێکتی (ك.ژ) دا تەرخان کراوە. کارەکەش زیاتر ئاستی ڕستە سازی دەگرێتە خۆو ناوەناوەش لە کاتی پێویستدا دەچێتە ناو مۆرفۆلۆجییەوە .

## ١-٢ هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانەکە

دیالێکتی (ك.ژ) لە ڕووی سنووری جوگرافی و ژمارەیدانیشتووانەوە، لە دیالێکتەکانی تری کوردی زۆرتر وفراوانترە. بەڵام تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی ڕێزمانی، بەتایبەتیش لە ئاستی ڕستە سازی، کە لەگەڵ بۆ چوونە ڕێزمانییە نوێیەکانی جیهانیدا بگونجێت لەم دیالێکتەدا بەرچاو ناکەوێت. زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوە ڕێزمانییانەی کەلەبارەی ئەم دیالێکتەوە نووسراون و ئێستا لەبەر دەستی ئێمە دایە، زیاتر لە ژێر کاریگەی بۆ چوونەکانی ڕێزمانی دێرێندا نووسراون و زیاتریش خۆیان بە پۆل کردنی بەشەکانی ئاخاوتنەوە خەریك کردووە. زۆر کەم نەبێ بەلای ڕستە و ڕستە سازیدا نەچوون. کەچی بەپێی هەندێ لە بۆچوونە ڕێزمانییە نوێیەکان بۆ نموونە (بەرهەم هێنان و گواستنەوە) ڕستە سازی بە سەرەکی ترین ئاستی زمان دادەنرێت ، بە واتایەکی تر، زمان لە بنچینەدا لەلایەن رستە سازییەوە کۆنترۆڵ دەکرێت وئینجا دەکەوێتە ژێر ڕکێفی هۆکاری ناسنیتاکسییەوە. هەر بۆیە نامەکەشمان بەو ناونیشانە هەلبژارد،چونکە لە ڕوانگەیەکی رستە سازییەوە لە بابەتەکە دەڕوانێت و لێکی دەداتەوە.
بەباوەڕی ئەو بۆچوونەی کە ئێمە لە نامەکەدا دەیگرینە بەر ، هەر ڕستەیەکی زمان لە دوو پێکهێنی ڕاستەو خۆ و سەرەکی پێك دێت، کە فرێزی ناوی و فرێزی کارییە.. هەریەك لەم دوو فرێزەش خاوەنی کۆمەڵێك خاسیەتی وشە سازیو ڕستە سازین، کە لەناوەرۆکی نامەکەدا لێیان دەکوڵینەوە.

## ١-٣ سنوورو کەرەسەی لێکۆڵینەوەکە

سنووری لێکۆڵینەوەکە لە چوار چێوەی زارۆچکەی بادینانی دیالێکتی (ك.ژ) بەتایبەتیش ئەو پارچە پارچەیەی کە لە کوروستانی عیراقدایە.ڕستە ونموونەکانی ناو لێکۆڵینەوەکەش زیاتر

لەوسەرچاوە ڕێزمانییانەوە وەرگیراون کە لەبارەی ئەم دیالێکتەوە نووسروان بە تایبەتیش سەرچاوەکانی ژمارە (١٨،٢٢،٢٧).لە هەندێ شوێندا خۆمان ڕستەمان بۆ نموونە هێناوەتە، بەتایبەتیش لەو شوێنانەی کە ڕستەی پڕ مەبەست گەڕانێکی زۆری دەوێ و لەوانەیە هەر دەست نەکەوێت.

بەهەر حاڵ ئەم ڕستانەش نیشانی ئەوکەسانە دراون کە بە (ک.ژ) دپەیڤن و شارەزاییان لە لایەنی ڕێزمانی دیالێکتەکەی خۆیان هەیە. بۆ ئەوەی گومان لە هەڵە و بەکارهێنانیاندا نەکرێت.

## ١ـ٤ ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە ،بریتییە لە کۆکردنەوەی کەرەسە بە شێوەیەکی بابەتییانەو ئینجا ڕیزکردن و وەسف کردنی کەرەسەکان بە پێی ڕێزمانی دێرین . لە هەندێ شوێندا لێکدانەوەکان لە چوارچێوەی ڕێزمانی نوێباودا کراوە ، بۆ نموونە ڕۆنانە جۆراو جۆرەکانی فرێزی ناوی و فرێزی کاری ، کە بە پێی یاساکانی ڕۆنانی فرێز لە زمانێکدا دێنە بەرهەم ، وەسفکراوەو ڕۆنانەکانیش خراونەتە قالبی چەند یاسایەکی گشتییەوەو بە وێنە نیشان دراون .

## ١ـ ٥ گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە

لەکاتی ئامادەکردنی ئەم نامەیەدا دووچاری هەندێك گیروگرفتی وەك ئەمانەی خوارەوە بووین :

١- جیاوازی شێوەزاری ئاخاوتنی لێکۆڵەرو سەرپەرشت لە گەڵ ئەو شێوە زارەی کە لێکۆڵینەوەکەی لە بارەوە دەکرێت.

٢- نەبوونی سەرچاوەی زانستی ، بە زمانی کوردی بە شێوەیەکی گشتی و بە دیالێکتی (ک.ژ) بە شێوەیەکی تایبەتی لە بارەی ناوەرۆکی بابەتەکەوە . بۆیە لە زۆر شوێندا پەنامان بردۆتە بەر سەرچاوەی ئینگلیزیو بەدەگمەن عەرەبیو فارسیش ، لە کاتی بەکارهێنانی ئەم سەرچاوە بیانییانەشدا دووچاری داتاشین و بەکارهێنانی هەندێ زاراوە بووین لە زمانی کوردیدا ، کە دەقاودەق یان پڕ بە پێستی زاراوە بیانییەکان لە ڕووی واتاو مەبەستەوە نەوەستن . بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیەش لیستێکمان بۆ هەندێ زاراوە و دەستە واژە بە (کوردی - ئینگلیزی ) لە سەرەتای نامە کەدا ئامادە کردووە .

## ١-٦ ناوەرۆكی نامەكە

ناوەرۆكی نامەكە جگە لە لیستی زاراوەكان و هێما و كورتكراوەكان دابەشكراوەتە سەر شەش بەش و لە كۆتایی نامەكەشدا لیستێك بۆ ئەو سەرچاوانە ئامادە كراوە كە بۆ نووسینی ئەم نامەیە سوودیان لێوەرگیراوە ، هەروەها كورتەی نامەكە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتە ڕوو .

**بەشی یەكەم** : بۆ پێشەكییەكە تەرخان كراوە ، كە سەرەتایەكە بۆ چوونە ناو باسەكەو ئەم باسانەشی گرتۆتە خۆی : ناونیشان و بواری نامەكە ، هۆی هەڵبژاردنی نا مەكە ، سنوورو كەرەسەی لێكۆڵینەوەكە ، ڕێبازی لێكۆڵینەوەكە ،گیروگرفتی لێكۆڵینەوەكە ، ناوەرۆكی نامەكە

**بەشی دووەم** :بەناونیشانی هەندێ خاسیەتی ڕێزمانیی (ك.ژ) ە . لەم بەشەدا باسی هەندێ خاسیەتی وشەسازی و ڕستە سازیی (ك.ژ ) كراوە .

**بەشی سێیەم**: بەناونیشانی فریزەو لەم بەشەدا لە چەند ڕوانگەیەكی وەك : ڕۆنان ، ئەرك، پەیوەندیی سینتاكسیسەوە باسی فریز كراوە .

**بەشی چوارەم** : بەناونیشانی فریزی ناوییەو ئەم باسانەشی گرتۆتە خۆی : ڕۆنانی فریزی ناوی ، ئەركی فریزی ناوی ، ڕۆنانەكانی فریزی ناوی ، ڕۆنانی ناوەوەی فریزی ناوی ، ڕۆنانی دەرەوەی فریزی ناوی .

**بەشی پێنجەم** : بەناونیشانی فریزی كارییەو ئەم باسانەی گرتۆتە خۆی : ڕۆنانی فریزی كاری ، ڕۆنانی ناوەوەی فریزی كاری ، هەندێ خاسیەتی مۆرفیمە پێكهێنەكانی كاری داڕێژراو لە (ك.ژ) دا ، فراوان كردنی فریزی كاری ، فریزی بەند .

**بەشی شەشەم** : تایبەتە بەو ئەنجامانەی كە لێكۆڵەر لە كاتی نووسینی ئەم نامەیەدا پێی گەیشتووە ، لە گەڵ هەندێ پێشنیاز بۆ لێكۆڵینەوەیان لە لێكۆڵینەوەكانی داهاتوودا .

# ٢ـ هەندێ تایبەتێتیی ڕێزمانیی کرمانجیی ژووروو

## ٢ـ١ هەندێ تایبەتێتیی وشەسازی

دانانی سنوورێکی وردو زانستی لەنێوان تایبەتییەکانی وشەسازی و ڕستەسازی لە زمانی کوردی (ك.ژ)دا، کارێکی وا ئاسان نیە، چونکە سنووری نێوان ئەم دوو ئاستە ڕوون نیەو کەرەسەکانیان زۆر جار بە جۆرێکی وا دەچرژێنە ناو یەکتری کە بە ئاسانی لەیەکتر جیا ناکرێنەوە. زۆرجار کەرەسەیەك یان زیاتر، سەر بە هەردوو ئاست دەبێت و هەر جارەی پێویستە لە ئاستێکدا لێك بدرێتەوە [٩ : ١٨-١٩]. بۆ نموونە جێناوە لکاوەکانی زمانی کوردی (ك.ژ)، یا مۆرفیمەکانی نێرو مێ، هەندێ جار وەك مۆرفیمێکی بەند بە کۆتایی وشەوە دەلکێن و لەهەمان کاتیشدا ڕۆڵێکی گرنگ لە پێکهێنانی ڕستەدا دەبینن، واتە ئەرکێکی ڕستە سازی دەبینن، بەوەی کە کەس و ژمارەو جنس و دۆخی ڕێزمانی وشەکە دیاری دەکەن. با سەیری ئەم دوو ڕستەیەی خوارەوە بکەین :

١-ئەز دچمە دهۆکێ.

٢-ئازادی سێڤ خوار.

لە ڕستەی یەکەمدا (م) مۆرفیمێکی بەندەو لەشێوەی پاشگرێکدا چووەتە سەر کارەکەو کەس و ژمارەی بکەریشی دیاریکردووە. لە ڕستەی دووەمیشدا (ی) مۆرفیمێکەو چووەتە سەر ناوێك و جنس و ژمارەو دۆخی ڕێزمانی ناوەکەی دیاریکردووە.

بۆیە، ئەو تایبەتییانەی کە لەم بەندەو لە بەندەکەی تردا دەخرێنە بەر باس و لێکۆڵینەوە نابنە سنوورێکی وردو زانستی بۆ جیاکردنەوەیان لە یەکتری، بەڵکو زیاتر بە مەبەستی لێکۆڵینەوەیە، بەپێی خاسیەتە سەرەکییەکانیان.

لە خستنە ڕووی تایبەتییەکانیشدا، هەوڵ دەدەین ئەو تایبەتییانە بخەینە ڕوو کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە بەشەکانی داهاتووەوە هەیە.

### ٢ـ١ـ١ مۆرفیمی نێرو مێ

لە دیالێکتی (ك.ژ)دا جنسی ناو تا ڕاددەیەکی باش دیاریکراوەو، بۆ ئەم مەبەستەش یاسایەك هەیە، ئەویش لکاندنی مۆرفیمێکی تایبەتە بەجنس کە بە کۆتایی ناوەکەوە دەلکێت[1].

---

[1] بۆ جیاکردنەوەی هەندێ جۆرە ناوی نێرو مێ شێوەی تریش هەیە. ئەویش بریتیە بە دانانی وشەی نێر یان مێ (ما) لە پێش یان لە دوای ناوەکەوە کە بەهۆی نیشانەی خستنە سەر، یان بەبێ نیشانەی خستنە سەر لەگەل ناوەکەدا لێك دەدرێت وەك (ماکەوماکەر، هرچامێ، هرچێ نێر..هتد). یا هەندێ ئەو ناوانەی کە لە بنچینەدا کوردی نین، وەك (فاگمە، عقیلە ...هتد) دوای لابردن یان زیادکردن، یان گۆڕینی هەندێ لە دەنگەکانی ناوەکە ئینجا مۆرفیمی نێرو مێی بۆ ئیزافە دەکرێت. وەك "فاگمایێ (فاگما-فاتێ) عەقیلایێ (عەقیلا-عەقێ)..هتد" بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی چۆنیەتی خستنە سەری مۆرفیمی نێرو مێ بۆ سەر ئەو ناوانەی کە لە بنچینەدا کوردی نین بڕوانە [٢٢ : ١٦٩].

ئەمەش لە کاتێکدا دەبێت کە ناوەکە لـە ڕستـەدا بـەکار هـاتبێت. نـاویش لـە (ك.ژ)دا لـە ڕووی جنسەوە دابەش کراوەتە سەر سێ جۆر (نێر، مێ، هاوبەش) [٢٧ : ٦٢].

مەبەست لەناوی نێر ئەو ناوانەن کە هەر لە بنچینەدا نێرن و هـیـچ جـۆرە جنسێکی تریـان نیە. وەك (مێر، نێری، دیکل، کوڕ، هەسپ،... هتد).

ناوی (مێ ) یش ئەو ناوانەن کە هەر لە بنچینەدا (مێ)ن و هیچ جنسێکی تریان نیـە. وەك (ژن، کچ، خوشك، دایك،... هتد).

ناوی (هاوبەش)یش ئەو ناوانەن کـە هـەردوو جنسـی نـێرو مێیـان هەیـە. وەك (دوسـت، مروڤ، ماموستا، هرچ،... هتد).

ناوی هاوبەش لە (ك.ژ)دا ئەو ناوانەش دەگرێتەوە کـە لـە (ك.خ)دا بـەبێ لایـەن دانـراون. وەك (دار، بەرد، ژوور، میوە، چاو، دەست،... هتد)[1].

هەرسێ جۆری ناوەکەش، بەپێی ئەو دۆخەی کە تیایدا دەردەکەون، یا جۆری ئەو کـاردی کە لە ڕستەکەدا بەکاردێت، مۆرفیمی نێرو مێیان دەچێتە سەر.

مۆرفیمە سەرەکییەکانی (نێر و مێ) یش بریتین لەم مۆرفیمانەی خوارەوە :

- ێ : بۆ تاکی نێر. وەك :

١- شارێ هەڤلێرێ شارەکێ دیروکیـیە.

٢- دیکلێ شەڕی یێ ساخلەمە.

٣- قەلەمێ من بەرزە بوو.

- أ : بۆ تاکی مێ. وەك :

١- خویشکا مەزن جهگرا دایێیە.

٢- سپیندارا گەلیان گەلەك بلند دبیت.

٣- دەفتەرا خوە بەرزە نەکە.

[٢٢ : ١٦٦-١٦٧].

بەڵام ئەگەر ناوەکە بە مەبەستی کۆ بەکار هاتبوو، ئەوا بۆ هەردوو جنسی نـێرو مـێ هـەمان مۆرفیم بەکاردێت و جیاوازی نێوان نێرو مێ نامێنێت.

---

[1] بۆ زانینی هەندێ لەو بنەمایانەی کە کراوەتە بنچینەیەك بۆ جیاکردنەوەی نـاوی نـێرو مـێی هاوبـەش بڕوانـە : [٢٢ : ١٧٦-١٧٩]، [٢٧ : ٦٥]، [٤٤ : ٣٠-٣٢].

وەك :

١- كوڕێن (ێت،ێد) زیرەك هاتن.

٢- كچێن (ێت، ێد) زیرەك هاتن.

ئەركی سەرەكی ئەم مۆرفیمانە ( ێ ،أ ) جیاكردنەوەی ناوی نێرو مێیە. بەڵام ئەركی تریش لە ڕستەدا دەبینن و لەهەندێ سەرچاوەدا بە "ئامرازی شەش كار" ناسراون [١٨-٢٦]. واتە شەش جۆرە ئەرك دەبینن بەم شێوەیەی خوارەوە [١]:

١-بۆ نێرو مێ : وەك لەو نموونانەدا دەردەكەوێ كە پێشتر خستمانە ڕوو.

٢-بۆ خۆیەتی : یێ من هەسپێ من

یا تە مەهینا تە

٣-ئەركی ناسیاریش دەبینن وەك :

١- من گایێ ڕەش كڕی.

٢- تە چێلا قەلەو كڕی.

٤-ئەركی خستنە سەریش دەبینن. وەك :

١- دارێ كنێرێ بهێن دارە.

١- شارێ هەڤلێرێ شارەكێ دیروكیە.

١- شورەشا كوردی شورەشەكا سەرانسەرییە.

٥-هەندێ جار لە ڕستەی ئاڵۆزدا، لە شوێنی جێناوە جوداكانی كۆمەڵەی دووەمیش بەكاردێن. وەك :

١- ئەو بوو، یێ شیر كڕی.

٢- ئەو بوو، یا شیر كڕی.

٦-لە هەندێ حاڵەتدا دەتوانن شوێن ناوی (مشار الیە)ش بگرن وەك :

١- ئەو كوڕێ هە. ◄—— ئەوێ هە

٢- ئەو كچا هە. ◄—— ئەوا هە

---

[١] ئەركەكانی ئەم مۆرفیمانەمان بە دەستكارییەوە لە [١٨ : ٢٥-٢٧] وەرگرتووە.

بۆ ئەوەی مۆرفیمەکانی نێرو مێ ئەو ئەرکانە ببینن ، مەرج و دۆخی تایبەتی هەیە کەتیایدا دەردەکەون . هەوڵ دەدەین لە بەشەکانی داهاتوودا بە پێی پێویستی باسەکە بابەتەکە زیاتر ڕوون بکەینەوە.جگە لەو مۆرفیمانەی کە لەمەوبەر نیشانماندا، مۆرفیمی تریش هەن، سەرەڕای ئەرکی سەرەکی خۆیان، ئەرکی (نێرو مێ) یش دەبینن لە ڕستەدا. وەك :

– ی : بۆ تاکی نێر . نموونە : کوڕی سێڤ خوار.

– ێ : بۆ تاکی مێ . نموونە : کچێ سێڤ خوار.

[١٨ : ٢٧].

لە دۆخی بانگکردندا، مۆرفیمەکان دیسان گۆڕانیان بەسەردا دێت و دەبنە :

– ۆ : بۆ تاکی نێر. نموونە : کوڕۆ تەهاژ خو بیت.

– ێ : بۆ تاکی مێ. نموونە : کچێ خو ب سەرو بەرکە.

[٢٢ : ١٧١].

کەواتە لە دیالێکتی (ك.ژ)دا، تاکە مۆرفیمێکی ڕێزمانی، چەند ئەرکێکی ڕێزمانی دەبینێت. بە واتایەکی تر ئەرکی چەند مۆرفیمێکی ڕێزمانی لە تاکە مۆرفیمێکدا کۆ دەبێتەوە. بۆیە دەکرێت بەو جۆرە زمانە، یان شێوەزارە بوترێت ((زمانە گەردانییەکان – Inflectional languages)) بەڵام دەبێ سەرنجی ئەوە بدەین، کە پێچەوانەی ئەمەش لەم دیالێکتەدا لە ئارادایە، بەوەی کە تاکە ئەرکێکی ڕێزمانی بە چەند مۆرفیمێکی ڕێزمانی جێ بەجێ دەکرێت. بۆ نموونە مۆرفیمەکانی نێرو مێ، یان ناسیاری و کۆ، بەپێی دۆخی ناوەکەو جۆری کارەکە گۆڕانیان بەسەردا دێت. بێگومان ئەمانەش جۆرە گیروگرفتێك بۆ لێکۆڵەری ڕێزمانی ئەو دیالێکتە پەیدا دەکەن، بە تایبەتیش لەکاتی ناسینەوەی مۆرفیمە ڕێزمانییەکاندا. بۆ چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتەش، ئێمە پشت بە سەرچاوە ڕێزمانییەکانی ئەم دیالێکتە دەبەستین و ناوە ناوەش، سوود لە ڕستەی قسەپێکەرانی زارۆچکەکە وەردەگرین.

## ٢-١-٢مۆرفیمی ناسیاری

لە (ك.ژ)دا مۆرفیمێکی تایبەت بە ناسیاری لە ئارادا نیە، کە دەقاودەق بەرامبەر (ەکە)ی ناسیاری بوەستێت لە (ك.خ)دا. هەرچەندە ڕێزمانەوانەکانی زمانی کوردی، سەبارەت بە دیاردەی ناسیاری لە (ك.ژ)دا، بیروڕای جیاوازیان هەیەو، وا لە خوارەوە بۆچوونی هەندێکیان لەم بارەوە دەخەینە ڕوو :

١-صادق بهاءالدین (ی) بۆ نێرو (ێ) بۆ مێ لـە (ك.ژ)دا بەرامبـەر (ەكـە)ی ناسیاری لـە (ك.خ)دا ڕادەگرێت. بۆ ئەم مەبەستەش ئەم نموونانەی خوارەوەی هێناوەتەوە :

| ك.ژ | ك.خ |
| --- | --- |
| كوڕی | كوڕەكە |
| كچێ | كچەكە |

[٢٢ : ١٩٩].

بەڵام ئەوەی ڕوون نەكردۆتەوە كەوا لە چ كاتێكدا ئەم مۆرفیمانە ئەركی ناسیاری دەبینن.

٢-پ.پ.كوردۆیێڤ ئاوەڵناوی نیشانە بە مۆرفیمی ناسیاریِ دادەنـێ و باسـی جیـاوازی ئەم جۆرە ناساندنەو، ناساندن بەهۆی (ەكە)ەوە دەكات. بەڵام بەشـێوەیەكی ئـاڵۆز باسـی هـەندێ حاڵەتی تری ناسیاری لە (ك.ژ)دا دەكات [٢٤ : ٦٤].

٣-د.جەمال نەبەز (ك) لە (ك.ژ)دا، بە كورتكراوەو پاشماوەی (ەكە)ی (ك.خ) دەزانێ. ئەم نموونانەی خوارەوەشی بە بەڵگە هێناوەتەوە :

| ك.ژ | ك.خ |
| --- | --- |
| مێرك | مێركە |
| ژنك | ژنەكە |

[٢٠ : ١٠٥].

بەڵام بەلای ئێمەوە بۆچوونەكەی د. جەمال نەبەز زانستی نیە، چونكە (ك) ەكەی سەر ئەم وشانە بەشێكە لە وشەكەو هیچ پەیوەندییەكی بە ناسیارییەوە نیـە. بەڵگەیـەكی زانسـتی تـر بـۆ ڕەتكردنەوەی ڕایەكەی د.جەمال نەبەز ئەوەیە، كە ناوەكـان بـەو فۆرمـەوەش دەتوانـن مۆرفیمـی (ەك) ی نەناسیاری وەربگرن. وەك : مێركەك،ژنكەك. بەڵام ناكرێ كە ناوێك ناسراو بێت و لە هەمان كاتیشدا بەهۆی مۆرفیمەوە بیكەین بە نەناسراو. لە شوێنێكی تـردا نووسـیوویەتی (ی-ا) دۆخی كارایی دەوری ئامرازی ناسیاری دەگێڕێ و ئەم نموونەی خوارەوەی بەبەڵگە هێناوەتەوە.

پیاوی پیاوی دەخوا [ه.س : ٣٣].

لێرەدا ئەگەر بۆچوونەكەشـی ڕاسـت بێـت نموونەكـە لـە دوو ڕووەوە هەڵەیـەو دەبـێ بـەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

پیاو پیاوی دخوە(ت).

٤-محمد طاهر گوهەرزی هەروەك صادق بهاءالدین (ی) بۆ نێرو (ێ) بە مۆرفیمی ناسیاری دەزانێ ، بەڵام بەشێوەیەکی ئاڵۆزو دژ بەیەك باس لە چۆنیەتی بەکارهێنانیان دەکات [٢٧ : ٣٨].

٥-فیصل مصطفی حاجی، باس لەیەك جۆرە ناسیاری دەکات ، ئەویش بەهۆی ئاوەڵناوی نیشانەوەیە [٢٣ : ٩].

بۆچوونی ئێمەش سەبارەت بە مۆرفیمی ناسیاری لە (ك.ژ)دا بەم شێوەیەی خوارەوەیە :

لە (ك.ژ)دا دوو جۆرە ناساندن هەیە، یەکێکیان بەهۆی ئاوەڵناوی نیشانەوەیە، کە ئەرکی ناسیاری دەبینێ. وەك :

١- ئەڤ کورە هات.

٢- ئەو کوڕ هات.

٣- ئەڤی کوڕی نان خوار.

جۆری دووەمیان بەهۆی مۆرفیمی تری وەك (نێرومێ و کۆ)وە دەبێت. وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

١- کوڕی نان خوار.

٢- کچێ نان خوار.

٣- ژنکان جل شیشتن.

٤- کوڕێن مە زیرەکن.

٥- من چێلا قەڵەو کڕی.

٦- ژنك جلکان دشون.

لە ڕستەکانی سەرەوەدا مۆرفیمەکانی (ی، ێ، ان، ێن) سەرەڕای ئەرکی سەرەکی خۆیان ئەرکی ناسیاریشیان بینیووە.

کەواتە ناسیاری ، لە هەردوو حاڵەتەکەدا بەهۆی مۆرفیمی ترەوە ئەنجام دەدرێت و مۆرفیمێکی ئاشکراو دیاریکراو نیە کە ئەرکی سەرەکی ئەو جۆرە ناسیارییە بێت کە ئێمە مەبەستمانە، وەك (ەکە)ی ناسیاری لە (ك.خ)دا. چونکە ناسیاری لەم دیالێکتەدا هەر جارەی بەهۆی مۆرفیمێکەو، هەندێ جاریش هەمان مۆرفیم ئەرکی ناسیاری نابینن و ئەرکی تر لە ڕستەدا دەبینن. وەك :

١- کوڕەکێ زیرەك هات.

٢- کچەکا زیرەك هات.

٣- ئەز مەهینەکێ دکرم.

٤- من چێلەکا سپی فرۆت.

لە ڕستەکانی سەرەوەدا هەمان مۆرفیمی (ێ، ی، ا) ئەرکی ناسیاریيان نەبینیووە.لەبەر ئەوەی دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی ئەم مۆرفیمانە بەندە بە جۆری کارو دۆخی ناوەوە، کەواتە هەموو ناوێك لە ڕستەدا ناسراوە، ئەگەر مۆرفیمی (ەك)ی نەناسراوی نەچووبێتە سەر. واتە هەتا لەو حاڵەتانەی کە ناوەکە هیچ مۆرفیمێکی ڕێزمانی نەچۆتە سەر چەمکی ناسیاری تێدایە[1]. وەك :

١- کوڕ / کچ هات.

٢- کوڕ سویار بوون ل هەسپان.

٣- کوڕ / کچ سێڤان دخون. [٤٦ : ٣٦].

جێی سەرنجە کە ئەمجۆرە بەکارهێنانە لە کرمانجی خوارووودا نیەو ئەگەر هەشبێت کەمەو ناوەکە چەمکی ناسیاری تێدا نابێت.

## ٢-١-٣مۆرفیمی کۆ

بیروڕای ڕێزمانەوانەکان لەمەڕ مۆرفیمی کۆی ناویش لەم دیالێکتەدا زۆرەو ناکرێ هەر هەموویان لێرەدا بخەینە ڕوو. لە (ك.ژ)دا دوو جۆرە مۆرفیمی کۆی ناو هەیە[2] :

١-مۆرفیمی سەرەکی کۆی ناو لەم دیالێکتەدا (ان)ە [٢٢ : ١٨٥]. بە مەرجێ ناوەکە لە دۆخی خستنە سەردا نەبێت. ئەم مۆرفیمەش بەبێ جیاوازی بۆ ناوی نێرو مێ بەکاردێت. کەواتە ئەگەر بمانەوێ ناوێکی تاك بکەین بە کۆ، ئەوا مۆرفیمی (ان)ی دەخەینە سەرو، بەمەش ناوەکە دەبێتە کۆ، ئەمە ئەگەر ناوەکە کۆتایی بە دەنگێکی نەبزوێن هاتبێت. وەك :

کوڕ + ان ـــــ کوڕان

کچ + ان ـــــ کچان

مال + ان ـــــ مالان

---

[1] کەواتە ناو لە (ك.ژ)دا، تەنها لەو حاڵەتەدا نەناسیار دەبێت، کە مۆرفیمی نەناسیاری (ەك)ی پێوە لکا بێت.

[2] هەندێ جاریش بەهۆی وشەیەکی چەندێتی وەك (رەف، ران، بر، کەر، دوو، پێنج ...هتد) کە دەکەوێتە پێش ناوەکەو، ناوەکە واتای کۆ دەدات. [١٨ : ٤٢].

بەڵام ئەگەر ناوەکە کۆتایی بە دەنگێکی بزوێن هاتبوو، ئەوا دەنگە نیمچە بزوێنەکانی وەك (ی-y) و (و-w) دەچێتە نێوان ناوەکەو (ان)ی کۆوە بۆ ئەوەی هێشووە بزوێن دروست نەبێت[١]. وەك :

برا + ی + ان ــــــ برایان

پەرۆ + ی + ان ــــــ پەڕۆیان

زاڤا + ی + ان ــــــ زاڤایان

خانی + ی + ان ــــــ خانییان

جێی سەرنجە، کە ئەمەش نابێتە یاسایەکی ڕەها (مطلق) بۆ ئەو ناوانەی کە لە ڕستەدا، بەمەبەستی کۆ بەکاردێن. چونکە چۆنیەتی پێکهێنانی ناوی کۆ لە ڕستەدا بەندە بە جۆری کارو ئەو ئەرکە ڕێزمانییەی کە ناوەکە لە ڕستەدا دەیبینێت.

١-ئەگەر ناوەکە بکەر بێت و کاری ڕستەکەش تێپەڕ بێت، ئەوا تەنیا لە ڕابردوودا مۆرفیمی (ان)ی کۆی دەچێتە سەر و لە ڕانەبردوو (ئێستاو داهاتوو)دا ناوەکە هیچ مۆرفیمێکی ناچێتە سەرو واتای (کۆ)ش دەدات. سەیری ئەم ڕستانەی خوارەوە بکە :

١- مێران کەڤر برین.

٢- مێر کەڤران دبڕن.

٣- مێر دێ کەڤران بڕن.

٢-ئەگەر ناوەکە لە ئەرکی بکەردا بێت و کاری ڕستەکەش تێنەپەڕ بێت، ئەوا ناوەکە لە هەموو کاتەکاندا هیچ مۆرفیمێکی تایبەت بە کۆی ناچێتە سەر، هەتا ئەگەر بە مەبەستی (کۆ)ش بەکار هاتبێت. وەك :

مێر چوون.

مێر دچن.

مێر دێ چن.

٣-ئەگەر ناوەکە ئەرکی بەرکاری ڕاستەوخۆی بینیبێت، ئەوا لە ڕابردوودا مۆرفیمی (ان)ی کۆی ناچێتە سەرو واتای (کۆ)یش دەدات. بەڵام لە ڕانەبردوودا (ئێستاو داهاتوو) ناوەکە بەهۆی مۆرفیمی (ان)ەوە دەکرێت بە کۆ. بڕوانە ڕستەکانی(١،٢،٣)ی سەرەوە.

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی کۆی ناو لە کوردی (ك.ژ)دا بڕوانە [٢٢ : ١٨٥-١٩٩]، [١٣ : ١٥٧-١٦٣]، [٤٤ : ٣٦-٣٧].

پرسیارەوە[1] [٢٢ : ٢١١].

بۆ نموونە :

١- ئەز هاتم / دهاتم / دێ هێم.

٢- ئەز هاتبم / نەهاتبم.

٢-دەبنە بکەر لەگەڵ کاری ڕانەبردووی تێپەڕ، ڕانەبردووش لە (ك.ژ)دا دوو جۆرە، ئێستاو داهاتوو. وەك :

ئێستـــا : ١- ئەز نانی دخوم.

داهاتوو : ٢- ئەز دێ نانی خوم.

٣-دەبنە بکەر لەگەڵ هەموو ئەو کارە یاریدەدەرانەی کە وەکو کارێکی تێنەپەڕ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. بۆ نموونە، وەك هەموو جۆرەکـانی کاری بـوون، لـە هـەموو کاتـەکاندا و لـە شێوازی ئەرێ و نەرێ و پرسیارەوە [٢٢ : ٢٠٨]. بۆ نموونە :

١- ئەز ماموستامە.

٢- ئەز دبمە ماموستا.

٣- ئەز بووبووم ماموستا.

٤- ئەز نابم ماموستا.

٤-دەبنە بەرکار لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپـەڕو کـاری ناوێزەی (ڤیـان و هـەبوون).بـۆ ئێستاو داهاتوو بۆ نموونە :

١- وی ئەز گرتم.

٢- وان ئەز ڤیام.

٣- وان ئەز هەمە.

---

ئەو هات : جێناوەکە کەسی سێیەمی تاکە.

ئەو هاتن : جێناوەکە کەسی سێیەمی کۆیە.

[1] لە کاتی گەردان کردنی ئەم کۆمەڵەیەو کۆمەڵەکەی تریش ناکرێ هەر هەموو جێناوەکان لە شێوازی ئەرێ و نەرێ و پرسیارو ڕێژەی کاردوە (ئیخباری و ئیلزامی و...هتد) بەکاربێنین. بەڵکو تەنها جێناوێك لە کۆمەڵەکە وەردەگرین و لەچەند نموونەیەکدا نیشانی دەدەین.

زانکۆی سە... پەروەردە ... کوردی

٥-ئەو ناوانەی کە لە بری ئەم کۆمەڵەیە بەکار دێن، ناکەونە دۆخەوە. واتە هیچ مۆرفیمێکی نێرو مێیان ناچێتە سەر [٤١ : ١٥]. وەك :

١-ئازاد هات بۆ مالێ.

٢- نەسرین چوو بۆ گوندی.

٣- کوڕ نامێ دنڤیسیت.

کچ دێ نامێ نڤیسیت.

٦-ئەم کۆمەڵەیە لەگەڵ زۆرترینی کار بەکاردێنرێن. ئەمەش هۆیەکە لەوانەی، کەوا قەناتی کوردۆ بە "جیناڤێت دێما راست" ناویان دەبات [٢٢ : ٢٠٦]. بە واتایەکی تر، ئەگەر بگەڕێین بۆ پانتایی کارەکان زۆربەی شوێنی بکەر لە لایەن ئەم کۆمەڵەیەوە پڕ دەکرێتەوە.

٧-ئەم کۆمەڵەیە کە دەبنە بکەر، جێناوێکی لکاوی سەر بەهەمان کەس و ژمارەی بکەرەکە دەبەخشن بە کارەکە. واتە ڕێککەوتنەکە لە نێوان (بکەر و کار)دا دەبێت. وەك :

١- ئەز چووم.

٢- تو چووی.

٣- ئەو چوو.

٤- ئەم چووین.

٥- هووین چوون.

٦- ئەو چوون.

## ٢-٢-١-٢ کۆمەڵەی دووەمی جێناوە جوداکان

کۆمەڵەی دووەمی جێناوە جوداکانیش بەپێی کەس و ژمارەو، بە نموونەوە لە خشتەیەکی تری وەك ئەمەی خوارەوە نیشان دەدەین :

| جێناوەکان | کەس | ژمارە | رستە |
|---|---|---|---|
| من | یەکەم | تاك | من تو گرتی. |
| تە | دووەم | تاك | تە ئەز گرتم. |
| وی – وێ[١] | سێیەم | تاك | وی / وێ ئەو گرت. |
| مە | یەکەم | کۆ | مە ئەو گرتن. |
| وە | دووەم | کۆ | وە ئەم گرتین. |
| وان | سێیەم | کۆ | وان ئەز گرتم. |

[١] لەم کۆمەڵەیەدا دوو جێناوی کەسی جودا هەیە بۆ کەسی سێیەمی تاك، وی : بۆ نێرو، وێ : بۆ مێ.

ئەم کۆمەڵەیەش خاوەنی کۆمەڵێك خاسیەت و بەکارهێنانی وەك ئەمانەی خوارەوەن :

١-دەبنە بکەر لەگەڵ هەموو کارێکی ڕابردووی تێپەڕ، بۆ هەموو دەمکاتەکان بە ئەرێ و نەرێ و پرسیارەوە [٢٢ : ٢١٩]. وەك :

١- من مال مالشت.

٢- من مال مالشتبو.

٣- من مال مالشتیە.

٤- من مال دمالشت.

٢-دەبنە بکەر لەگەڵ هەردوو کاری (ڤیان) و (هەبوون). ئەم دوو کارەش لەوەدا ناوێزەن، کە وەکو کارێکی تێپەڕ لە ڕانەبردووشدا هەر لەگەڵ ئەم کۆمەڵەیەدا بەکاردێن ئەمەش لادانە لە یاسا چونکە ڕانەبردووی تێپەڕ لەگەڵ کۆمەڵەی یەکەمی جێناوە جوداکان بەکاردێت [٧٨ : ١٦]. سەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بکە :

١- من دوو دەفتەر ڤیان.

٢- من دوو دەفتەر دڤێتن.

٣- من دوو دەفتەر دێ ڤێتن.

٤- من دوو دەفتەر هەن (هەنە).

٥-من دوو دەفتەر هەبوون.

٦- من دوو دەفتەر دێ هەبن.

٣-دەبنە بەرکار لەگەڵ کاری ڕانەبردووی تێپەڕ بۆ ئێستاو داهاتوو. وەك :

ئێستا : ١-ئەز وی دگرم.

٢- ئەز وێ دگرم.

داهاتوو : ١- ئەز دێ وی گرم.

٢- ئەز دێ وێ گرم.

٣- ئەز دێ تە گرم.

٤-خاسیەتێکی تری ناوێزەی ئەم کۆمەڵە جێناوەش ئەوەیە، کاتێ دەبنە بکەر لە ڕستەدا، هەندێ جار جێناوێکی لکاوی سەر بەهەمان کەس و ژمارەی بەرکار، بەکارەکە دەبەخشن. وەك:

١- وی ئەز گرتم.

٢- من تو گرتی.

٣-مە ئەو گرتن.

هەندێ جاریش کارەکە هیچ جێناوێکی لکاوی ناچێتە سەر. وەك :

١- من نان خوار.

٢- تو نان خوار.

٣- مە نان خوار.

هەر چەندە دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی جێناوی لکاو لەگەڵ ئەم کۆمەڵە جێناوە جودایەدا، تا ڕاددەیەك چارەسەر کراوە. بۆ نموونە بە بیروڕای هەندێ ڕێزمان نووس جێناوی لکاو تەنها لە دوو حاڵەتدا دەردەکەوێت [٤٦-١٩-٢٠].

١-ئەگەر بەرکارەکە کۆ بێت. وەك :

١-من دوو تشت دان.

٢-من تشتەك دا.

لە ڕستەی یەکەمدا بەرکارەکە کۆیەو جێناوی لکاو دەرکەوتووە. بەڵام لە ڕستەی دووەمدا بەرکارە کە تاکەو جێناوی لکاو دەرنەکەوتووە.

٢-ئەگەر بەرکارەکە جێناوێکی جودای کۆمەڵەی یەکەم بێت :

١- وی ئەز گرتم.

٢- من تو گرتی.

٣- وی ئەو گرت (گرتە) [1]

بەڵام بە بۆچوونی ئێمە دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی جێناوی لکاو لەگەڵ ئەم کۆمەڵە جێناوەدا، بەتایبەتیش سەبارەت بە خاڵی یەکەم هێشتا پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە. سەیری ئەم دوو ڕستەیەی خوارەوە بکە :

١- دوو هەسپا ئاڤ ڤەخوار.

٢- دوو هەسپا ئاڤ ڤە خوارن.

---

[1] بەپێی هەمان سەرچاوە جێناوی لکاو لە کەسی سێیەمی تاکیشدا هەر دەبێ دەرکەوێت.

جێی سەرنجە کە لە (ك.ژ)دا هەردوو ڕستەکە لە نووسین و ئاخاوتندا بەبێ جیاوازی بەکاردێت.

٥-بۆ خۆیەتیش هەر جێناوەکانی ئەم کۆمەڵەیە بەکاردێن [١٨ : ٦٩].

١- من نانێ تە خوار.

٢- کچا من زیرەکە.

٣- سەیدایێن وان دلۆڤانن.

٤- پەرتوکێن مە پڕ سپەهێنە.

٦-لەگەڵ ئامرازە پەیوەندییەکانیش، هەر دەبێ جێناوە جوداکانی ئەم کۆمەڵەیە بەکاربێن. واتە بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە ڕستەدا هەر دەبێ بەهۆی ئامرازێکی پەیوەندی و جێناوێکی ئەم کۆمەڵەیەوە دروست ببێت، یا ناوێك کە هەمان خاسیەتی ئەم کۆمەڵەیەی هەبێت [٤٦ : ٤٨].

١- وی ژمن رە گۆت.

٢- ئەم هاتین بۆ مالێ.

٣- ئەو ب من ڤە هات.

٧-ئەو ناوانەی کە لە بری ئەم کۆمەڵە جێناوە جودایە بەکار دێن، دەکەونە دۆخەوە. واتە مۆرفیمی نێرو مێیان دەچێتە سەر. وەك :

(ی) بۆ نێرو (ێ) بۆ مێ. سەیری ئەم ڕستانەی خوارەوە بکە :

١- وی نان خوار. ⟵ کوڕی نان خوار.

٢- وێ چێل دۆت. ⟵ شرینێ چێل دۆت.

[٤١ : ١٧].

بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر بکەر لە کۆمەڵەی یەکەمی جێناوە جوداکان بوو، ئەوا بەرکار لە کۆمەڵەی دووەمدا دەبێت، یان بە پێچەوانەوە. بۆ نموونە :

تە ئەز دیتم ل سەربانی.

ئەز تە دبینم ل سەربانی.

## ٢-٢-٢جێناوی کەسیی لکاو

بوونی دوو کۆمەڵە جێناوی لکاو و یەك کۆمەڵە جێناوی جودا لە (ك.خ)دا، بەرامبەر دوو کۆمەڵە جێناوی جوداو یەك کۆمەڵە جێناوی لکاو لە (ك.ژ)دا، بۆتە هۆی جۆرە کێشەو گیروگرفتێك لەنێوان ڕێزمانەوانانی زمانی کوردی هەردوو دیالێکتەکەدا سەبارەت بە دیاریکردنی جێناوە لکاوەکان . وا لە خوارەوە بیروڕای هەندێکیان لەم بارەیەوە دەخەینە ڕوو.

١-ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی دان بە جێناوی لکاو لە (ك.ژ)دا نانێت ، ئەوانەی کە هەن بە پاشگری کاریان لە قەڵەم دەدات و ئەم چوار پاشگرە کارییەشی دیاریکردووە. ((م، ی، ە، ن)) [٢٨ : ٤٤].

٢-د.ئەورەحمانی حاجی مارف سێ کێشە دەربارەی جێناوی لکاو لە (ك.ژ)دا دەخاتە ڕوو. کورتەی ڕایەکانی ئەوەیە، کە دوو دەستە جێناوی لکاو هەن، دەستەیەکیان دەرناکەون و دەستەی دووەمیش بریتین لە ((م، ی، . ، ە، ن)). سەبارەت بە مۆرفیمی (ێ)یش دەڵێ : ((نزیکەی هەمووان لەو ڕایەدان کە لە دیالێکتی (ك.ژ)دا تەنیا (ێ) جێناوی لکاوە)) [١٤ : ١٥٩-١٦٠].

٣-(فیصل مصطفى حاجی) یش دوو دەستە جێناوی لکاو لە (ك.ژ)دا دیاری دەکات، دەستەی یەکەم بریتین لە ((م، ی، . ، ین، ن، ن)). ئەمانە لەگەڵ کاری ڕابردووی تێنەپەڕدا دەردەکەون. وەك نموونەکانی بەندی (٧) ل ١٥ .

دەستەی دووەمیش هەمان جێناون تەنها کەسی سێیەمی تاك دەگۆڕێت و دەبێت بە (یت). ئەمانەش لەگەڵ کاری ڕانەبردووی تێپەڕ و تێنەپەڕدا، بۆ ئێستاو داهاتوودا بەکاردێن .

١- ئەز دێ دەستێ هەژاری گرم.

٢- تو دێ دەستێ هەژاری گری.

٣- ئەو دێ دەستێ هەژاری گریت.

٤- ئەم دێ دەستێ هەژاری گرین.

٥- هووین دێ دەستێ هەژاری گرن.

٦- ئەو دێ دەستێ هەژاری گرن.

بۆچوونی ئێمەش دەربارەی جێناوی لکاو لە (ك.ژ)دا تا ڕاددەیەك لە ڕاکانی فیصل مصطفى حاجی نزیك دەبێتەوەو بەم شێوەیەی خوارەوەیە :

لە (ك.ژ)دا یەك كۆمەڵە جێناوی لكاو هەیە و بریتین لەم جێناوانەی خوارەوە :

(م ، ی ، Ø ــ ـە (یت،ەت)، ین ، ن ، ن).

ئەوەی تێبینی دەكرێ ئەوەیە، كە كەسی سێیەمی تاك لەگەڵ هەندێ جۆری كاردا شێوەی دەگۆڕێت.بە واتایەكی تر، جێناوی لكاوی كەسی سێیەمی تاك وەكو مۆرفیمێك بە پێی جۆری كار بەهۆی چوار جۆرە مۆرفەوە دەنوێنرێت، كە هەندێ جار لە دابەشبوونێكی تەواوكارانەدان لەگەڵ یەكتردا سەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بكە:

١- ئەو چوو.

*٢- ئەو چووەت.

*٣- ئەو چوویت.

هەندێ جاریش لە دابەشبوونێكی یەكسان دان لەگەڵ یەكتردا سەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بكە :

١- ئەو دچە.

٢- ئەو دخوە (ت) .

٣- ئەو دچیت.

بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە كە دوو دەستە جێناوی لكاو لە (ك.ژ)دا هەیە. ئەو كۆمەڵە جێناوەش تەنها لەگەڵ كۆمەڵەی یەكەمی جێناوە جوداكاندا دەردەكەون بۆ ڕێككەوتنی نێوان (بكەرو كار). بڕوانە ڕستەكانی (١-٦) بەندی (٧) ل ١٥ .

هەتا لەو حاڵەتانەی كە لەگەڵ كۆمەڵەی دووەمی جێناوە جوداكانیشدا دەردەكەون، ئەوا هەر بۆ كۆمەڵەی یەكەم دەگەڕێنەوە. بڕوانە ڕستەكانی (١ -٣ ) بەندی (٤ ) ل١٦-١٧ .

یا لە ڕستەیەكی ئاڵۆزی وەك :

من ڤیا دەفتەرەكێ بكرم.

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا دەبینین جێناوێكی لكاو لەسەر كاری دووەمی ڕستەكە دەركەوتووەو بەسەرنجدانێكی سەر پێیی وا بەبیردا دێت، كە جێناوەكە بۆ ڕێككەوتنی نێوان جێناوی جودای (من) و كاری (بكرم)ە. بەڵام جێناوە لكاوەكە بۆ جێناوی جودای (ئەز) دەگەڕێتەوە كە لە ڕستەكەدا لابراوە.واتە ڕستەكە لە بنچینەدا بەم شێوەیەی خوارەوە بووە.

من ڤیا، ئەز دەفتەرەكێ بكرم.

سەبارەت بە مۆرفیمی (ێ)ش، ڕاستە هەندێ جار لە شێوەی جێناوێکی لکاو بە کۆتایی کارەوە دەلکێت، وەك ئەوەی کە لە بری ناوێکدا بەکار هاتبێت. سەیری ئەم ڕستانەی خوارەوە بکە :

١- من گوتە ڕزگاری وەرە ⟵ من گوتێ وەرە.

٢- من سینەم دیت و من سلاف کرێ.

بەڵام بە بۆچوونی ئێمە ئەم (ێ)یە جێناوی لکاو نیە.چونکە لە لایێك بۆ تاك و کۆ بەکار دێت [1]. وەك :

بۆ تاك : ٣ – من گوتێ وەرە.

بۆ کۆ : ٤ – من گوتێ وەرن.

لە لاییکی تر لە ئامرازی پەیوەندی نزیك دەبێتەوەو دەبێتە بەشێك لە کارەکە، واتە خاسیەتی کار دەمژێت. وەك :

من سلاف کرێ. ⟵ من سلاف لێکر.

بۆچوونەکەی ئێمەش سەبارەت بە (ێ) هێشتا ناتوانێ بەشێوەیەکی وردو زانستی شوێنی خۆی بگرێت، بۆیە ئەمەش خاڵێکی ترە کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زانستی زیاتر هەیە.

## ٢-٢-٣ئاوەڵناوی نیشانە

ئەوانەی کە ئێمە لێرەدا بە ئاوەڵناوی نیشانەیان دادەنێین لە زۆربەی سەرچاوە ڕێزمانییەکاندا بە جێناوی نیشانە دانراون [2] بەڵام تاکە سەرچاوەیێك هەر لە سەرەتاوە بە ئاوەڵناوی نیشانەی داناون [3]. بە بۆچوونی ئێمەش جیاوازی لە نێوان ئاوەڵناوی نیشانەو جێناوی نیشانە لە فۆرمەکانیاندا نیە، بەڵکو لە کاتی بەکارهێنانیان لە ڕستەدا لە یەکتر جیا دەبنەوە. بۆ نموونە :

١-ئەڤە کورە.

٢-ئەڤ کورە هات.

---

[1] هەرچەندە محمد گاهر گوهەرزی لەم حاڵەتانەدا جیاوازی کردووە لەنێوان تاك و کۆدا. بەم شێوەیەی خوارەوە :

بۆ تاك : من گوتێ وەرە.

بۆ کۆ : من گوتێ وەرن.

بەڵام کە لە خەڵکی ناوچەکەمان پرسیوە، وایان دەربڕیوە کە بۆ (کۆ)ش هەر دەوترێ : من گوتێ وەرن.

[2] بڕوانە [٢٢ : ٢٣٧]، [١٤ : ٢٤٥].

[3] بڕوانە [٤٤ :٥٢].

لە ڕستەی یەکەمدا (ئەڤە) جێناوی نیشانەیەو لە ڕستەی دووەمیشدا (ئەڤ .. ە) ئاوەڵناوی نیشانەیە. کەواتە لێك ترازان و پچڕانی ئەو پاشگرەی کە بە کۆتایی جێناوەکەوەیەو هاتنی ناوێك بۆ نێوانیان دەکەینە بنەمای جیاکردنەوەیان لە یەکتری. بە کورتی ئەگەر وەسفی ناوێك بکات ئەوا ئاوەڵناوی نیشانەیە، ئەگەر بە تەنها ئەرکی بەشێکی ڕستە بگێرێت ئەوا جێناوی نیشانەیە. بەڵام دەبێ تێبینی ئەوەش بکەین، کە لە (ك.ژ)دا زۆرجار ئاوەڵناوی نیشانەش هیچ پاشگرێکی لەگەڵدا بەکار نایەت کە بچێتە سەر ناوەکە. وەك :

١- ئەڤ کوڕ هات.

٢- ئەو کوڕ هاتن.

یا هەندێ جار ئاوەڵناوەکەو ناوەکە پاشگرێکی مۆرفۆسینتاکیان دەچێتە سەر[1]. وەك :

١- ئەڤان کوتران ئاڤ ڤەخوار.

٢- ئەڤی پالەی دار چاند.

٣- ئەڤێ ژنێ بزن دۆت.

بەهەر حاڵ ئاوەڵناوی نیشانە لە (ك.ژ)دا بەپێی جۆری کار (لە ڕووی کات و هێز)ەوەو جنس و ژمارەو دوورو نزیکی ناوە نیشاندراوەکەوە، پۆل کراوەتەوە سەر ئەم دوو جۆرەی خوارەوە[2]:

جۆری یەکەم :

ئەڤ - ئەڤە : بۆ تاکی نێرو مێی نزیك.

ئەو : بۆ تاکی نێر و مێی دوور.

ئەمجۆرەش لەگەڵ کاری بوون و تێنەپەڕ لە هەموو کاتەکانداو لەگەڵ کاری تێپەڕ لە ئێستاو ئایندە (داهاتوو)دا بەکاردێت. وەك :

١-ئەڤ هەسپە شهی / دێ شهیت.

٢- ئەڤ ماهینە شهی / دێ شهیت.

٣- ئەڤ کورە پسمامێ منە.

٤-ئەو کوڕ کەنی / دێ کەنیت.

٥- ئەو کچ کەنی / دێ کەنیت.

---

[1] مۆرفۆسینتاکس، واتە لەشێوەی مۆرفیمێکی بەند دایەو ئەرکێکی ڕستە سازیش دەبینێت.

[2] ئەم پۆل کردنەی ئاوەڵناوی نیشانە بە دەسکارییەوە لە[٢٢ : ٢٣٧-٢٤٠]ەوە وەرگیراوە.

٦- ئەو کچ دۆتماما منە.

بۆچوونەکەی صادق بهاءالدین تەواو ڕوون نیە، کـە دەڵێ ئـەو دوو ئاوەڵـناوە نیشـانەیە، تەنها بۆ ناوی تاکی نێرو مێی نزیك و دوور بەکاردێت، چونکە نازانرێ ئایا مەبەستی ئەوەیە کـە ناوەکان هیچ مۆرفیمێکی کۆیان ناچێتە سەر، یا مەبەستی ئەوەیە کە ناوەکان هەردەبێ بە واتـای تاك لە ڕستەدا بەکار هاتبن ، چونکە ئەو دوو ئاوەڵـناوە لەگـەڵ ئـەو ناوانەشـدا بـەکاردێن کـە بـە مەبەستی کۆ لە ڕستەدا بەکاردێن ، بۆ نێرو مێی نزیك و دوور. سەیری ئەم نموونانـەی خـوارەوە بکە :

١- ئەو کوڕ هاتن.

٢- ئەو کچ هاتن.

٣- ئەڤ کوڕ هاتن.

٤- ئەڤ کچ هاتن.

لەبەر ئەوەی پێشتر ئەوەمان ڕوون کردەوە، کـە نـاو ، لەگـەڵ هـەندێ جۆری کـاردا، بـە مەبەستی کۆ بەکاردێت لە ڕستەدا بۆ نێر و مێ، بێ ئەوەی ناوەکان هیچ مۆرفیمێکی تایبـەت بـە کۆیان بچێتە سەر. بەڵکو بەهۆی نیشانەیەك (قرینە)یەکەوە کە لە ڕستەکەدا هەیـە (بۆ نموونـە بـەهـۆی ئـەو جێنـاوە لکـاوەوە کـــە دەچێتـە سـەر کارەکـە) دەزانرێـت کـە ناوەکـە بـە چ مـەبـەستێك بەکـارهـاتـووە. بـەڵگـەیـەکـی زانستـی تـر، ئەوەیە، کە ئەم ئاوەڵناوانە هـەر لە بنچینـەدا، لـە جێنـاوە کـەسیيە جوداکانەوە وەرگیراون و هەمان خاسیەتی ئەوانیشیان هەیە [٤٦ : ٣٢].

جۆری دووەم :

ڤی - ئەڤی [١] : بۆ تاکی نێری نزیك .

ڤێ - ئەڤێ : بۆ تاکی مێی نزیك.

وی - ئەوی : بۆ تاکی نێری دوور.

وێ - ئەوێ : بۆ تاکی مێی دوور.

ڤان - ئەڤان : بۆ کۆی نێرو مێی نزیك.

وان - ئەوان : بۆ کۆی نێرو مێی دوور.

ئەم کۆمەڵەیەش لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕو فەرماندا بەکار دێن [٢٢ : ٢٣٨]. ئەو ناوەی کە لەگەڵ ئەم کۆمەڵە ئاوەڵناوە بەکاردێت مۆرفیمی (ی) بۆ نێرو (ێ) بۆ مێو (ان) یان تەنیا (ا)ی بۆ کۆ دەچێتە سەر، بەمەرجێ ناوەکە لە دۆخی خستنە سەردا نەبێت. سەیری ئەم ڕستانەی خوارەوە بکە :

١- ڤی کوڕی فراڤین دخوار.

٢- ڤێ بێریڤانێ چێل دۆت.

٣- وی نزبەی باش بکۆلە.

٤- وێ چێلێ شیر ڕێت.

٥- ڤان جوتیاران ئەرد کێلا.

٦- وان مامۆستایان وانە دان.

## ٢-٢-٤ بکەر نادیار

چۆنیەتی دارشتنی ڕێژەی کاری بکەر نادیاریش ، یەکێکە لە تایبەتییە گرنگەکانی ڕێزمانی ئەو دیالێکتەو تا ڕاددەیەکیش (ک.ژ) لە خواروو لە ڕووی تایبەتیی ڕێزمانییەوە، جیا دەکاتەوە. بۆ گۆڕینی ڕستەیەکی بکەر دیار بۆ ڕستەیەکی بکەر نادیار ئەم هەنگاوانەی خوارەوە دەگرینە بەر:

١-بکەری ڕستەکەو ئەو کەرەسانەی کە بۆ بکەرەکە دەگەڕێنەوە لە ڕستەکەدا لادەبەین و بەرکارەکەش دەخەینە شوێنی بکەرەکە، بەڵام بێ ئەوەی چەمکی بەرکاری خۆی لە دەست بدات [٨ : ١١٣].

٢-کاری یاریدەدەری (هات) [2] بە پێی کات و ڕێژەی کارەکە دەخەینە پێش کارە سەرەکییەکەو کارەکە سەرەکییەکەش دەکەینەوە چاوگ [هـ.س : ١١٣].

٣-جێناوێکی لکاوی سەر بەهەمان کەس و ژمارەی بەرکارەکە [3]، بەکارە یاریدەدەرەکەوە دەلکێنین و دەتوانرێت (ـە)یەکی بزوێنیش بە جێناوە لکاوەکەوە بلکێندرێت، یان پێیەوە

---

[1] ئەو دەنگە بزوێنەی (ئە) کە دەکەوێتە پێش ئاوەڵناوەکانەوە، لەگەڵ ئەمجۆرە ئاوەڵناوە نیشانانەدا دەتوانرێت بەکاربهێنرێت، یا بەکارنەهێنرێت. هەرچەندە بەپێی هەندێ بیرورِا ئەگەر ئاوەڵناوەکان کەوتنە سەرەتای ڕستەوە دەبێ بەکاربهێنرێن. بەڵام ئێمە بۆ ئاسانی نووسین و گۆ کردن لە بەشەکانی داهاتوودا بەکاریان ناهێنین.

[2] لێرەدا وەکو کارێکی یاریدەدەر مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، ئەگینا ئەم کارە خۆی کارێکی تەواوە.

[3] ئەگەر بەرکارەکە یەکێك بوو لە جێناوە جوداکانی کۆمەڵەی دووەم، ئەوا کاتێ کە دەکرێتەوە بکەر، دەبێ بە پێی هەمان کەس و ژمارە ببێتەوە یەکێك لە جێناوە جوداکانی کۆمەڵەی یەکەم. وەك :

ئەز تە دبینم. - بکەردیار.

تو دهێی دیتن(ێ). - بکەرنادیار

نەلکێت [٢٧ : ١٤٧]. هەروەها چاوگەکەش بەپێی هەندێ بەچکەزاری (ك.ژ) دەکرێ (ێ)یەکی بزوێنی بچێتە سەر.

٤-دەکرێت بکەرەکەش ، کە بەشێوەیەك لە شێوەکان لە ڕستەکەدا دەرکەوێتەوە. د.فەرەیدون عەبدول ئەمجۆرە بکەر نادیارییە، بە بکەرنادیاری درێژ لە قەڵەم دەدات [٨ : ١١٥]. سەیری ئەم ڕستانەی خوارەوە بکە :

| ڕستەی بکەردیار | گۆڕینی بۆ ڕستەی بکەرنادیار |
|---|---|
| ١-سەرداری دلۆڤان زەواند. | دلۆڤان هاتە زەواندن (ێ). |
| ٢- میهڤانان نان خواربوو. | نان هاتبوو خوارن ژلایێ میهڤانانڤە. |
| ٣- وی ئەز دیتم. | ئەز هاتمە دیتن (ێ). |
| ٤- هووین مە دبینن. | ئەم هاتین دیتن (ێ). |

صادق بهاءالدین باس لە جۆرێکی تری بکەر نادیاریش دەکات کە بەهۆی کاری یاریدەدەری (دا)وە دروست دەبێت.

من دەرس دنڤیسی. ——— من دەرس ددا نڤیسین (ێ).

باثیز عمر احمد ئەمجۆرە بکەرنادیارییە، بە بکەرنادیاری هۆیی لەقەڵەم دەدات [٣ : ٢٧]. بە بۆچوونی ئێمەش ئەمە بکەرنادیار نیە، بەڵکو شێوەیەکی کۆزەتیڤە کە بەهۆی زیادەیەکەوە (پێشگر، یا پاشگر)ەوە دروست دەبێت، کە دەخرێتە پێش یا دوای کارەکەوە.

# ٣ـ فریز

مەرج نیە هەر دانەیەکی زمان کە دەخرێتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی، بتوانرێت بە چەند وشەیەك، یا چەند دێرێك پێناسە بکرێت و بەشێوەیەکی وردو زانستیش سنورو خاسیەتەکانی دانەکە دەست نیشان بکرێت. چونکە زمان دەزگایەکی بەیەکەوە لکاوەو دەبێ وەکو یەکەیەکی گشتی سەیری بکرێت، نەك بەشێوەیەکی جیا جیا. واتە هەر دانەیەك کە سەر بە هەر ئاستێکی زمانەوە بێت (دەنگسازی، ڕێزمان، واتاسازی)، پەیوەندی بە ئاستەکانی ترەوە هەیە. دیاریکردنی سنوری نێوانیشیان کارێکی ئەستەمەو تەنها بە مەبەستی لێکۆڵینەوە تا ڕادەیەك خۆی بە دەستەوە دەدات. لە لایێکی ترەوە هەندێ دانە هەن کە هەر لە سەرەتاوە لە پێناسە نەهاتوون و نایەن. بەڵکو دەبێ لە چەند روانگەیەکەوە لێیان بکۆڵرێتەوەو باسیان لێوە بکرێت.

فرێزیش یەکێکە لەو دانانە کە ئەرك و تایبەتێتی خۆی هەیە و پێویستە لە چەند ڕوانگەیەکەوە لێی بکۆڵرێتەوە یان باسی لێوە بکرێت.

## ٣ـ١ ڕۆنان

بەپێی قوتابخانە ڕێزمانییە نوێیەکان، بەتایبەتیش ڕێزمانی زێنەکی - گەشتەکی (بەرهەم هێنان و گواستنەوە)[1]، کە لە منداڵدانی قوتابخانەی ڕۆنانکاری ئەمریکی و ئەرویی لەدایك بوو [٢٦ : ٨٠]، ڕۆنانی ڕستە کە گەورەترین دانەی ڕستەسازییە، واتە پێکهاتەو نابێتە پێکهێنی دانەیەکی لەخۆی گەورەتر، لەکاتی شیکردنەوەیدا بۆ دانە پێکهێنەکانی یەکەمجار ڕستەکە دابەش دەبێت بۆ ڕۆنانی پێکهێنی ڕاستەوخۆ (Immediate constituents or Ics) بەم پێکهێنە ڕاستەوخۆیانە دەڵێن فرێز. دواتر ئەمانەش دابەش دەبن بۆ ڕۆنانی پێکهێنی ڕاستەوخۆی تر، کە وشەکانن ئەمانەش بۆ مۆرفیم و هەروەها تا دەگەینە قولایی، واتە دواپێکهێن کە چیتر لەمە بچوکتر ناکرێنەوە [٥١ : ٣]. بەڵام ئێمە لە بەشەکانی داهاتوودا لەکاتی شیکردنەوەی ڕستەیەك، یا فرێزێك بۆ پێکهێنە ڕاستەوخۆکانی لە سنوری مۆرفیمدا دەوەستین، بەتایبەتیش ئەو مۆرفیمانەی کە ئەرکێکی ڕستەسازی دەبینن. وەك (نێرو مێ، کۆ، ... هتد). بەڵام لەبەر ئەوەی

[1] ناودارترین ڕابەری ئەم قوتابخانە ڕێزمانییەش (چۆمسکی)یە، کە توانی بەهۆی بیرو بۆچوونەکانی دەربارەی زمان شۆڕشێك لە زمانەوانیدا بەرپا بکات و ناوبانگی بە دنیادا بڵاوببێتەوە.

ئەم مۆرفیمانەش لە ڕووی ڕۆنـان و بەکارهێنانـەوە سـەربەخۆ نـین و تەنـها بەخستنە نـاو وشـەوە دەتوانن ڕاستەوخۆ ئامادەبن بۆ بەکارهێنان [٩ : ٢١]، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی سێ جۆرە ڕۆنان (Structure) لە ڕستەسازیدا دەست نیشان دەکەین بەم شێوەیەی خوارەوە:







کەواتە ئەم قوتابخانە ڕێزمانییە ڕستە بەپێی ڕێزبوونێکی هەرەمی یان هێلکاریی درەختی بـۆ دانە پێکهێنەکانی شیی دەکاتەوە

تا ئێرە باسێکی ڕووت (ئەبستراکت)ی ڕۆنانی پێکهێنانەکان بوو بە تایبەتیش فرێز.

ئێستا با ڕستەیەکی واتادار بە دیالێکتی (ک.ژ) بە نموونە وەربگرین و لە ڕۆنانێکی هەرەمی (هێلکاریی درەختی)دا بەپێی ئەو باسەی پێشووی ڕۆنان شییبکەینەوە.

ڕستـە :١- کوڕی ئاف ڤەخوار.




١ کاریش لە کوردیدا سادە نیەو لە چەند مۆرفیمێـك پێکهاتووە [٣٦ : ٤٤]. لە بەشـەکانی داهاتوودا ئەمە بە درێـژی ڕوون دەکەینەوە.

بەپێی ئەم جۆرە شیکردنەوەی سەرەوەی ڕۆنانی ڕستە، دەردەکەوێت کە فریز لە ڕووی ڕۆنانەوە لە ڕستە بچووکترە، بەوەی کە شوێنی ڕۆنانێکی نزمتر لە ڕستەدا دەگرێت لە ڕیزبوونی هەرەمیدا، لە وشەش گەورەترە بەوەی کەوا شوێنی ڕۆنانێکی بالاتر لە وشە، دەگرێت. کەواتە فریز پێکهێنێکی ناوەندییەو دەکەوێتە نێوان وشەو ڕستە. بە واتایەکی تر، ڕستە لە فریز پێك دێت و فریزیش لە وشەو مۆرفیم [٤٨ : ١٨٨] بۆیە ئەگەر لە ڕوانگەی ڕیزبوونی هەرەمییەوە نەڕوانینە ڕۆنانی پێکهێنەکان، بە تایبەتیش فریز، ئەوا یەکێك لە خاسیەتەکانی فریز ئەوەیە کەوا کورت دەکرێتەوە بۆ تاکە وشەیەك، یا فراوان دەکرێت بەهۆی کەرەسەی ترەوە، یا جاری وا هەیە، فریزێك لەگەڵ فریزێکی تردا یەك دەگرێت و فریزێکی لێکدراو پێك دێنن. سەیری ئەم ڕستانەی خوارەوە بکە :

١-کوڕ هاتن.

٢-هەر هەمی کوڕێن زیرەك و ئازا هاتن.

٣-ئەز نانی دخوم.

لە ڕستەی یەکەمدا (کوڕ) بەتەنها فریزێکە، لە ڕستەی دووەمیشدا (هەر هەمی کوڕێن زیرەك و ئازا) فریزێکە، لە ڕستەی سێیەمدا دوو فریز یەکیان گرتووەو فریزێکی لێکدراویان پێك هێناوە (نانی دخوم).

بەکورتی بۆ جیاکردنەوەی ڕۆنانی پێکهێنی ڕستەیەك، بە بۆچوونی ئەم قوتابخانەیە بەپێی بەرزی و نزمی ئەو شوێنەیە کە پێکهێنەکە لە ڕیزبوونێکی هەرەمیدا داگیری دەکات. ئەم قوتابخانەیەش لە بەرزترین ڕۆنانەوە دەست پێ دەکات، کە ڕستەیە و بەلایەوە دانەی لە ڕستە گەورەتر، لە ئاستی ڕستە سازییدا نیە [1]. تا دەگاتە نزمترین ڕۆنان کە وشەیەو بەلایەوە دانەی لە وشە بچووکتر لە ئاستی ڕستە سازییدا نیە [2]. بەمەش وشە دەبێتە دوا پێکهێنی ڕستە. واتە ئەم قوتابخانەیە لە گەورەوە بۆ بچووك دەچێت، یا لە گشتەوە بۆ بەش (من الكل الى الجزء) [3] هەرچەندە هەندێ لە سەرچاوە نوێ و زانستییەکانی ڕستە سازی بەشێوەیەکی جیاواز دەڕواننە ڕۆنانی فریز. بەم شێوەیەی خوارەوە :

---

[1] پەرەگراف لە ڕستە گەورەترە، یا زۆر جار ڕستەیەك یا بیرۆکەیەك بە کتێبێك دەردەبڕدرێت بەلام ئەمانەش هەر لە ڕستە پێکهاتوون، کەواتە ڕستە گەورەترین ڕۆنانە کە یاسا سینتاکسییەکانی تیادا دەدۆزرێتەوە.

[2] مەبەست ئەوەیە کە لە ڕستەسازییدا دانەی لە وشە بچووکتر نیە، ئەگینا مۆرفیم و بڕگەو فۆنیم ڕۆنانی لە وشە بچووکترن.

[3] ئەمەش ڕێبازێك بوو، کە لە لایەن قوتابخانەی (Gestalt psychology)وە، لە سەرەتای ئەم سەدەیە، لە ئەڵمانیادا هاتە کایەوە. دامەزرێنەرەکانیشی فرتیمر و کوفکاو کهلر بوون. بە بۆچوونی ئەم قوتابخانەیە هەموو کردەیەك، یا دیاردەیەکی گەردوون دەبێ وەکو یەکەیەکی گشتی و تەواو و ڕێك و پێك سەیر بکرێ، کە بەهۆی کارلێکی (تفاعل) چەند پارچەیەکەوە (جزء) لێکدراون (اندماج)، نەك بەشێوەی چەند پارچەیەك کە بەشێوەیەکی میکانیکی لەشێوەی چەند قالبێکی ڕەق و تەق یەك دەگرن و کردەو دیاردەکان پێك دێنن [٤٢ : ٥٢-٥٣].

سادەترین ڕێگا بۆ پێکهێنانی فرێز بریتییە لە لێکدان – Mergingی (بە زاراوەیەکی تەکنیکی واتە یەکگرتن – Conbining)ی دوو کاتیگۆری [1]. مەبەست لە کاتیگۆریش پۆلەکانی دەربڕینە، واتە بەشەکانی ئاخاوتنە، کە هەریەکەیان خاوەنی کۆمەڵێك خاسیەتی وشەسازی و ڕستە سازیو واتاسازین [٤٩ : ٦١].

مەبەست ئەوەیە کە ئەو بۆچوونە لە وشەوە دەست پێ دەکات و بۆ ڕۆنانی گەورەتر دەچێت کە فرێز و ڕستەیە بۆ نموونە، بە لایەوە فرێز بریتییە لە یەکگرتنی دوو وشە، پارچە (لاڕستە)ش بریتییە لە یەکگرتنی دوو فرێز، ... هتد.

بۆ ئەم مەبەستەش لەدوا پێکهێتینەوە دەست پێ دەکەن کە (کار)ە. بەڵام هەر ڕێگای شیکردنەوەی هەرەمی یان هێلکاری درەختی بۆ شیکردنەوەی ڕستە دەگرێتە بەر. کەواتە ئەمجۆرە بۆچوونە، هەوڵدانێکە بۆ پەرە پێدانی ڕێزمانی بەندێتی [2] لە چوارچێوەی ڕێزمانی بەرهەم هێنان و گواستنەوەدا. واتە تێکەڵ کردنی هەردوو بۆچوونەکەیە.

سەبارەت بە دیاریکردنی فۆرمی ئەو پێکهێنە ڕاستەوخۆیانەش واتە (جۆرەکانی فرێز، یان پۆلەکانی فرێز)، هەر دەبێ بەهۆی کاتیگۆریەکانی وشەوە بێت، واتە بەپێی بەشە ئاخاوتنەکانی وەك (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەلکار، کار، ئامراز، ... هتد).

واتە ئەو کاتیگۆریانەی وشە لەکاتی شیکردنەوەی ڕستەیەك بۆ دانە پێکهێنەکانی بە پێی ڕیزبوونێکی هەرەمی، ئەگەر کەوتنە ڕۆنانێکی باڵاتر لە وشە ئەوا پێیان دەوترێت (فرێزی ناوی، فرێزی ئاوەڵناوی، فرێزی کاری، ... هتد). بەڵام ئەگەر کەوتنە ڕۆنانێکی نزمتر لە فرێز، ئەوا پێیان دەوترێت (ناو، کار، ئاوەڵناو، ... هتد).

## ٣-٢ ئەرك

فرێزیش وەکو یەکەیەکی زمان بەشدارێکی ڕاستەوخۆی پێکهاتنی ڕۆنانێکی باڵاتر لە خۆیدا دەکات، کە ڕستەیە. جا چ وەکو بەشێکی سەرەکی، یا ناسەرەکی، کە هەر لە کۆنەوە بە بکەرو بەرکارو کار .... هتد ناسراون.

جێی سەرنجە کە پەیوەندیەکی گرنگی ئاڵوگۆڕ کراویش لەنێوان ئەرکە سینتاکسییەکان و پۆلەسینتاکسییەکاندا هەیە. واتە شوێنی بکەر هەردەم بە فرێزێکی ناوی و شوێنی کاریش هەردەم بە فرێزێکی کاری و ... هتد پڕ دەکرێتەوە، هەرچەندە پەیوەندیەکە بە هیچ جۆرێك

---

[1] ((ئەو کردارەی (Operation) کە بە هۆیەوە دوو وشە پێکەوە یەك دەگرن (Combine) پێی دەوترێت لێکدان (Merger) چومسکی (١٩٩٥)) [٤٩ : ٦٢].

[2] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ڕێزمانی بەندێتی بڕوانە [٥ : ٨-٣٥].

تەواو، یان وێکچوو نیە چونکە رەنگە ئەرکێکی دیاری کراو بەدوو پۆل (جۆر) ە فرێز پڕبکرێتەوە. بۆ نموونە شوێنی بکەر دەتوانرێ بە فرێزێکی ناوی پڕ بکرێتەوە وەك :

١- ئازاد هات.

یان بە فرێزێکی ئاوەڵناوی پڕ بکرێتەوە. وەك :

٢- مەزن دبێژن دراڤێ سپی بو رۆژا رەشە.

یان جۆرێکی فرێز لەوانەیە چەند ئەرکێك ببینێت. بۆ نموونە فرێزی ناوی دەتوانێت ئەرکی بکەر، یا بەرکار،...هتد ببینێت[1]. کەواتە پەیوەندییەکە تەنیا لە فرێزی کاریدا تەواو ئالوگۆڕکراوەو یەك بۆ یەکە (one-to-one) . واتە فرێزی کاری بەشێوەیەکی نەگۆڕ هەر بەکارێك دەناسرێتەوەو بەهیچ پۆلە ئاخاوتنێکی تر ناناسرێتەوە. یان ناسینەوەی کارێك هەر لە فرێزێکی کاریدا دەبێت و لە هیچ فرێزێکی تردا نابێت [٤٨ : ١٨٨-١٨٩].

## ٣-٣پەیوەندیی سینتاکسی

مەبەست لە پەیوەندیی سینتاکسی، پەیوەندی نێوان کەرتەکانی فرێزێکە، ئەو فرێزەی کە لە کەرتێك زیاتر پێك دێت بەر لەهەموو شتێك دەبێ کەرتەکان بەهۆی یاسایەکی سینتاکسی رێگە پێدراوی زمانەکە، یا شێوەزارەکەوە لێك درابن. واتە مەرج نیە بوونی کۆمەڵە وشەیەك لە پاڵ یەکتری فرێزێکیان پێکهێنابێ، ئەگەر رەچاوی یاسا سینتاکسیەکانی زمانەکە یان شێوەزارەکە نەکرا بێت. لە کاتی لێکدانی دوو کەرەسە یان زیاتر جۆرێك لە پەیوەندی سینتاکسی لەنێوان کەرتەکاندا پەیدا دەبێت. واتە هەموو کەرتەکان یەك بەهاو نرخی رێزمانیان نابێت، بەڵکو وشەیەك تیایاندا دەبێ بە سەرەکی (سەرە)، یا دیارخراو و ئەوانی تریش دەبن بە لاوەکی یا دیارخەری وشەی سەرە [٥٠ : ١٦٣]. دیاریکردنی وشەی ( سەر)ە ش لە فرێزدا، بەوەوە دەبێت کە وا کام لە وشەکانی فرێزەکە دەبنە گرنگترین، یان سەرەکیترین رەگەزی فرێزەکە ئەم دیاری کردنەش هەر بەهۆی ئەندامییەتی پۆلە وشەکانی وەك (ناو، کار، ئاوەڵناو،... هتد) ەوە دەبێت. کەواتە لە فرێزی ناویدا هەردەبێ ناوێك سەربێ و لە فرێزی کاریشدا هەردەبێ کارەکە سەر بێ و...هتد [٤٨ : ١٨٩]. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، کۆمەڵێك هۆکار هەن، کە سەرەو دیارخەرەکانی (شوێنکەوتووەکانی) لە یەکتر جیا دەکەنەوە.

١-بوونی سەرە لە فرێزدا ناچارییەو ناتوانرێت لە رۆنانەکەدا لابرێت. بەڵام دیارخەرەکان لاوەکین و زۆرجار دەتوانرێت لە رۆنانەکەدا لابرێن. بە واتایەکی تر وشەی سەرە

---

[1] بڕوانە ڕستەی (١) ، ل ٢٧.

دەتوانێت شوێنی هەموو ڕۆنانەکە بگرێتەوەو شوێنکەوتووەکان [1] ناتوانن شوێنی هەموو ڕۆنانەکە بگرنەوە [٥١ : ١٠٩]. بۆ نموونە لە ڕستەیەکی وەك :

کوڕەکێ زیرەك هات.

(کوڕەکێ زیرەك) فریزێکەو وشەی (کوڕ)یش سەرەی فریزەکەیەو دەتوانێ شوێنی هەموو فریزەکە بگرێتەوە. وەك :

کـــوڕەك هات.

بەڵام وشەی (زیرەك) دیارخەری فریزەکەیەو ناتوانێ شوێنی هــەموو ڕۆنانەکـە بگرێتـەوە. وەك :

زیرەك هات. (واتاکە گۆڕاوە)

بـەڵام ئـەم هۆکـارە لـە (ك.ژ)دا نـاتوانێ ببێتـە تاقیکردنەوەیـەکی بـاوەڕ پێکـراو بـۆ جیـا کردنەوەی وشەی سـەرەو شـوێنکەوتووەکانی. چونکـە هـەندێ جـار دیارخـەرەکانیش دەتوانـن شوێنی هەموو فریزەکە بگرنەوە. بۆ نموونە لە ڕستەیەکی وەك :

ئەو کوڕ هاتن .

وشەی (کوڕ) و (ئەو) دەتوانن شوێنی فریزەکە بگرنەوە. وەك :

١- ئـــەو هاتن.

٢- کـوڕ هاتن.

لەو کاتانەی کە خاسیەتێك پیادە ناکرێت بـۆ جیاکردنـەوەی سـەرەو دیارخـەرەکانی پـەنا دەبەینە بەر خاسیەتێکی تر.

٢-خـاسیەتێکـــی تـــری ســـەرە ئەوەیــــە، کـــەوا شـــوێنی دابـــەزینی کەرەســـە مۆرفۆسینتاکسییەکانە [٥١ : ١٠٩].

بەڵام دیسان ئەمەش لە (ك.ژ)دا نابێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ جیاکردنـەوەیان لـە یـەکتر، چونکە لـە (ك.ژ)دا ناوەکـان و دیارخـەرەکان دەتوانـن کەرەسـەی مۆرفۆسینتاکسیی وەربگرن سەیری ئەم ڕۆنانانەی خوارەوە بکە :

١- ئەڤی / ئەوی کوڕی نان خوار .

٢- ئەڤێ/ ئەوێ کچێ نان خوار.

٣- ئەڤان/ ئەوان کوڕان نان خوار

---

[1] شوێنکەوتوو دیارخەرمان بەیەك واتا بەکارهێناوە.

٣-خاسیەتێکی تری سەرە ئەوەیە، کە وشەی سەرە بە تاکە پۆلێك، یا چەند ئەندامێکی تاکە پۆلەکە دەناسرێتەوە، کەچی دیارخەرەکان بە چەند پۆلێکی جیاواز دەناسرێنەوە [٤٨ : ١٩٢]. وەك لەم ڕستانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت :

١- ئەو کوڕ هات.

٢- کوڕەکی زیرەك هات.

٣- دوو کوڕ هاتن.

٤- هەر هەمی کوڕا نان خوار.

لە هەموو فرێزە ناوییەکانی ئەم ڕستانەی سەرەوەدا وشەی سەرە ناوێکە (کوڕ) بەڵام دیارخەرەکان بریتین لە ئاوەڵناوی نیشانەو ژمارەو ئاوەڵناو چەندێتی و ... هتد.

بەهەرحاڵ کۆمەڵێك هۆکاری تریش هەن کە سەرەو دیارخەر لە یەکتری جیا دەکەنەوە[1]. بەڵام ناکرێ هەر هەموویان لێرەدا باس بکەین، چونکە مەبەستی سەرەکی ئێمە ئەوەیە کە لە ڕۆنانی فرێزدا وشەیەك دەبێت بە سەرەو ئەوانی تریش دەبن بەلاوەکی (دیارخەر). دەبێ تێبینی ئەوەش بکەین ئەو هۆکارانەی کە سەرەو دیارخەر لەیەکتر جیا دەکەنەوە بۆ هەموو جۆرەکانی فرێز وەکو یەك نین. یا لەو کاتانەی کە هۆکارێك یان زیاتر ناتوانێ ببێتە تاقیکردنەوەیەکی باوەڕ پێکراو بۆ جیا کردنەوەیان لە یەکتر پەنا دەبەینە بەر سەلیقە، یا بەڵگەنەویستی [٤٨ : ١٩١]. واتە بەهۆی هۆکاری واتاییەوە دەزانین لە وشەکانی فرێزەکە کامیان سەرەیەو چ وشیەیەکیشیان سەرەیە. بۆ نموونە لە ڕستەیەکی وەك :

ئەو کوڕ هات.

هەردوو وشەی (ئەو) ، (کوڕ)، دەتوانن شوێنی هەموو فرێزەکە بگرنەوە بەڵام هەر بە سەلیقە (واتا) دەزانین کەوا وشەی (کوڕ) سەرەیەو وشەی (ئەو)یش دیارخەرە. کەواتە هۆکاری واتاییش دەبێ لەبەر چاو بگیرێ.

سەرەڕای ئەوەی کە هەر پێویستییەکی واتاییشە وا دەکات پەیوەندییەکی سینتاکسی وەك دیارخەرو دیارخراو (سەرەکی و لاوەکی) لە نێوان کەرتەکانی فرێزێکدا بێتە کایەوە. هەروەها سەرەی هەر جۆرە فرێزێك، یا شوێنکەوتووەکانیان خاوەنی کۆمەڵێك خاسیەتی فەرهەنگین. ئەم خاسیەتانەش زیاتر لەسەر بنەمایەکی واتایی لە فەرهەنگدا پۆل دەکرێن. جگە لەمانەش هەر هۆکاری واتاییە کە وا دەکات ڕستە لە سەرەتادا دابەش ببێت بۆ دوو بەشی سەرەکی.ئەگەر وا نیە، بۆچی رستەکە دابەش ناکەین بۆ سێ یان چوار بەش، یا سنووری نێوان دوو بەشەکە بەهۆی چییەوە دیاری دەکرێت؟.لە کۆتاییدا دەڵێین : هەر لێکۆڵینەوەیەك، یا پێناسەیەکی دانە زمانییەکان بەتایبەتی فرێز، بێ لەبەر چاوگرتنی ئەو ڕوانگانەی کە لەمەوبەر

---

[1] بڕوانە [٥١ : ١٠٧-١١٠] ، [٤٨ : ١٩٠-١٩٤].

دەست نیشانمان کردن. پێناسەکە نازانستی دەردەچێت و ناتوانێت بەشێوەیەکی زانستیانە دانەکە ڕوون بکاتەوە. وەك لە هەندێ لەو پێناسانەدا بەرچاو دەکەون، کە لە لایەن هەندێ ڕێزمان نووسەوە بۆ فرێز لە زمانی کوردیدا کراون [١].

---

[١] بڕوانە [١٩ : ١١-١٢]، [٣٠ : ٣٨]، [٢٩ : ٨].

# ٤-فریزی ناوی

## ١- ڕۆنانی فریزی ناوی

بە شێوەیەکی گشتی هەموو فریزێکی ناوی (بە پێناسەوە) بریتییە لە ڕۆنانێك، کە پێکهاتووە لە ڕەگەزێکی سەرەکی (سەر) کە بە ناوێك دەناسرێتەوەو، لە گەڵ وشەیەکی شوێنکەوتوو (dependent) ش یا زیاتر، کە بە ئارەوزووە (optionally). ئەمەش ئەوجۆرە فریزە ناوییانە دەگرێتەوە کە لە ڕۆنانی سەرەوەی ڕستەدا لانەدراون و لە شێوەی (مۆرفیمێکی بەند) لە ناو فریزێکی کاریدا چێنرابن. ڕیزبوونێکی فراوانی ئەم شوێنکەوتووانەش هەیەو ناتوانرێت سنورێك بۆ ئەوە دابنرێت، کەوا چەند لەو شوێنکەوتووانە دەشێن لە تاکە فریزێکی ناویدا هەبن [ ٤٨ : ١٩٧] ،[ ٥١ : ٢٣٢ ]. لە زمانی کوردی (ك.ژ)شدا هەندێ لەو شوێنکەوتووانە دەتوانن لە شێوەی وشەیەکی سەربەخۆدا دەرکەون و بکەونە پێش ناوی سەرەو بێ نیشانەی خستنەسەریش لە گەڵ ناوەکەدا لێك بدرێن. واتە ((بە هۆی پەیوەستی لێکدەری سینتاکسی دا لێك بدرێن)) [٢٥ : ١٢٠] . بەم وشانەش دەڵێن دیارخەرەکانی پێش سەرە (pre – head specifier). سەیری ئەم ڕۆنانانەی خوارەوە بکە :

١- ئەڤ کورە هات .

٢- هندەك کور هاتن .

٣- هەر کورەك هات .

هەندێکی تریش دەکەونە دوای ناوی سەرەو، ئەمانەش دوو جۆرن :

یان لە شێوەی مۆرفیمێکی بەنددا بە ناوی سەرەوە دەلکێن و پێیان دەوترێت دیاریکەر (Determiner). وەك : (مۆرفیمەکانی نێرو مێ و نەناسیاریی و ... هتد)[1].

سەیری ئەم ڕۆنانانەی خوارەوە بکە :

کوری، کورەك، کچێ، کوران.

یان لە شێوەی وشەو فریزو پارچە (clause)دا، دەردەکەون و دەکەونە دوای ناوی سەرەو بەهۆی نیشانەکانی خستنە سەرەوە لە گەڵ ناوەکەدا لێك دەدرێن و بەمانەش دەڵێن دیارخەرەکانی، یا وەسف کەرەکانی دوای سەرە (post – head modifier) سەیری ئەم ڕۆنانانەی خوارەوە بکە :

---

[1] هەرچەندە بە پێی بۆ چوونی ڕێزمانی بەندیتی، ئەم مۆرفیمانە دەبن بە سەرەو ناوەکەش دەبێ بەشوێنکەوتوو. بە واتایەکی تر مۆرفیمەکان بەندکەرن و ناوەکانیش بەندی ئەون.

١- کورەکێ زیرەك هات .

٢- کچەکا جوان هات .

٣- هەر هەمی کوڕێن زیرەك هاتن.

٤- ئەڤ دوو کورە هاتن .

٥- ئەو، یێ ئاگردکر کوڕێ تە بوو .

٦- کوڕێ خوشکا ئازادی هات .

هەر چەندە زۆر جار لە زمانی کوردیدا بۆ هەر سێ جۆرە شوێنکەوتووەکە، هەر وشەی دیارخەر بەکاردێت. دەبێ سەرنجی ئەوەش بدەین، ئەو فرێزە ناوییانەی کە لە تەنها ناوێك پێکهاتوون و هیچ دیارخەرێکی ناوەکی و دەرەکییان لەگەڵدا بەکارنەهاتووە، ناوەکە خۆی دەبێتە سەرەی خۆی. بۆ نموونە لەم ڕستانەی خوارەوەدا :

١- ئازاد هات بۆ گوندی.

٢- نەسرین چوو بۆ دهۆکێ.

٣- کوڕ سویار بوون ل هەسپان.

هەرسێ وشەی (ئازاد، نەسرین، کوڕ) فرێزی ناوین و خۆیان سەرەی خۆیانن.

## ٤-٢ ئەرکی فرێزی ناوی.

فرێزی ناوی کۆمەڵێك ئەرکی سینتاکسی دەبینێت لە ڕستەدا، وەك:

١- دەبێتە پێکهێنێکی ڕاستەوخۆی سەرەکی (بنجی) لە ڕۆنانی رستەدا، واتە ئەرکی بکەر دەبینێت. سەیری ئەم ڕستەیەی خوارەوە بکە :

گشت مرۆڤان ئومێدا ژینەکا خوش هەیە.

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا (گشت مرۆڤان) فرێزێکی ناوییەو ئەرکی بکەری بینیووە، وشەی (مرۆڤ)یش سەرەی فرێزە ناوییەکەیە.

٢- دەبێتە بەشێکی سەرەکی لە فرێزی کاریدا، واتە ئەرکی بەرکاری ڕستەش دەبینێت. بۆ نموونە لە ڕستەیەکی وەك : سالاری دارچاند بوو.

وشەی (دار) فرێزێکی ناوییەو ئەرکی بەرکاری ڕستەکەی بینیوەو خۆشی سەرەی خۆیەتی.

جێی سەرنجە، ئەو ڕستانەی کە کارەکانیان لە ڕۆنانی سەرەوەی ڕستەدا دەرناکەون، واتە بوونێکی فیزیاوییان نیەو بە مۆرفیمی ( $\phi$ ) دەژمێردرێن، ئەوا فرێزە ناوییەکە، کە هەردەم لە

<+ناو>ێك و جێناوێكی لكاوی سەر بە هەمان كەس و ژمارەی بكەر پێك دێت[1]، دەتوانێ ئەركی فرێزێكی كاری ببینێت. وەك :

١- ئەز كوردم. ٤- گارە چیایەكێ بلندە .

٢- تو كوردی. ٥- ئەڤ كورە پسمامێ منە .

٣- ئەو كوردە. ٦- هووین زەرینە.

٣-ئەركی تەواوكەری فرێزی بەند (ئامرازی پەیوەندی)یش دەبینێت. بۆ نموونە لە ڕستەیەكی وەك (ئەو هات ژ زاخۆیێ)، (ژ زاخۆیێ) فرێزێكی بەندەو، (زاخۆیێ) فرێزە ناوییەكەیەو ئەركی تەواوكەری فرێزە بەندەكەی بینیووە.

لە (ك.ژ)دا، فرێزی ناوی بكەر، لە گەڵ هەندێ جۆری كاردا دەتوانرێت لە ڕۆنانی سەرەوەی ڕستەدا لا ببرێت و، پاشماوەی لە شێوەی كەرەسەیەكی مۆرفۆلۆجی (جێناوێكی لكاو لە ناو فرێزە كارییەكەدا بەجێ بمێنێت. وەك :

١- ئەز چووم بۆ دهۆكی. ← چووم بۆ دهۆكێ. ← چووم.

٢- ئەو كوڕ نڤست. ← نڤست.

## ٤-٣ ڕۆنانەكانی فرێزی ناوی.

بۆ ئەوەی بە شێوەیەكی وردو زانستی، ڕۆنانەكانی فرێزی ناوی لە (ك.ژ)دا نیشان بدەین و چەند یاسایەكی گشتییان بۆ دابڕێژین، كە بە هۆیەوە بتوانرێت ژمارەیەكی بێ سنوور لە فرێزی ناوی لەم دیالێكتەدا بێتە بەرهەم، بە شێوەیەكی گشتی دوو جۆرە ڕۆنانی فرێزی ناوی لەم دیالێكتەدا جیا دەكەینەوە، كە هەریەكەیان لە چەند فۆرم و شێوەیەكی جیاوازدا دەبینرێن. هەر دوو ڕۆنانەكەش بریتین لە : ڕۆنانی ناوەوەی فرێزی ناوی و ڕۆنانی دەرەوەی فرێزی ناوی.

### ٤-٣-١ ڕۆنانی ناوەوەی فرێزی ناوی.

مەبەست لە ڕۆنانی ناوەوەی فرێزی ناوی، فۆرمە جۆراو جۆرەكانی ئەو ناوەیە كە دەبێتە سەرەی فرێزێكی ناوی و ، هیچ دیارخەرێكی دەرەكی (پێشەوەو دواوە)ی لە گەڵدا بەكار نەهاتووە.

---

[1] تەنها كەسی سێیەمی تاك نەبێت، كە پاشماوەی فرێزەكارییەكە لە شێوەی مۆرفیمی (ــە)دا دەردەكەوێت. هەرچەندە بە پێی هەندێ بۆ چوون ئەمەش هەر جێناوێكی لكاوە، نەك مۆرفیمی كاتی ئێستا، یا ڕەگی كاری (هەبوون).[ ٤٦ : ١٦]

بۆ ئەم مەبەستەش ناوەکە (بە پێی جۆری کارەکە لە ڕستەدا)بە شێوەیەکی گشتی لە دوو فۆرمی جیاوازدا دەبینرێت.

١- ناوێکی ڕووتی بێ مۆرفیمی ڕێزمانی (ئەو مۆرفیمانەی کە ئەرکێکی ڕستەسازی و وشە سازی دەبینن. وەك (مۆرفیمی نێرو مێ و کۆ و نەناسیاری).

بۆ نموونە :

١- هەسپ گیایی دخوە.

٢- دار ب خو هشك بو.

فرێزە ناوییەکان (هەسپ،دار) لە تەنها ناوێکی ڕووت پێکهاتوون و هیچ پاشگرێکی ڕێزمانیان نەچۆتە سەر.

بۆ ئەم جۆرە فۆرمەش هەموو جۆرەکانی ناو لە ڕووی (نێرو مێ، تایبەتی و گشتی، ماددی و مەعنەوی، ... هتد) دەتوانن بەم شێوەیە دەربکەون. هەروەها ئەو بەشە ئاخاوتنانەی کە لە زور خاسیەتەوە لە ناو نزیك دەبنەوەو لە هەندێ لێکۆڵینەوەدا بە کۆمەڵەی ناوی دانراون. وەك (جێناو، ئاوەڵناو، چاوگ) [٣٩ : ٢٧]. دەتوانن بە هەمان ئەرك و فۆرم دووبارە بنەوە. سەیری ئەم ڕستانەی خوارەوە بکە :

١- ئازاد هات.

٢- نێرگز رونیشت.

٣- جوانی ئیلهاما خودێیە.

٤- مەزن دبێژن : هەتا مرنێ چاڤ لکرنێ.

٥- کارکرن سەرمایا ژیانێیە.

٦-ئەز دچم بۆ زانکۆیێ.

سەبارەت بە کۆمەڵەی ناوی تەنها جێناوە کەسییە جوداکان، لەوانیش تەنها کۆمەڵەی یەکەم چالاکن و لە ئاوەڵناوو چاوگ زیاتر بەکاردێن. بەڵام لەبەر ئەوەی فۆرمی ناو لە کاتی بەکار هێنانی لە ڕستەدا، بەندە بە جۆری کارەوە، بە واتایەکی تر، ناوەکە فۆرمێکی جێگیری نیەو بە پێی جۆری کارەکەوە فۆرمەکەی دەگۆڕێت. بۆیە ئەگەر ئاماژە بۆ جۆری کارە بەکارهاتووەکە لە ڕستەدا نەکرێت، ناکرێت ڕۆنانی ناوەوەی فرێزی ناوی لە (ز.ژ)دا بەهۆی چەند یاسایەکی گشتییەوە بنوێنرێت [1]. کەواتە ناچار دەبین کە لە کاتی دارشتنی هەر یاسایەك بۆ ئەم مەبەستە، ئاماژە بۆ جۆری کارە بەکارهاتووەکە بکەین. کاریش لە ڕووی بەکارهێنانەوە بە شێوەیەکی گشتی دەبن بە دوو جۆرەوە :

---

[1] بەمەرجێ ناوەکە لە دۆخی خستنە سەردا نەبێت.

١- ئەو کارانەی کە لەگەڵ کۆمەڵەی یەکەمی جێناوە جوداکاندا بەکاردێن و ئەم کورتکراوەشیان بۆ بەکاردێنین (ك ك[1] ج).

٢- ئەو کارانەی کە لەگەڵ کۆمەڵەی دووەمی جێناوە جوداکاندا بەکاردێن و ئەم کورتکراوەشیان بۆ بەکاردێنین (ك ك[2] ج). بۆیە لە کاتی دارشتنی هەر یاسایەکی فریزی ناوی ئەم دوو کورتکراوەیەی سەرەوە لە ناو کەوانەدا و بە پێی پێویستی یاساکەو بەو واتایانەی سەرەوە لەلای چەپی یاساکانەوە دەنووسین.

کەواتە یاسای یەکەمی ڕۆنانی ناوەوەی فریزی ناوی دەکرێت کە بە هۆی یاسایەکی گشتی وەك ئەمەی خوارەوە بنوێنرێت. بڕوانە ڕستەکانی (١-٦ ) ل ٣٧.

| ف ن ←—— < + ناو > (ك ك[1].ج) | ........ یاسای ژمارە (٢)[1] |
|---|---|

٢-فۆرمی دووەمی ناوەکە ئەوەیە، کە لە ناوێکی رووت ومۆرفیمێکی ڕێزمانی یان زیاتری وەك (نێرومێ، کۆ، نەناسیاری)ی پێکهاتووە .. جێی سەرنجە کە ڕۆنانی ناوەوەی فریزی ناوی لە (ك.ژ)دا، لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە سادەیەو وەکو کرمانجی خواروو ئاڵۆز نیە، کە ناوەکە لە یەك کاتدا چەند مۆرفیمێکی ڕێزمانی بچێتە سەر. بۆ نموونە لە ڕۆنانێکی وەك :

جلەکانتانم شوشت.

فریزە ناوییەکە لە ناوێك (جل) و چوار مۆرفیمی ڕێزمانی وەك (ە کە)، (ا ن)، (تان)، (م). پێکهاتووە.

لە (ك.ژ)دا ناوەکە لە فراوانترین شێوەیدا، لە دوو مۆرفیمی ڕێزمانی زیاتری ناچێتە سەر. بۆ نموونە لەم دوو وشەیەدا (کوڕەکی، کچەکێ)، ڕۆنانەکان لە ناوێك و دوو مۆرفیمی (ە ك) و (ی) یان (ێ) پێکهاتوون.

لە کاتی بەکارهێنانی ناوێکیش لە گەڵ مۆرفیمە ڕێزمانییەکاندا، ناوی گشتی دەکەینە نموونەی سەرەی فریزێکی ناوی و لەگەڵ مۆرفیمە ڕێزمانییەکاندا بەکاری دێنین، چونکە ناوی گشتی چالاکترە لە ناوی تایبەتی بۆ وەرگرتنی ئەم مۆرفیمانە، ئەگەر چی لە (ك.ژ)دا هەندێ لەو

---

١ ئەوەمان بۆیە بە یاسای ژمارە (٢) داناوە، چونکە ((وەسف کردنی ڕۆنانی ڕستەی سادەو چۆنیەتی بەرهەم هێنانی لە زمانەکەدا؛ پێویستە بە هۆی یاساکانی ڕۆنانی فریز (phrase structure rules) لێك بدرێتەوە؛ ئەمەش ئەوە دەردەخات کە هەموو ڕستەیەك لە زماندا دەبێ فریزێکی ناوی تێدا بێت وەکو بکەرێکی ڕێزمانی و، لە گەڵ فریزێکی کاری وەکو گوزارە. دەکرێ ئەمەش بکرێتە یاسای ژمارە (١) و بەم شێوەیەی خوارەوەش بنوێنرێت.

ڕ ——◄ ف ن + ف ك ........ یاسای ژمارە (١) [ ٦ : ١٥-١٦ ].

مۆرفیمانە، بە تایبەتی نێرو مێ دەچنە سەر ناوی تایبەتیش؛ بەڵام ناوی تایبەتی ناتوانێت هەموو مۆرفیمەکان وەربگرێت.

یەکێك لە فۆرمی دووەمی ناوەکە، ئەوەیە کە ناوێکی گشتی ڕووتە و مۆرفیمی (ەك)ی نەناسراوی چۆتە سەر. وەك :

١- کوڕەك هات.

٢- کچەك هات.

٣- مرۆڤەك هات بۆ گوندی.

ف ن ←— ن گ + ە ك (ك ك١ ج) . ...... یاسای ژمارە (٣)

فۆرمێکی تری ناوەکە ئەوەیە، کە ناوێکی گشتی ڕووتە و مۆرفیمی (ی) بۆ نێرو (ێ) بۆ مێی چۆتە سەر. وەك :

١- کوڕی نان خوار.

٢- کچێ نان خوار.




.......یاسای ژمارە (٤)

دەبێ تێبینی ئەوەش بکەین کە هەردوو مۆرفیمی (ی، ێ) سەرەڕای ئەرکی نێرو مێ، ئەرکی دیاریکردنی ژمارەو ناسیاری و دۆخی ڕێزمانییان بینیووە.

هەروەها ناوەکە دەتوانێ لە یەك کاتدا مۆرفیمی (ە ك)ی نەناسیاری و مۆرفیمی (ی) بۆ نێرو (ێ) بۆ مێ وەربگرێت. وەك:

١- کوڕەکی سێڤ خوار.

٢- کچەکێ سێڤ خوار.




....یاسای ژمارە (٥)

لە یاسای ژمارە (٥)دا، هەر دوو مۆرفیمی (ی، ێ) ئەرکی ناسیارییان نەبینیووە.

فۆرمێکی تری ناوەکە ئەوەیە، کەوا مۆرفیمی (ا ن)ی (کۆ)ی بۆ نێرو مێ دەچێتە سەر. وەك :

١- کوڕان نان خوار.

٢- کچان نان خوار.

| ف ن ⟵ ن گ + ا ن (ك ك٢ ج) | ....... یاسای ژمارە (٦) |
|---|---|

مۆرفیمی (ا ن)ی کۆ لەم دوو ڕستەیەی سەرەوەدا، ئەرکی ناسیاریشیان بینیووە، چونکە ئەگەر مۆرفیمی کۆی (ا ن) چووە سەر ناوێك لە ڕستەدا و ناوەکەش لەو جۆرە ناوانە بوو، کە بژمێردرێت، ئەوا ناوەکەش دەناسێنێ [١٨ : ٤٨]. واتە ئەگەر بمانەوێ ئەم دوو ڕستەیەی سەرەوە بە کرمانجیی خواروو بنووسینەوە ئەوا دەبێ بەم شێوەیەی خوارەوە بنووسرێنەوە :

کوڕەکان نانیان خوارد.

کچەکان نانیان خوارد.

## ٤ - ٣ - ٢ ڕۆنانی دەرەوەی فرێزی ناوی

مەبەست لە ڕۆنانی دەرەوەی فرێزی ناوی، فراوانکردنی سەرەی فرێزێکی ناوییە، کە بەهۆی دیارخەرەکانی پێشەوە (Specifier) و دیارخەرەکانی دواوە (Modifier) فراوان دەکرێت. واتە سەرەی فرێزە ناوییەکە لە لای ڕاست و چەپەوە فراوان دەکەن.

جا ئەگەر ناوەکە، ناوێکی گشتی ڕووت بێت. یان مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی (پاشگرەکانی ناو)ی چووبێتەسەر.

### ٤-٣-٢-١ دیارخەرەکانی پێش سەرە Pre-head Specifier

کۆمەڵێك کەرەستە هەن کە دەکەونە پێش سەرەی فرێزێکی ناوی و بێ نیشانەی خستنەسەر لەگەڵ ناوەکەدا لێك دەدرێن و ئەرکی دیارخەری ناوەکەش دەبینن . دیار خەرەکانی پێش سەرەش بریتین لەم کەرەستانەی خوارەوە:

١-وشەی (هەر ، تەنها ، تنێ ، تنکێ و ...... هتد ) .

ئەوناوەی کەوشەیەکی بەندکەری (هەر) دەبێتە دیارخەری ، لەم فۆرمانەی خوارەوەدا دەبینرێت:

-ناوێکی گشتی ڕووتی بێ مۆرفیمی ڕێزمانی. بۆ نموونە:

١- هەر کوڕ هاتن.

٢- هەر کچ هاتن.

-ناوەکە دەتوانێ مۆرفیمی (ەك) ی نەناسراویش بۆ نێر و مێ وەربگرێت . وەك :

١- هەر کوڕەك نە هێتە گوڤەندێ پەشیمانە.

٢- هەر کچەك نە هێتە گۆڤەندێ پەشیمانە.

-دەکرێ کە ناوەکە مۆرفیمی (ی) بۆ نێر و (ێ) بۆ مێ بچێتە سەر. وەك:

١- هەر کوڕی بینن.

٢- هەر کچێ بینن.

ناوەکە دەتوانێ مۆرفیمی (ەك)ی نەناسیاری و (ی) بۆ نێر و (ێ) بۆ (مێ)ش وەربگرێت. وەك:

١- هەر کوڕەکی بینن.

٢- هەر کچەکێ بینن.

هەروەها ناوەکە دەتوانێت مۆرفیمی (ان)ی (کۆ) یش بۆ نێر و مێ وەربگرێت. وەك:

١- هەر کوڕا بینن.

٢- هەر کچا بینن.

کەواتە ئەو ناوەی کە وشەیەکی بەندکەری (هەر) دەبێتە دیارخەری خاوەنی فۆرمێکی دەوڵەمەندەو، هەر هەموو فۆرمەکان دەکرێ بە هۆی ئەم دوو یاسایە گشتییەی خوارەوە بنوێنرێن[1]:

...یاسای ژمارە (٧)




....یاسای ژمارە (٨)




ناوەکەش لە کاتێکدا لەو فۆرمانەدا دەبینرێت، کە وشەی هەر بە تەنها لە گەڵ ناوەکەدا بەکار هاتبێت. واتە ناوەکە هیچ دیارخەرێکی تری پێشەوە، یان دواوەی لەگەڵدا بەکارنەهاتبێت. ئەم بەندکەرانەش ناتوانن ئەرکی سەرەی فرێزێکی ناوی ببینن :

*هەر نەهێتە گوڤەندێ پەشیمانە.

*هەر بینن.

٢-ئاوەڵناوی نیشانە :

شوێنی دووەمی دیارخەرەکانی پێشەوەی فرێزی ناوی، تایبەتە بە ئاوەڵناوە نیشانەکان. ئاوەڵناوی نیشانەش کە ئەرکی دیارخەرێکی پێشەوەی ناوێك دەبینن و فۆرمی ناوەکەش بە

---

[1] لێرەدا نەمانویستووە بۆ هەر فۆرمێکی جیاوازی ناوەکە یاسایەکی تایبەتی دابرێژین.

لەگەڵ خۆیدا بەند دەکەن. ئاوەڵناوی نیشانەش لە (ك.ژ)دا بەپێی جۆری کـارو جنـس و ژمارەو دوورو نزیکی ناوە نیشاندراوەکەوە پۆل کراوەو بۆ ئەم مەبەستەش بەشێوەیەکی گشتی دەبێت بە دوو جۆرەوە :

جۆری یەکەم :

ئەوانە کە لەگەڵ ناوێکدا دەردەکەون کە هیـچ مۆرفیمێکـی ڕێزمـانی (نـێرو مـێ ، کـۆ، نەناسیاری) نەچووبێتە سەر[1]. جا ئەگەر ناوەکە، ناوێکی گشتی نێر یان مێ بێـت، بـە مەبەستی تاك بەکارهاتبێت یان کۆ، مەبەست لە نیشاندانەکە دووربێت، یا نزیـك. سـەیری ئـەم ڕستانەی خوارەوە بکە :

١- ئەڤ کورە / کچە هات.

٢- ئەو کوڕ / کچ هات.

٣- ئەڤ کورە / کچە هاتن.

٤-ئەو کوڕ / کچ هاتن.

..یاسای ژمارە(٩)




بەڵام دەبێ تێبینی ئەوەش بکەین کـە ژمـارەی ناوەکـە بـە هـۆی جێنـاوێکی لکـاوی سـەر کارەکەوە ئاشکرا دەبێت.

هەر چەندە هەندێ سەرچاوەی ڕێزمانی سەر بەم دیالێکتە، وایـان نیشـانداوە، کـە ناوەکـە ئەگەر بە مەبەستی کۆ بەکارهاتبوو، ئەوا ناوەکە بۆ نـێر و مێـی نزیـك و دوور مۆرفیمـی (ان)ی کۆی دەچێتە سەر. وەك :

١- ئەڤ پیتانە دهێنە نڤیسین.

٢- ئەو پەیڤانە بوونە بکەر. [٢٧ : ٣٥]

ئەمجۆرە بۆ چوون و بەکار هێنانە، هەتا ئەگەر بە مەبەستی لە یەکتر نزیـك کردنـەوەی هـەر دوو دیالێکتی (ك.ژ و ك.خ)ش بێت، لە پێنـاو دروسـت بوونـی زمـانێکی ئـەدەبی یـەکگرتووی

---

[1] جگە لە پاشگری (ە)، کە لە ئاوەڵناوەکەوە دەپچڕێت و دەچێتە سەر ناوەکە، ئەمـەش لـە کـاتێکدا دەبێـت، کە ناوەکە بە مەبەستی تاك و نزیك بەکارهاتبێت.

کوردی کە بەلای ئێمەوەش هەوڵێکی زۆر چاکە، بەڵام بە پێی یاساکانی ڕێزمانی دیالێکتەکەوە ڕاست نیە و تەنانەت ناوەکە لەو کاتانەی کە بەواتای (تاك ) یش بەکاردێت و مەبەست لە نیشاندانەکەش نزیك بێت، بۆ نێر و مێ پێویست بەوە ناکات کە ناوەکە پاشگرێکی پچڕاوی بچێتە سەر. وەك :

١- ئەڤ کوڕ / کچ هات. (تاك)

٢- ئەڤ کوڕ / کچ هاتن. (کۆ)

جۆری دووەم:

ئەوانەش لەگەڵ ئەو ناوانەدا دەردەکەون کە مۆرفیمی نێرو مێ و کۆیان دەچێتە سەر. بۆ نموونە ناوەکە، دەکرێ ناوێکی گشتی بێت و مۆرفیمی (ی) بۆ نێرو (ێ) بۆ مێی بچێتە سەر. بە مەرجێ ناوەکە بە واتای تاك بەکار هاتبێت، جا ئەگەر مەبەست لە نیشاندانەکە دوور بێت یان نزیك. بڕوانە ڕستەی (١، ٢ ) ل ٣١ .

..یاسای ژمارە(١٠)




لەم ڕستانەی سەرەوەدا مۆرفیمی (ی،ێ) ناتوانن ئەرکی ناسیاری ببینن چونکە ناوەکە بە هۆی ئاوەڵناوی نیشانەوە ناسراوە، (واتە ئاوەڵناوە نیشانەکان ناتوانن لەگەڵ ناوی ناسراودا دەرکەون)، بەڵام ئەرکی دیاریکردنی جنس و ژمارەی ناوەکەیان بینیووە.

ناوەکە دەتوانێ مۆرفیمی (ان)ی کۆ بۆ نێرو مێ وەربگرێت. جا ئەگەر مەبەست لە نیشاندانەکە دوور بێت، یا نزیك. بڕوانە ڕستەی (٣ ) ل ٣١ .

ئەمەش دەتوانرێت بەهۆی یاسایەکی گشتی وەك ئەمەی خوارەوە بنوێرێت:

..یاسای ژمارە(١١)




هەر دوو جۆری ئاوەڵناوە نیشانەکانیش، ناتوانن لە گەڵ ناوێکدا دەرکەون، کە مۆرفیمی (ە ك) نەناسیاریان پێوە لکابێت. واتە ناتوانن لەگەڵ ناوی نەناسراویشدا دەربکەون. سەیری ناڕێزمانی ئەم ڕستانەی خوارەوە بکە :

*١- ئەڤ کوڕەك هات

*٢- ئەڤی کوڕەکی نان خوار.

ئاوەڵناوی نیشانەش دەتوانێ ئەرکی سەرەی فرێزێکی ناوی ببینێت؛ بەمەرجێ ئەوانەی، کە پاشگری (ە) یان پێوە لکاوە، لێیانەوە فڕێ بدرێت. وەك :

١- ئەو هات.

٢- ئەوی نان خوار.

٣- ئەڤێ گۆتە من.

٣- چەندێتی :

چەندێتیش وەکو دیارخەرێکی سەرەی فرێزی ناوی، چاڵێکی تایبەتی لە پێش ناوەکەوە بۆ تەرخان کراوەو بێ نیشانەی خستنە سەریش لە گەڵ ناوەکەدا لێك دەدرێت. ئەوانەی ئەرکی چەندێتی ناوێکیش دەبینن پۆلە وشەیەکی داخراون و دەتوانرێت ژمارەیان لە زمانەکە، یان شێوەزارەکەدا دیاری بکرێت. واتە ئەرکی چەندێتی بە هۆی چەند پۆل و لقە پۆلێکی وشەوە ئەنجام دەدرێت. وەك :ژمارە، جێناوی نادیار، جێناوی پرسیار، جێناوی نەفیو ... هتد بۆیە ئێمەش چەند جۆرێك لە چەندێتی دیاری دەکەین.

١- ژمارە :

ژمارەمان هەر بە جۆرێکی چەندێتی داناوە، چونکە هەر چەندێتی ناوێك دیاری دەکات، بەڵام چەندێتییێکی دیاریکراو. واتە ژمارەش هەر لەو شوێنەدا دەردەکەوێت، کە بۆ چەندێتی دیاریکراوەو ژمارەیەك و وشەیەکی چەندێتی بەیەکەوە نایەن.

*١- دو هەمو کوڕ.

*٢- هندەك چار کوڕ.

هەتا لەو حاڵەتانەی کە بەیەکەوەش دێن (دوو هندە، یەك تۆز، ... هتد) هەروەکو یەك دیارخەر مامەڵەیان لە گەڵدا دەکرێت. بۆ دیاریکردنی جۆرەکانی ژمارەش هەر لەسەر پۆل کردنەکەی د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف دەڕۆین، کە دەڵێ : ((گەیشتووینە ئەو ئەنجامەی کە لە زمانی کوردیدا سێ جۆرە ژمارە دیاری بکەین : بنجی،پلەیی، کەرتی))[١٦ : ٦٢].

لەم جۆرانەشدا تەنها ژمارەی بنجی[1] دەتوانێ وەك دیارخەرێكی چالاك بكەوێتە پێش ئەو ناوەی كە دەبێتە سەرەی فرێزێكی ناوی. بۆ ئەم مەبەستەش هەموو ژمارە بنجییەكان بەكاردێن. تەنها ژمارە (یەك) نەبێت، كە زیاتر بە هۆی پاشگری نەناسیاری (ەك)ەوە گوزارشتی لێوە دەكرێت. وەك (كوڕەك) واتە یەك كوڕ، (قەلەمەك) واتە یەك قەلەم ...هتد، چونكە ئەم پاشگرە، ئەركی نەناسیاری وتاكیش دەبینێت.

سەبارەت بە ژمارەی پلەیی (تەرتیبی) ، یا بە هۆی خستنە سەری مۆرفیمی (ێ) بەسەر ژمارەی بنجییەوە دروست دەبێت. وەك : یەكێ (یەكەم)، دووێ(دووەم)، سێێ(سێیەم)...هتد. یان دوای خستنە سەری ئەم مۆرفیمەی (ێ)، مۆرفیمی (ئا،ئێ)یان (یا،یێ)ی دەخرێتە پێش. وەك: ئایەكێ، ئا دووێ، ئێ چارێ، یا دەیێ، یێهەشتێ...هتد [٢٢ : ٢٨٥-٢٨٦].

صادق بهاءالدین وای بۆ چووە كە ژمارەی پلەیی (تەرتیبی) هەردەم دەكەوێتە پێش ناوی ژمێردراو (مەوسوف)ەوە، واتە هەر دەبێ ئەركی دیارخەرێكی پێشەوەی ناو ببینێت :

١- یێ دووێ مالا مەیە.

٢- یا شەشێ ڕەندەكا سابون كەرانە. [٢٢ : ٢٨٦]

بە بۆچوونی ئێمە، ژمارەی پلەیی زیاتر ئەركی دیارخەرێكی دواوەی ناو دەبینێت چونكە هەتا لەو حاڵەتانەشدا كە دەكەوێتە پێشەوەو هیچ ناوێكی لە پێشەوە نەهاتووە، ئەوا ناوەكە بەپێی جنسی خۆی، بە مۆرفیمێكی نێر یان مێ جێگیر دەكرێ و دەكەوێتە پێش ژمارەكەوە. واتە لەو كاتانەدا ژمارەكە ئەركی دیارخەرێكی دواوەی ناوەكە دەبینێت، نەك پێشەوەی ناوەكە.

ئێستا لە هەندێ زارۆچكەی ئەم دیالێكتەدا ، بەكارهێنانی وەك (دووەم ماڵ، یەكەم كوڕ، ... هتد) بەدی دەكرێت، بەڵام ئەمجۆرە بەكارهێنانە تا ئێستا بە چاكی جێگیر نەبووەو شوێنی خۆی نەكردۆتەوە. هەروەها سەبارەت بە ژمارەی (كەرت)یش هەر لە دۆخی خستنە سەردا دەبێت و خۆشی وەكو دیارخراو دەنوێنێت. وەك :

چارێكا زەڤیا خو دێ دەمە تە.

پێنج یەكا (پێنجێكا) سامانێ وی بەهرامن بوو.

بەهەر حاڵ، ژمارەی (بنجی)یش لە گەڵ ئەو ناوانەدا دەردەكەوێت، كە ناوی گشتی ڕووتی ژمێردراون و ناوەكانیش هەر دەبێ بە واتای كۆ بەكار هاتبن. جا ئەگەر ناوەكان نێر بن، یان مێ. وەك :

---

[1] ژمارەی بنجی ئەو جۆرە ژمارانەش دەگرێتەوە كە بە هۆی ئاوازی بەستنی (و) پێكەوە دەبەسترێن و لە ڕووی ڕۆنانەوە، ژمارەی پێكەوە بەستراویان پێ دەڵێن [١٦ : ٨٧].

١ –دو کوڕ / کچ هاتن.

٢– دو سەدو بیست و پێنج کوڕ / کچ دچنە ڤێ کونگرەیێ.

ا لە گەڵ ئەو ناوانەشدا دەردەکەون، کە مۆرفیمی (ان)ی کۆیان دەچێتە سەر. وەك:

١– دو کوڕان / کچان ئاڤ ڤە خوار.

٢– سەدو بیست و پێنج کوڕان / کچان ئاڤ ڤە خوار.

٢– ئەو چەندێتییانەی کە بە واتای (All)ی ئینگلیزی دێن. وەك (هەمی،گشت، ... هتد) [٢ : ٢٤].

ئەمانەش دەبنە دیارخەری ناوێکی گشتی ڕووتی ژمێردراوو نەژمێردراو بە مەرجێ ناوەکە بەواتای کۆ و ناسراوی بەکارهاتبێت.

وەك :

١– هەمی کوڕ / کچ هاتن.

٢– هەمی ماستاڤ هاتە ڕشتنێ.

دیسان ناوەکە (تەنها ئەوانەی کە دەژمێردرێن) دەتوانن مۆرفیمی (ان)ی کۆ وەربگرن. وەك :

١– هەمی کوڕان / کچان نان خوار.

٢– گشت مروڤان شارستانی دانا.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا مۆرفیمی (ان) ئەرکی کۆ و ناسراویشی بینیووە. هەروەها هەندێ جار ناوەکە دەتوانێ مۆرفیمی (ە ك)ی نەناسیاریش وەربگرێت. وەك :

١– هەمی کوڕەك / کچەك دشێت هو بکەت.

٢– هەمی بچویکەکێ ساڤا دێ شیری خوەت.

بەڵام لەم حالەتەدا وشە چەندێتییەکە واتا لە (هەمی – All) نادات، بەڵکو لە ڕووی تەئویلی سیمانتیکییەوە واتا لە (هەر – Every) دەدات. وەك :

١– هەر کوڕەك / کچەك دشێت هو بکەت.

٢– هەر بچویکەکێ ساڤا دێ شیری خوەت. [٢ : ٢٥].

٢– ئەو چەندێتییانەی کە بە واتای (some) یان (much)ی ئینگلیزی دێن[٢ : ٢٥]. وەك (هندە– هندەك، پێچەك، چەند، ... هتد) ئەمانەش بە شێوەیەکی گشتی، لە گەڵ ناوی گشتی ڕووتی ژمێردراو و نەژمێردراودا دەردەکەون و ناوەکەش هەر دەبێ بە واتای کۆ بەکار هاتبێت، جا ناوەکە نێر بێت، یان مێ. وەك:

١– هندە(ك) کوڕ / کچ هاتن.

١- وی / وێ هندەك پارە ژقاسێ ئینانەدەر.

واتە ئەم کۆمەڵەیەش لەگەڵ ناوی ناسراو نەناسراودا دەرناکەون.

* ١- هندەك کوڕەك / کچەك هاتن.

*٢- هندەك کوڕی / کچێ نان خوار.

لەم کۆمەڵەیەشدا تەنها (چەند) ئەگەر بە مەبەستی پرسیار بەکار نەهاتبوو (واتە بە مەبەستی چەندێتی بەکارهاتبوو) ئەوا دەتوانێ لە گەڵ ناوێکی نەناسراو بەهۆی (ەك)ەوە دەرکەوێت. وەك:

١- چەند کوڕەك هاتن.

٢- چەند کچەك هاتن.

ئەم کۆمەڵەیەش (جگە لە چەند[1]) دەتوانن لە گەڵ ئەو ناوانەشدا دەرکەون کە مۆرفیمی (ان)ی کۆیان چۆتە سەر. جا ناوەکە نێر بێت، یان مێ. وەك:

١- هندەك کوڕان نان خوار.

٢- هندەك کچان نان خوار.

هەردوو جۆری ئەم کۆمەڵە چەندێتییەش وەکو دیارخەرێکی پێشەوەی ناوێك، بە شێوەیەکی گشتی دەکرێ بە هۆی ئەم دوو یاسایەی خوارەوە بنوێنرێن:




..یاسای ژمارە (١٢)

ف ن ← چەندێتی + ن گ + ان (ك ك[2] ج)

..یاسای ژمارە(١٣)

هەر سێ جۆرە چەندێتییەکەش دەتوانن ئەرکی سەرەی فرێزێکی ناوی ببینن، ئەگەر پاڵپشتێکی سیمانتیکیان هەبێت. وەك :

١- دو هاتن.

٢- هەمی هاتن.

٣- هندەك هاتن.

---

[1] هەر چەندە لە (ك.ژ)دا لە هەندێ حاڵەتدا مۆرفیمی (ەك)ی نەناسیاری و مۆرفیمی (ا)ی کۆ پێکەوە دێن. وەك : کوڕەکا، کچەکا. بەڵام ئەم جۆرە بەکارهێنانە کەمەو نابێتە یاسایەکی گشتی.

کەواتە سەرەی فریزێکی ناوی لە زمانی کوردی (ك.ژ)دا دەکرێبە هۆی سێ دیارخەری پێشەوە فراوان بکرێت. ئەم سێ دیارخەرەش تا ڕادەیەك شوێنەکانیان جێگیرەو بەم ڕیزبوونەی خوارەوە ڕیز دەبن.

بەندکەرەکان + ئاوەڵناوە نیشانەکان + چەندێتییەکان + سەرە

١ ٢ ٣

واتە لە هەر شوێنێ لە دیار خەرێك زیاتر هەبوو، ئەوا ڕیز کردنێکی جێگیری توند هەیە، کە ئەم دیار خەرانە ڕیز بکات [٤٨ : ١٩٩]. بۆ نموونە ((یاسایەك هەیە، کە دەڵێ: ((چەندێتی دەبێ لە پێش ناوەوە بێت)) [١ : ٣].

یان ((لە ڕیزبوونی کەرەسەکاندا ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە لە شتی دیارەوە دەڕوات بۆ نادیار)) [٤ : ٦٢]. سەیری ڕێزمانی و نا ڕێزمانی ئەم ڕستانەی خوارەوە بکە، کە ڕاستی ئەم یاسایانەی سەرەوە دەسەڵمێنن.

١-هەر ئەڤ دو کوڕە هاتن.

*٢- دو هەر ئەڤ کوڕە هاتن.

*٣- ئەڤ دو هەر کوڕە هاتن.

کەواتە بە شێوەیەکی گشتی شوێنی یەکەم تایبەتە بە بەندکەرەکان و شوێنی دووەم بە ئاوەڵناوە نیشانەکان و شوێنی سێیەمیش بە چەندێتییەکان (کە پێشتر خستمانە ڕوو).

ئەمانەش هەر سێکیان پێکەوە دەتوانن بکەونە پێش ناوێك و ئەرکی دیارخەری ناوەکەش ببینن. سەرەی ئەمجۆرە فریزەش یا ناوێکی گشتی ڕووتە و هیچ مۆرفیمێکی نێر و مێ و کۆو نەناسیاری ناچێتە سەر (جگە لەو پاشگرە بزوێنەی ئاوەڵناوی نیشانەی جۆری یەکەم) و ناوەکەش هەر دەبێ بە مەبەستی کۆ بەکار هاتبێت. وەك :

١- هەر ئەڤ چەند کوڕە / کچە هاتن.

٢- هەر ئەڤ دو کوڕە / کچە هاتن.

فۆرمێکی تری سەرەی ئەمجۆرە فریزە، ناوێکی گشتیە و مۆرفیمی (ان)ی کۆی چۆتە سەر[1]. وەك :

١- ڤان هەر دو کوڕا / کچا هاتن .

٢- وان هەر دو کوڕا / کچا هاتن.

هەر دوو فۆرمی ناوەکەش لەگەڵ ئەم دیارخەرانەدا، دەکرێ بە هۆی ئەم یاسایانەی خوارەوە بنوێنرن:

---

[1] لەم حاڵەتانەدا ئاوەڵناوی نیشانەکەو چەندێتییەکە شوێن گۆڕکێ دەکەن.

ف ن ← بەندكەر + ئان ج[1] + چەندێتی + ن گ + (ە / ϕ) (ك ك[1] ج) ... یاسای ژمارە (١٤)[1]

ف ن ← ئان.ج[2] + بەندكەر + چەندێتی + ن گ + ان (ك ك[2] ج) ...یاسای ژمارە (١٥)

بەڵام ئەمجۆرە بەكارهێنانە بە ڕێژەیەكی زۆر كەم و لە سنورێكی تەسكدا بەكاردێت.
واتە ئەمجۆرە یەكگرتنە ڕوونادات، كە هەرسێ دیارخەرەكە (بەندكەرەكان، ئاوەڵناوەنیشانەكان، چەندێتییەكان) پێكەوە هاتبن. چونكە شوێنی دووەم ناوەندی ترین شوێنی دیارخەرەكانە، بە پێچەوانەوە، بەندكەرەكان كەمتر ناوەندین و بەشێوەیەكی زۆر جیاواز لە ئاوەڵناوە نیشانەكان و چەندێتییەكان ئەرك دەبینن. بۆ نموونە لە ڕۆنانێكی وەك ( هەر ئەڤ دوو كوڕە) وشەی (هەر) ئەركی دیار خەری هەموو ڕۆنانەكەی (ئەو دوو كوڕە)ی بینیوە، نەك (كوڕ) یان (ئەو) بە تەنها. كەواتە ئێمە پێویستمان بە ئاستە جیاوازەكانی فرێز دەبێت بۆ ئەوەی بتوانین (هەر) لە بەشەكانی تری فرێزە ناوییەكە (كەناوێك سەرە سەركییەكەیەتی) جیابكەینەوە. بەمجۆرە فرێزە ناوییەكان كورت دەكرێنەوە (بەند دەكرێن) بۆ ئەو فرێزانەی كە ئەم وشە بەند كەرەیان تێدا نیە [ ٤٨ : ٢٠٠ ] .

سەیری ئەم ڕۆنانانەی خوارەوە بكە :

١- ئەڤ هەمی كوڕە
٢- ڤان هەمی كوڕان
٣- ئەڤ چەند كوڕە

دەبێ سەرنجی ئەوەش بدەین كە هەندێ جار چەندێتییەكە دەتوانێت بێتە شوێنی ئاوەڵناوەنیشانەكەو ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕانێكی كەم لە واتادا. سەیری ئەم دوو فرێزە ناوییەی خوارەوە بكە:

١- ئەڤ هەمی زەڤییە
٢- هەمی ئەڤ زەڤییە

لە فرێزی یەكەمدا (هەمی زەڤییە) وەك چەند پارچە زەوی لێك دەدرێتەوە، بەڵام لە دووەمدا وەكو یەك پارچە زەوی لێك دەدرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش تەنها چەندێتییەكانی (هەمی، گشت) دەتوانێ بواری ئاوەڵناوە نیشانەكە بەند بكات، سەبارەت بە دیار خەرەكانی تر، تەنها یەك جۆرە ڕیزكردن هەیە، كە تێیدا ئاوەڵناوە نیشانەكان لە پێش چەندێتییەكانەوە دێن وەك:

١- ئەڤ چەند كوڕە
*٢- چەند ئەڤ كوڕە [٤٨ : ٢٠٠]

لێرەدا بە پێویستمان نەزانی بۆ هەر یەكێك لەم فرێزە ناوییانەی دوایی یاسایەك دابرێژین و وەسفێكی وردی ڕۆنانەكانیشیان بكەین. بەڵام خاڵێكی گرنگ هەیە كە دەبێ تێبینی بكرێ

---

[1] ئەم یاسایانە هەندێك بە درشتی خراونەتە ڕوو.

ئەویش ئەوەیە کە لە زمانی فارسیدا شوێنی چوار دیار خەر لە پێش سەرەی فرێزێکی ناوییەوە دیاریکراوە. بەم شێوەیەی خوارەوە :

این یك نفر پیر زن بیچار

ان دو نفر جوان مرد

کدام چهار جلد شهادت نامه

هر سه دست جوجه کباب [ ٤٧ : ١٣٩]

ئەمجۆرە ڕۆنانانە زۆر جار لە زمانی کوردیشدا بەرچاو دەکەون، وەك :

ئەڤ هەر دوو پیرە مێرە

هەر هەموو ئەو سورە گولانە

بە بۆچوونی د.محەمەد عەبدول ڕۆنانەکانی وەك (پیرەمێرد، سورەگوڵ،...هتد) لە نێوان فرێزو وشەی لێکدراودان [1] . بەڵام بەلای ئێمەوە ئەم جۆرە ڕۆنانانە وشەی لێکدراون و فرێز نین.

بەڵام دەبێ تێبینی ئەوەش بکەین، کەوا مەرج نیە هەموو جارێك دیارخەرەکانی پێش سەرەی فرێزێکی ناوی یەکێك بێت لەم سێ دیارخەرەی کە پێش ئێستا دیاریمان کردن، بەڵکو کەرەسەی تریش هەن کە دەتوانن بکەونە پێش ناوی سەرەو بێ نیشانەکانی خستنە سەر لەگەڵ ناوەکەدا لێك بدرێن و ئەرکی دیارخەری ناوەکەش ببینن.

وەك :

٤- ئاوەڵناوی پلەی باڵا

ئەمەش یان لەگەڵ ناوێکی گشتی ڕووت دا دەردەکەوێت . وەك:

باشترین پزیشك ل نەخۆشخانا گوندێ مەیە.

پیروزترین پەیام پەیاما ماموستایە.

| ف ن ⟵ ئاپب + ن گ ( ك ك[1] ج) |
|---|

...یاسای ژمارە (١٦)

یان ناوێکی گشتیە و مۆرفیمی (ی) بۆ نێرو ( ێ) بۆ مێ چۆتە سەر. وەك :

باشترین پزیشکی چارەسەریا وی کر.

باشترین پزیشکێ چارەسەر یا وێ کر.

| ف ن ⟵ ئاپب+ ن گ + < (ی) نێر / (ێ) مێ > (ك ك[2] ج) |
|---|

...یاسای ژمارە (١٧ )

---

[1] موحازەرەکانی سینتاکس / دکتۆرا، بەشی کوردی، کۆلیجی زمان ، زانکۆی سلێمانی، ١٩٩٩-٢٠٠٠.

٥- بریناو [١] :

بریناویش وەك هەر دیارخەرێکی فریزی ناوی دەکەونە پێش، یان دوای ناوی (سەر)ەوە. ئەوانەی کە دەکەونە پێش ناوەکەوە پێیان دەڵێن بریناو و ئەوانەی کە دەکەونە دوای ناوەکەوە (لەقەب)یان پێ دەڵێن [ ٣٤ : ٣١] .

بەڵام ئێمە لەم بەندەدا تەنها بریناوەکان وەردەگرین و لەگەڵ ئەو ناوانەدا بەکاریان دێنین کە دەبنە سەرەی فریزێکی ناوی. هەرچەندە بە پێی بۆچوونی هەندێ سەرچاوە، پەیوەندی نێوان ناوەکە و بریناوەکە دیار خەرو دیارخراو نیە.

سەیری ئەم ڕستەیەی خوارەوە بکە:

ماموستا ئازاد هات.

واتە هەردوو وشەی (ماموستا) و (ئازاد) سەرەن [٥ : ١١] .

بەڵام بە بۆ چوونی ئێمە ئەم بریناوانەش هەر ئەرکی دیارخەر دەبینین و لەم ڕستەیەی سەرەوەدا وشەی (ماموستا) بۆتە دیارخەری ناوی (ئازاد). ئەم بریناوانەش دابەش دەبن بەسەر ئەم جۆرانەی خوارەوەدا وەك :

١- بە پێی دەسەڵاتی ئایینی: شێخ، مەلا، صوفی ،فەقێ، ........هتد .

٢- بە پێی دەسەڵاتی سیاسی: سولتان ، سەرۆك ، میر ، شا........هتد.

٣- بەپێی پیشە: ماموستا، دکتوز..........هتد.

٤- بە پێی پلەی نزیکی وخزمایەتی: مام، خال، ژنمام، خوشك، هەڤال، ....هتد[١ : ٣٢].

ئەم بریناوانەش زیاتر لەگەڵ ناوی تایبەتیدا دەردەکەون، جا ناوە تایبەتییەکە یان ناوێکی ڕووتە وەك.

١- مەلا ئەحمەد هات.

٢- ماموستا ئازاد برایێ منە.

٣- شا عەباس چوویە ئەستەمبوڵ.

| | |
|---|---|
| ف ن ← بریناو + ن ت (ك ك[١] ج) | .......یاسای ژمارە (١٨) |

یان مۆرفیمی (ی) بۆ نێرو (ێ) بۆ مێ دەچێتە سەر. وەك :

[١] ئەم زاراوەیەمان بە واتای (بدل - بریتی) بەکارهێناوە و لەسەرچاوەی [ ٣٤ : ٣١] وەرگیراوە.

١- ماموستا ئازادی دەرسەك دا مە.

٢- ماموستا نەسرینێ دەرسەك دا مە.

٣- مەلا ئەحمەدی گوتارەکا باش خوێند.

(ی) نێر
ف ن ← بریناو+ ن ت + > < (ك ك[2] ج)
(ێ) مێ

...یاسای ژمارە(١٩)

٦-ئامرازی پرسیار :

هەندێ لە ئامرازەکانی پرسیاریش ، وەك (کی، کێ، کیژ، چەند، چ، ....هتد)[1] لە ڕستەی پرسدا دەتوانن ئەرکی دیارخەری ناوێك ببینین، ئەمانەش یا لەگەڵ ناوێکی گشتی ڕووتدا دەردەکەون وەك:

١- کیژ کوڕ لاوە؟

٢-کیژ کچ بەدەوە (ڕەندە) ؟

٢- چەند کوڕ هاتن؟

٣- چەند کچ هاتن؟

یان ناوەکە لەگەڵ هەندێ جۆری ئەم ئامرازانەدا بۆ نموونە وەك (چ) دەتوانێ مۆرفیمی (ەك)ی نەناسراویش وەربگرێت.

١- چ کوڕەك هاتیە مالامە.

٢- چ کچەك هاتیە مالامە.

ە
ف ن ← ئامپ + ن گ + > <(ك.ك[1] ج)
ەك

.....یاسای ژمارە (٢٠)

ناوەکە دەتوانێ (ی) بۆ نێرو (ێ) بۆ مێ وەربگرێت وەك:

---

[1] هەندێ لە ئامرازەکانی پرسیار ، بە تایبەتە یش (کی، کێ )هەر لە بنچینەدا بە پیێ جۆری کاردوە دابەش کراون . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە [ ٢٢: ٢٥٥-٢٥٦]

١- کیژ کوڕی ئەڤە گۆت؟

٢- کیژ کچێ ئەڤە گۆت؟

ناوەکە دەتوانێ مۆرفیمی (ەك)ی نەناسیاری و (ی) بـۆ نـێرو و (ێ) بـۆ مـێ وەربگرێـت. وەك:

١-چ کوڕەکی نامە نڤیسی.

٢- چ کچەکێ نامە نڤیسی.

(ی) نێر ، (ێ) مێ
ف ن ←— ئامپ + ن گ + > < (ك ك٢ ج)
(ەکی) نێر، (ەکێ) مێ

.....یاسای ژمارە (٢١)

جێی سەرنجە، تەنها (چـەند) ئەگـەر وەکـو ئـامرازێکی پرسـیار بـەکارهاتبوو ئـەوا دەتوانێ لەگەڵ ناوێکدا دەرکەوێت، کە مۆرفیمی (ان) ی کۆی چـوو بێتـە سـەر، ئەمـەش تەنـها لەگـەڵ جۆری دووەمی کارەکاندا دەبێت.وەك:

١- چەند کوڕا نان خوار؟

٢- چەند کچا نان خوار؟

ف ن ←— ئامپ (چەند) + ن گ + ا ن (ك ك٢ ج)

........یاسای ژمارە (٢٢)

هەرچەنـدە هـەنـدێ لـە ئـامـرازەکـانی پـرسیـار، لـە دەوروبەرێکـی بەنـدکـراودا (context restricted) دەتوانن لەگەل ناوی تایبەتیش دا دەرکەون. وەك:

١- کیژ ئازاد /ئازادی.

٢- کیژ نەسرین / نەسرینێ.

٣- چەند ئازاد / نەسرین.

بـەڵام لەبەرئـەوەی ئەمـە پـەیوەندی بەدەوربـەری قسـەکردنەوە هەیـە، نـاکرێ کـە ببێتـە یاسایەکی گشتی. هەروەها ئامرازەکانی پرسیار دەتوانن ئەرکی سەرە و تەواوکەریش ببینن وەك:

١- کێ هاری تە کر ؟ (سەرە)

٢- برایێ تە ل کیرێیە ؟ (تەواوکەر)

٧- جێناوی نەفی.

جێناوی نەفیش لە هەندێ سەرچاوەدا، هەر بە ئەندامێکی چەندێتی دانراوەو هەر واشە، چونکە لە ڕووی واتاوە هەر چەندێتی ناوێك دەردەخات[1].

سەبارەت بە جێناوی نەفی لە (ك.ژ)دا د. ئەورەحمانی حاجی مارف دەڵێت ((هەرچەندە لە دیالکێتی (ك.ژ)دا (هیچ ، چ) وەك جێناوی نەفی دەبینرێن، بەلاَم وشەکانی (تو، قەت) کە بە مانای (هیچ) بەکاردێن، زۆرتر لە کاردان[ ١٤: ٢٨١] .

بە بۆچوونی ئێمە ئەم دیاریکردنەی د. ئەورەحمانی حاجی مارف پەیوەندی بە زارۆچکەکانی ئەم دیالێکتەوە هەیە و ئەوانەی ئەو دیاری کردوون، ل زارۆچکەکانی بادینی بەکارنایەن، بە تایبەتیش (تو) ، بەڵکو وشەی (چو) زیاتر وەك جێناوی نەفی بەکاردێت و ڕستەکەش هەر دەبێت لە شێوازی نەرێدا بێت و ئەو ناوەی کە جێناوێکی نەفی دەبێتە دیار خەرێکی پێشەوەی ، یا ناوێکی گشتی ڕووتە. وەك:

١- چو پاوان نەبون تێدا بمینن ژێ نەدەرکەڤن.

٢-چو برین ب درستی پێ نەتاتنە دەرمانکرن.

٣- من چو ڕێ نەمان، تو ژ کەرێ ڕکێ ناهییە خارێ.

هەروەها ناوەکە دەتوانێ مۆرفیمی (ەك) ی نەناسراویش وەربگرێت. وەك:

١- چو کورەك پێ نەحەسی یا.

٢- چو کچەك پێ نەحەسی یا.

ف ن ⟵ جێناوی نەفی+ ن گ + < ϕ / وك > (ك ك[1] ج) ........یاسای ژمارە (٢٣)

فۆرمێکی تری ناوەکە ئەوەیە کە دەتوانێت مۆرفیمی (ان )ی کۆ ، بۆ نێرو مێ وەربگرێت. وەك:

١- ئەز ب چو ڕێکا ژ دەست تەقورتال نابم.

٢- ب چو ڕەنگان دەستا ژ من بەرنادەت.

ف ن ⟵ جێناوی نەفی + ن گ + ا ن (ك ك[2] ج) ........یاسای ژمارە (٢٤)

دەبێ تێبینی ئەوە بکەین کە ئەم دیارخەرانەی دوایی ناتوانن پێکەوە، یان لەگەڵ سێ دیارخەرە سەرەکییەکەی تر بچنە سەر ناوێك. هەرچەندە هەندێ مامۆستای زمان، ڕۆنانێکی وەك

---

[1] بروانە [٤٨ :١٩٩ ]، [٥١، ٢٣٣]

(کام جوانترین دوو کچ) یان بە ڕۆنانێکی ڕێزمانی لە قەڵەم داوە[١] . بەڵام بە بۆ چوونی ئێمە ئەمجۆرە ڕۆنانە، ڕۆنانێکی نارێزمانییە.

## ٤-٣-٢-٢ دیارخەرەکانی پاش سەرە[٢] Post – head modifier

هەموو ئەو کەرەسە ڕێزمانییانەی کە دەتوانن ئەرکی دیارخەرێکی پاش یان (دواوە)ی سەرەی فرێزێکی ناوی ببینن و فرێزەکەش لە دوواوە (لای چەپ) دوە فراوان بکەن، لە دیالێکتی (ک.ژ)دا هەردەبێ بە هۆی نیشانەکانی خستنە سەرەوە لەگەڵ ناوەکەدا لێک بدرێن[٣]. نیشانەکانی خستنە سەریش لە (ک.ژ)دا، بە شێوەیەکی گشتی لەم شێوانەی خوارەوەدا دەبینرێت:

– ێ : بۆتاکی نێر. وەك کوڕێ من
– آ : بۆ تاکی مێ . وەك : کچا من
– ێن (ێت، ێد): بۆ کۆی نێرو مێ وەك : کوڕێن / کچێن مە [ ١٨: ٢٦].
– ی : بۆ تاکی نێری نەناسراو بەهۆی (ەك)ەوە. وەك : کوڕەکی زیرەك.
– ە : بۆتاکی مێی نەناسراو بەهۆی (ەك) ەوە. وەك : کچەکە زیرەك [١٣ :٢٤٢-٢٤٣].
نە: بۆ کۆی نێرو مێی نەناسراو. وەك کوڕنە / کەچنە زیرەك [ ٤٦ :٢٩] .

کەواتە نیشانەکانی خستنە سەر بە پێی جنس و ژمارە و ناسراوی ونەناسراوی ناوی دیارخراو ەوە دیاریکراوە، هەروەها زارۆچکەکانی سەر بەم دیالێکتەش لە دیاریکردنی نیشانەکانی خستنە سەر دەوریان بینیوە. بۆ نموونە ناوچەکانی (دهۆك، زاخۆ، ئامێدی) ئێستا لە نووسینە ئەدەبی و ڕێزمانییەکانیاندا هەر ئەو سێ نیشانەیەی خوارەوە بۆ خستنە سەر بەکار دێنن، جا ئەگەر ناوەکە ناسراو بێت، یان نەناسراو. وەك :

– ێ: بۆ تاکی نێر.
– آ : بۆ تاکی مێ.
– ێن : بۆ تاکی نێرو مێ.

سەیری ئەم ڕستانەی خوارەوە بکە کە دەقاودەق لەو سەرچاوانەوە وەرگیراوەکە لە خوارەوەی ڕستەکاندا ئاماژەیان بۆ کراوە :

١– شارێ هەڤلێرێ شارەکێ دیروکیە.

---

[١] قیس کاکل توفیق،سینتاکسی پۆلی سێیەم، بەشی کوردی، کۆلێجی پەروەردە، ساڵی خوێندنی ١٩٩٨-١٩٩٩.
[٢] لەم بەندەشدا دیارخەرەکانی دواوە لەگەڵ ناوێکدا بەکاردێنین، کە هیچ دیارخەرێکی پێشەوەی لەگەڵدا بەکارنەهاتبێت.
[٣] هەندێ کەرەسە هەن ، کە لە هەندێ حاڵەتدا دەتوانن بێ نیشانەی خستنە سەریش لەگەڵ ناوەکەدا لێك بدرێن.

٢- شۆڕەشا کوردی، شۆڕەشەکا سەرانسەرییە.

٣- پەرتوکێن دارای پڕ سپەهی نە. [٦٧:٢٧][1].

٤- ڤان کوڕو کچان گۆڤەندەکا ڕەشبەلەك گرێدا.

٥- دوستێ سەرداری زیرەکە.

٦- یارا سەربەستی گوڵ ئەندامە. [٢٢: ١٦٨-٢٤١][2].

جێی سەرنجەکە لە شێوە ئاخاوتنی هەندێ زارۆچکەی سەر بەم دیالێکتەدا بۆ نموونە (زاخۆ) نیشانەی خستنە سەر بۆ ناوێکی نەناسراو بەهۆی (ەك)ەوە دەبێتە (بزرۆکە - ٦).. وەك :

١-کچکەك زیرەك هات.

٢- کوڕکەك زیرەك هات.

بەهەر حاڵ ئێمە لەبەشەکانی داهاتوودا، هەر ئەو سێ نیشانەی خستنە سەرە بەکاردێنن، کە ئەم نووسەرانە دیاریان کردووە جا ناوەکە ناسراوبێت، یا نەناسراو، بەم شێوەیەی خوارەوە:

- ێ : بۆتاکی نێری ناسراو[3] ونەناسراو

- آ : بۆ تاکی مێیناسراو نەناسراو.

- ێن : بۆ کۆی نێرو مێی ناسراو نەناسراو.

بەڵام بەر لەوەی باسی دیارخەرەکانی دواوەی فرێزی ناوی بکەین، دەبێ تێبینی ئەوەش بکەین، کەوا هەندێ جۆری فرێز، کەرتەکانیان بەهۆی ئامرازی بەستنی (و)ەوە لێك دەدرێن. وەك:

١- کوڕو کچ هاتن.

٢- کوڕان و کچان گۆڤەندەکا ڕەشبەلەك گرێدا.

هەرچەندە ئەمجۆرە ڕۆنانانە هەردەبێ بە فرێز بژمێردرێن، بەڵام پەیوەندی نێوان کەرتەکانی دیار خەرو دیارخراو نیە. واتە فرێزەکە ناتوانێ دەسەلات بەسەر کەرتەکانیدا دابەش بکات بەڵکو کەرتەکان خۆیان لە نێوان خۆیاندا دەسەڵات بەش دەکەن[٥ :١١] .

ئەمجۆرە فرێزەش خاوەنی کۆمەڵێك خاسیەتی تریشە، بەڵام بە پێویستمان نەزانێ هەر هەموویان لێرەدا بخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە [4] .

---

[1] نووسەری سەرچاوەکە خەڵکی دهۆکە.

[2] نووسەری سەرچاوەکە خەڵکی ئامێدییە

[3] لێرەدا مەبەست لە ناسراو ئەوەیە کە ناوەکە مۆرفیمی نەناسراوی (ەك)ی نەچووبێتە سەر.

[4] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی خاسیەتەکانی ئەمجۆرە فرێزە و جیاوازیـیان لەگەڵ وشەی لێکدراوی بەستراوێدا بڕوانە [٣٧ : ١٣٩- ١٤٢] .

ڕۆنانی ئەمجۆرە فریزەش دەکرێ بە یاسایەکی زۆر گشتی (واتە درشت)ی وەك ئەمەی خوارەوە بنوێنرێت .

ف ن ⟵ ناو + و+ ناو + و+ناو ...........     ........یاسای ژمارە (٢٥)

ئێستا با بێینەوە سەر باسی دیار خەرەکانی پاش سەرە، کە بریتین لەم کەرەسانەی خوارەوە.

١- ناو:

هەموو ئەو جۆرە ناوانەی کە ئەرکی دیار خەرێکی دواوەی فریزێکی ناوی دەبینین، سەرەڕای ئەوەی کە بەهۆی نیشانەیەکی خستنە سەر، کە بە پێی جنس و ژمارەی ناوەکەوە دیاری دەکرێت، لەگەڵ ناوی سەرەدا لێك دەدرێن، بەڵام ناوە دیار خەرەکەش(ی) بۆ نێرو (ێ)ی بۆ مێ دەچێتە سەر، جا ئەگەر ناوە دیار خراوەکە تاك بێت، یان کۆ بێت. سەیری ئەم پێکهاتانەی خوارەوە بکە:

١-کوڕێ سەرداری

٢-کوڕێن سەرداری

٣-کچا نەسرینێ

٤-کچێن نەسرینێ

٥-سەعەتا زێڕی

٦-سەعەتێن زێڕی

ئەمەش دەکرێ بەهۆی ئەم یاسایەی خوارەوە بنوێنرێت:




...یاسای ژمارە(٢٦)

جێی سەرنجە کە لە کاتی داڕشتنی چەند یاسایەك بۆ سەرەی فریزێکی ناوی فراوانکراو بەهۆی دیارخەرەکانی دواوە، ئاماژە بۆ جۆری کارە بەکارهاتووەکە لە ڕستەکەدا ناکەین، چونکە جۆری کارەکە هیچ کاریگەریەکی لەسەر فۆرمی ئەو ناوانەدا نابێت کە لە دۆخی خستنە سەردا دەبن.

٢- جێناو:

سەبارەت بە جۆرەكانی جێناویش، تەنها جێناوە كەسییە جوداكان بەشێوەیەكی چالاك وەكو دیارخەرێكی دواوەی فرێزی ناوی بەكاردێن و بۆ ئەم مەبەستەش تەنیا كۆمەڵەی دووەمی جێناوە جوداكان دەتوانن ئەم ئەركە ببینن. وەك :

كورێن من/ تە /وە /وان ...هتد .




...یاسای ژمارە(٢٧)

٣- چاوگ

چاوگیش وەكو بەشێكی ئاخاوتن دەتوانێت ئەركی دیارخەرێكی دواوەی فرێزی ناوی ببینێت، بەڵام هەموو چاوگەكان كاتێ كە ئەركی دیارخەرێكی دواوە دەبینن، مۆرفیمی (ێ)ی مێیان دەچێتە سەر، چونكە هەموو چاوگێك لە (ك.ژ)دا (مێ)یە [ ٢٢ : ١٧٧] . بۆ نموونە:

١-ژوورا نڤستنێ

٢-دەرزیكا دروینێ

٣-جهێن خویندنێ




..یاسای ژمارە(٢٨)

٤- ئاوەڵناو:

ئاوەڵناو دیارخەرێكی چالاكی دواوەی فرێزی ناوییەو، سەبارەت بە جۆرەكانی ئاوەڵناویش لە ڕووی فۆرمەوە تەنها ئاوەڵناوی سادە زیاتر لەم دۆخەدا دەبینرێت و ئاوەڵناوەكەش هیچ مۆرفیمێكی ناچێتە سەر[1] وەك:

١-كوڕێ / كورەكێ زیرەك هات .

٢-كچا/ كچەكا زیرەك هات .

---

[1] دواتر بە درێژی لەو جۆرە فرێزە دەدوێین، كە ئاوەڵناوێك یان زیاتر دەبێتە دیار خەری.

٣-کورێن / کچێن زیرەك هاتن .




...یاسای ژمارە(٢٩)

٥- ژمارە :

لە جۆرەکانی ژمارەدا تەنها ژمارەی پلەیی (تەرتیبی) دەتوانێ ئەرکی دیارخەرێکی دواوەی فرێزی ناوی ببینێت. وەك :

١- ڕەندەکا شەشێ، ڕەندەکا سابوین کەرانە.

٢- خانییێ هەشتێ مالا مەیە.




...یاسای ژمارە(٣٠)

سەبارەت بە ئەرکی ژمارەی پلەیی صادق بهاءالدین ڕای وایە کە ژمارەی پلەیی (تـەرتیبی) چ بکەوێتە پێش، یـان دوای نـاوی دیـارخراوەوە، ئـەوا نـاوە دیارخراوەکـە ( ژمێردراوەکـە - مەوسوف)ەکە هەردەبێ بە واتای تاك بەکارهاتبێت. وەك :

١- خانییێ هەشتێ

٢-شاگردێ دوێ

٣-یێ هەشتێ خانییێ نەسرینێیە.[1]

بەڵام ئێمە وای بۆ دەچین کە دەکرێ ناوە ژمێردراوەکە لە دۆخی (کۆ)شدا بێـت سـەیری ئەم دوو ڕستەیەی خوارەوە بکە :

١- شاگردێ دوێ هات. (تاك)

٢- شاگردێن دوێ هاتن. (کۆ)

٦- لەقەب.

مەرج نیە هەموو جۆرەکانی لەقەب هەر لە دۆخی خستنە سەر، لەگـەڵ نـاوی دیـارخراودا لێك بدرێن. کەواتە هەندێ ناوی لەقەب وەکو دیارخـەرێکی دواوەی سـەرەی فرێزێکـی نـاوی

[1] بەبۆچوونی ئەو، کاتێك ژمارەی پلەیی دەکەوێتە پێش ناوی ژمێردراوەوە، کە کاری بەدوادا هاتبێت واتە تەنها لەکاتی دروست بوونی ڕستەدا، دەکەوێتە پێش ناوە ژمێردراوەکەوە.

دەکرێ کە بە هۆی نیشانەکانی خستنە سەر لەگەڵ ناوەکەدا لێك بدرێن و لەقەبەکەش هیچ مۆرفیمێکی ناچێتە سەر وەك:

١- ئامینا خەیات

٢- مەجیدێ ئاسینگەر

کەچی هەندێ جۆری لەقەب بەبێ نیشانەی خستنە سەریش لەگەڵ ناوەکەدا لێك دەدرێن و لەقەبەکەش، بە پێی جۆری کارەکە فۆرمەکەی دیاری دەکرێت. چونکە وەکو ناوێکی لێکدراو خۆی دەنوێنێت. وەك:

١- ئوسمان پاشا ژ ئەستەمبولێ هاتەڤە.

٢- سەلیم بەگی نامەك نڤیسی.

بەلای ئێمەوە ناوی فامیلیاش هەر جۆرێکی لەقەبە. ئەمانەش وەکو جۆرەکانی تری لەقەب، دەکرێ کە بەبێ نیشانەکانی خستنە سەر لەگەڵ ناوە دیارخراوەکەدا لێك بدرێن. وەك :

خەلیل دۆسکی

رەشید سندی

بەپێی هەندێ بیرورا ئەمجۆرە لێکدانە، لاسایی کردنەوەی شێوەی عەرەبییە. وەك :

خلیل الدوسکی

رشید السندی

واتە ئەمجۆرە لێکدانە لە (ك.ژ)دا بە ناسروشتی دادەنرێت و، وا پەسندترە کە بەهۆی نیشانەی خستنەسەرەوە لەگەڵ ناوەکەدا لێك بدرێن. وەك :

مەلایێ جزیری

ئەحمەدێ خانی

هەرچەندە هەموو جۆرەکانی لەقەب ناکرێ کە یاسایەکی ووردیان بۆ دابرێژرێت، بەلام دەکرێت کە تا ڕادەیەك بەهۆی یاسایەکی وەك ئەمەی خوارەوە بنوێنرێت:




....یاسای ژمارە(٣١)

٧- پاڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری [1] :

---

[1] پارستە و جۆرەکانی یەکێکە لە خاسیەتەکانی ڕستەی ئالۆز، بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم بابەتە. بڕوانە [ ١٧ : ٣٥-٦٥ ]، [ ٢٥ :٧٦-٩١]

هەندێ جار دیارخەری دواوەی فریزێکی ناوی لە شێوەی پارچە (Clause) یشدا خۆی دەنوێنێت و دەکرێ کە بەهۆی نیشانەی خستنەسەر، یابەبێ نیشانەکانی خستنەسەر لەگەڵ ناوی سەرەدا لێك بدرێن. وەك:

مەزن ، کو هەڤالێ دلسوژێ من بوو، دەم و دەس مر.

ئەو یێ کو ئاگر کر کورێ تەبوو.




....یاسای ژمارە (٣٢)

دوای ئەوەی کە هەموو جۆرە دیارخەرەکانی دواوەی (فریزی ناوی)مان خستە ڕوو تێبینی ئەوە دەکەین کە هەر هەموویان لە دوو شێوەی جیاوازدا دەبینرێن، یا ناو و کۆمەڵەی ناوین، وەك ( جێناو و ئاوەڵناو ....هتد). یان لە شێوەی پارستەی بەندکراو و بەندنەکراودا دەردەکەون. بەڵام ئەوەی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە باسەکەی ئێمەوە هەیە، ناو و کۆمەڵەی ناوین. ئەم کۆمەڵە دیارخەرەش، کە بەهۆی نیشانەکانی خستنە سەر لەگەڵ ناوی سەرەدا لێك دەدرێن و بەهۆی گەلێك خاسیەتی واتایی جیاوازەوە پەیوەندی نێوان سەرەو دیارخەرەکان دەردەبڕن. وەك (خاوەنێتی ، شوێن، وەسف، گرتنەخۆ، ..... هتد) [ ٤٥ : ١٥٨]. هەروەها خاوەنی وەسفێکی ڕۆنانیی لەوە وردترن کە ئێمە بەم شێوە گشتییەی بەر لە ئێستاداو بەهۆی چەند یاسایەکەوە خستمانە ڕوو. بەڵام ئەگەر بە ووردی سەرنجیان لێ بدەین دەبینین هەر هەموویان کاتێ کە ئەرکی دیارخەرێکی دواوەی ناوێك دەبینن، هەندێ لە خاسیەتە سەرەکییەکانی خۆیان لەدەست دەدەن و لە خاسیەتی ئاوەڵناو نزیك دەبنەوە، واتە وەکو پێکهاتێکی وەسفییان لێ دێت و شوێنی ئاوەڵناوێك دەگرن[ ٣٣ : ٤٨٨]. هەرچەندە ئاوەڵناویش لە ڕستەی زمانی کوردیدا، شوێنێکی تایبەتی بۆ تەرخان نەکراوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەرکی سەرەکی ئاوەڵناو دیارخەری خاسیەتی ناوە [١٥ : ٥٨].

کەواتە ئاوەڵناو دیارخەرێکی چالاکەو بەشێوەیەکی فراوانیش لەگەڵ فریزی ناویدا بەکاردێت. جا بۆ ئەوەی ڕۆنان و وەسف کردنێکی وردو زانستیانەی سەرەیەکی فراوانکراو بەهۆی دیارخەرەکانی دواوە نیشان بدەین و چەند یاسایەکیش بۆ ڕۆنان و وەسف کردنەکە دابڕێژین، ئاوەڵناوێك لە کۆمەڵە ناوییەکە وەکو دیارخەرێکی دواوەی فریزی ناوی بە نموونە وەردەگرین و بۆ ئەم مەبەستەش ئەو فریزە ناوییەی کە لە تەنها ناوێك پێکهاتووەو، ئاوەڵناوێك

دەبێتە دیارخەرێکی دواوەی ، دەکرێ ناوێکی گشتی [1] نێربێت و بەهۆی نیشانەی خستنە سەری (ێ) وە لەگەڵ ئاوەڵناوەکەدا لێک بدرێت. بە مەرجێ ناوەکە بە مەبەستی تاك بەکارهاتبێت [2] .

وەك:

کوڕێ زیرەك هات .

| ف ن ⟵ ن گ ن + نخ تاك (ێ) + ئاوەڵناو | ............ یاسای ژمارە (٣٣) |
|---|---|

یا ناوێکی گشتی مێ بێت و بەهۆی نیشانەی خستە سەری (آ) وە لەگەڵ ئاوەڵناوەکەدا لێك بدرێت. بەمەرجێ ناوەکە بە مەبەستی تاك بەکارهاتبێت . وەك :

کچا جوان هات .

| ف ن ⟵ ن گ م + نخ تاك (آ) + ئاوەڵناو | ............ یاسای ژمارە (٣٤) |
|---|---|

بەڵام ئەگەر ناوەکە بە مەبەستی کۆ بەکارهاتبوو، ئەوا دەکرێ کە ناوێکی گشتی نێر، یان مێ بێت و بەهۆی نیشانەی خستنە سەری (ێن)ەوە لەگەڵ ئاوەڵناوەکەدا لێك درابێت. وەك:

١- کوڕێن زیرەك هاتن .

٢- کچێن زیرەك هاتن .

٣- مرۆڤێن زیرەك هاتن .

ف ن ⟵ ناو + < گ ن / گ م > + نخ کۆ (ێن) + ئاوەڵناو ...یاسای ژمارە(٣٥)

لە هەرسێ یاساکەشدا نیشانەکانی خستنە سەر ئەرکی ناسیاریان بینیووە. هەروەها دەبێ تێبینی ئەوەش بکەین، ئەگەر ناوەکان کۆتاییان بە دەنگێکی بزوێن هاتبوو، ئەوا (ی- y) یەکی نیمچە بزوێن دەچێتە نێوان ناوەکان و نیشانەکانی خستنە سەرەوە.

[1] ناوی گشتی زیاتر لە ناوی تایبەتی لە دۆخی خستنە سەردا دەبێت، بۆیە ناوی گشتی بە نموونە وەدرەگرین بۆ سەرەی فرێزە ناوییەکان.

[2] ناوی گشتی نێرو مێ ، کە لە دۆخی خستنە سەردا دەبن، بە هۆی نیشانەی خستنە سەرەکەوە دەزانرێت کە بەمەبەستی تاك بەکارهاتووە ، یان کۆ.

سەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بکە:

گایێ ڕەش

ڕویڤي یا بەلەك

گایێن ڕەش

ڕویڤی ێن بەلەك

لەمە بەدوا، لە کاتی فراوان بوونی فرێزە ناوییەکە بەهۆی ئاوەڵناوەوە، تەنها یەکێك لە نیشانەکانی خستنە سەر بە نموونە وەردەگرین. ئەویش نیشانەی خستنە سەری (ێ) یە، کە بۆ ناوی تاکی نێر بەکاردێت، چونکە نیشانەی خستنە سەری (آ) لەگەڵ ناوی تاکی مێ داو، نیشانەی خستنە سەری (ێن) لەگەل ناوی کۆی نێرو مێ دا، دەتوانن بەهەمان فۆرم و شێوە دووبارە بینەوە.

ناوێکی گشتی نێری نەناسراویش بەهۆي (ەك)ەوە، دەکرێت کە بەهۆی نیشانەی خستنەسەری (ێ)وە لەگەڵ ئاوەڵناوێکدا لێك بدرێت. وەك :

پیرەمێرەکێ خێرخاز .

| |
|---|
| ف ن ← ن گ ن + نخ تاك (ێ) + ئاوەڵناو . |

........ یاسای ژمارە (٣٦)

ئاوەڵناوەکە دەتوانرێت، کە بەهۆی ئاوەڵکارێکی پلەیی وەك (زۆر، گەلەك، ئێکجار، ...هتد) فراوان بکرێت، جا ئەگەر ناوی سەرە، ناوێکی گشتی نێری ڕووت بێت، یان مۆرفیمی (ەك)ی نەناسیاری چووبێتە سەر. سەیری ئەم ڕستانەی خوارەوە بکە :

پیرەمێرەکێ خێرخازو دلۆڤان و روح سڤك

یاسای ژمارە (٣٧)

| |
|---|
| ف ن ← ن گ ن + نخ تاك (ێ) + ئاوەڵناو +و + ئاوەڵناو +و .......... |

دیسان دەتوانرێت کە ئاوەڵناوەکان بە هۆی ئاوەڵکارێکی پلەیی وەك ( زۆر، گەلەك، پڕ،.. هتد) فراوان بکرێن . وەك :

| |
|---|
| ف ن ← ن گ ن +ەك +ن خ تاك (ێ ) + ئاپ + ئاوەڵناو +و +ئاوەڵناو+و... |

یاسای ژمارە (٣٨)

ئەم یاسایە دەكرێت، كە بەشێوەیەكی گشتی تر بنوێنرێت. وەك :

| ف ن ⟵ ن گ ن + نخ تاك (یٚ) + ف. ئاوەڵناوی | ... یاسای ژمارە (٣٩) |
| --- | --- |

دەتوانرێت كە ڕۆنانەكە بە هۆی فرێزێكی ناوی ترەوە فراوان بكرێت ، كە بەهۆی نیشانەی خستنە سەر لە گەڵ ڕۆنانەكەدا لێك دەدرێت وەك:

پیرەمێرەكیٚ گەلەك خێرخاز و .... گوندیٚ مە

| ف ن ⟵ ن گ ن +ه ك +ن خ تاك (یٚ ) + ف . ئا +نخ (یٚ ) +ف ن | یاسای ژمارە (٤٠) |
| --- | --- |

جێی سەرنجە ، كە ناوی سەرە ئەگەر ناوێكی نەناسراو بوو ، دەتوانرێت فرێزێكی ئاوەڵكاری شوێن ، كە فرێزی كورتكراوەشی پیٚ دەڵێن [٤٨ :٢٠٤ ] لە بری فرێزە ناوییەكە بەكار بێت وەك :

پیرەمێرەكیٚ خێرخاز و .... بەردەركیٚ مزگەفتیٚ

| ف ن ⟵ ن گ ن + ه ك +نخ (یٚ) +ئاوەڵناو + و + ف. ئاوەڵكاری شوێن (كورتكراوە) | ...یاسای ژمارە (٤١) |
| --- | --- |

ئەم جۆرە ڕۆنانە دووبارە دەتوانرێت بە هۆی پاڕستەیەكی گەیەنەرەوە فراوان بكرێت ، وەك :

پیرەمێرەكیٚ خێرخازیٚ بەر دەركیٚ مزگەفتیٚ ، كو هزرا خێریٚ دكر

| |
| --- |
| ف ن ⟵ ن گ ن +ه ك +ن خ (یٚ ) + ف .ئاوەڵكاری شوێن + پاڕستەی گەیەنەر |

جێی سەرنجە مەرج نیە كە لە كاتی دووبارەبوونەوەی جۆرێك لە دیارەخەرەكانی دواوە هەر بەهۆی ئامرازی بەستنی (و) ەوە پێكەوە ببەسترێن. بەڵكو وارێك دەكەویٚ كە بەهۆی نیشانەكانی خستنە سەرەوەش لەگەڵ یەكتریدا لێك بدرێن. وەك:

پیرەمێرەكیٚ خێرخازیٚ دلوڤانیٚ روح سڤكیٚ گوندیٚ مە

کوڕێ خوشکا خێزانا ئازادی

کوڕێ خوشکا مێرێ نەسرینێ

ئەمجۆرە ڕۆنانانەش دەکرێ کە بەهۆی یاسایەکی گشتی وەك ئەمەی خوارەوە بنوسرێت.

ف ن ← ناو+نخ+ناو+نخ+ناو + ... + (ی) نێر / (ێ) مێ

یاسای ژمارە (٤٣)

کەواتە جۆرەکانی فرێزیش، بە تایبەتی فرێزی ناوی و ئاوەڵناوی و ئاوەڵکاریی کورتکراوە، دەتوانن ئەرکی دیارخەری دواوەی فرێزی ناوی ببینن. جێی سەرنجە کەوا فرێزی بەندیش دەتوانێت ئەرکی دیارخەرێکی دواوەی فرێزی ناوی ببینێت بەتایبەتیش ئەو فرێزە ناوییانەی کە ئەرکی فراوانکردنی فرێزی کاری دەبینن. وەك :

من کچەکا بێ دەست دیت ڤێ سپێدێ.

خاڵێکی تر کە شایانی سەرنج دان بێ ئەوەیە، کە سەرە ناوێکی تەواو فراوانکراو لەگەڵ دیارخەرە ناوەکی و دەرەکییەکاندا هەر دەتوانرێ بخرێتە ناو سەرە ناوێکی ترەوە، کە ئەویش بەهۆی نیشانەی خستنە سەرەوە لەگەڵ ڕۆنانەکەدا لێك دەدرێت. ئەمەش دیسان دەتوانرێت بۆ سەرە ناوێکی ترەوە زیاد بکرێت. بەمجۆرە لەگەڵ ئەوەی کە زنجیرەی زۆر درێژ باو نیە بەڵام هیچ سنوورێکی ڕێزمانی نیە بۆ ژمارەی فرێزە ناوییەکان. وەك :

ئەڤ چەند کوڕە باشە

بابێ ڤان چەند کوڕە باشا

خوشکا بابێ ڤان چەند کوڕە باشا

بەڵام بۆ کورتکردنەوە سەرەی فرێزەکە دەکرێ کە بە هۆی هەر سێ دیارخەرەکەی پێشەوە (بەندکەر+ ئاوەڵناوی نیشانە + چەندێتی) و بەهۆی هەر سێ دیارخەرەکەی دواوەش (ئاوەڵناو + فرێزی ئاوەڵکاری (کورتکراوە) + پارستەی گەیەنەر)ەوە فراوان بکرێت. سەیری ئەم ڕۆنانەی خوارەوە بکە:

هەر ئەڤ چەند بەرێن هویرێن بن ئاڤێ کو بشەڤ دتەیسن

ف ن ← بەندکەر+ئان+چەندێتی+ناو+ئاوەڵناو+ف.ئاوەڵکاری کورتکراوە+پارستەی گەیەنەر
٧ ٦ ٥ ٤ ٣ ٢ ١

...یاسای ژمارە (٤٤)

## ٥ فرێزی کاری

فرێزی کاری پێکهێنێکی تری ڕاستەوخۆی ڕۆنانی ڕستەیە و ئەرکێکی گەورەو دیاریکراو دەبینێت لە سازدانی ڕستەدا. بەشێوەیەك وامان لێ دەکات کەبڵێین فرێزی کاری لە جۆرەکانی تری فرێز گرنگترە لە بواری سازدانی ڕستەدا و ناتوانرێت وازی لێ بهێنرێت. بەبەڵگەی ئەوەی، کە دەشێ فرێزەکانی تری وەك (ناوی وبەند) یان (بکەرو بەکار) لەڕۆنانی سەرەوەی ڕستەدا دەرنەکەون و پاشماوەیان لە ناو فرێزی کاریدا بەجێ بمێنێت و خوێنەر یان گوێگر بە هۆی فرێزە کارییەکەوە لە ڕۆنانی ژێرەوەی ڕستەکە بگات[1]. بەڵام ئەم دیاردەیە بەسەر فرێزی کاریدا پیادە نابێت. واتە ڕستە هەرگیز بێ بوونی ئەم فرێزە لە زمانی کوردیدا دروست نابێت [١٠ : ١٦]. هەرچەندە لە (ك.ژ) دا هەموو کاتێك خوێنەر ناتوانێ بەهۆی فرێزێکی کارییەوە لە ڕۆنانی ژێرەوەی ڕستەکە بگات.

بۆ نموونە:

١- من نامەك نڤیسی. نامەك نڤیسی، یان (نڤیسی).

٢- وە نان خوار. نان خوار، یان (خوار).

چونکە لە دیالێکتی (ك.ژ)دا بکەرو بەرکار بە جێناوی لکاو جێگیر ناکرێت.

### ٥-١ ڕۆنانی فرێزی کاری

فرێزی کاری لە زمانی کوردی (ك.ژ)دا، خاوەنی پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی ناوەکی و دەرەکییە و شێوەی جیا جیا وەردەگرێت. فرێزی کاری یا پێکهاتووە لە کارێك، کە ڕەگەزێکی سەرەکیە و بوونی لە ڕۆنانەکەدا ناچارییە و ناتوانرێت وازی لێ بهێنرێت.

سەیری ئەم ڕستانەی خوارەوە بکە:

١- ئازاد هات.

٢- دلۆڤان نڤست.

یان لە کارێك و هەموو ئەو وشەو مۆرفیم و پۆلە وشانەی کە لە دەورو بەری کارەکەدا کۆدەبنەوە، واتە بۆ بەشی کاری ڕستەکە دەگەڕێنەوە. سەیری ئەم ڕستانەی خوارەوە بکە:

١- ئازادی شیڤ خوار ل مالا مامێ خوە.

٢- زڤستان ب بەفرو بارانڤە چو.

---

[1] ڕۆنانی سەرەوەو ژێرەوە، زاراوەی (بناخەی ڕووکەش و قووڵ) یشی بۆ بەکاردێت. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم بابەتە بڕوانە(٢٦ : ١١٢-١٢٤).

لەم دوو ڕستەیەی سەرەوەدا، فریزەکاریەکان پێکهاتوون لە کارێك و کۆمەڵێك وشەو مۆرفیم. وەك (شیڤ خوار ل مالا مامێ خوە)، (ب بەفرو بارانڤە چو).

دیسان بۆ ئەوەی ڕۆنانێکی وردی فریزی کاری، لە (ك.ژ)دا نیشان بدەین دووجۆرە ڕۆنان بۆ فریزی کاری لەم دیالێکتەدا دەست نیشان دەکەین، ئەویش ڕۆنانی ناوەوەی کارێك کە فریزێکی کاری پێك دەهێنێت، لەگەڵ ڕۆنانی دەرەوەی فریزی کاری.

## ٥-٢ ڕۆنانی ناوەوەی فریزی کاری

مەبەست لە ڕۆنانی ناوەوەی فریزی کاریش، پێکهاتنی کارێکە، بەپێی هەموو ئەو مۆرفیمە جۆراو جۆرانەی کەهاوبەشی لە دڕاشتنی کارەکەدا دەکەن. هەموو کارێکیش لە زمانی کوردیدا لە مۆرفیمێك زیاتر پێکهاتووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنی کە هەموو کارێك لە کوردیدا لە ڕووی ڕۆنانەوە ناسادەیە. واتە داڕێژراوە یان لێکدراوە [٣٦: ٤٤] . کاری داڕێژراویش بەوە پێناسە دەکرێت، کە لە کۆمەڵێك مۆرفیمی بەند پێك دێت و ئەم مۆرفیمانەش ناتوانن لە شێوەی سەربەخۆدا دەربکەون. واتە کاری داڕێژراو لە زمانی کوردی ناتوانرێت وەکو مۆرفیمێکی یەکپارچە سەیری بکرێت، کەچی لە زمانەکانی تردا بەو شێوەیە نیەو کار هەیە، کەلە تاکە مۆرفیمێك پێکهاتووەو و ئەم مۆرفیمەش بەکارهێنانی سەربەخۆی هەیەو و پێویستی بە مۆرفیمی تر نیە بۆ تەواوکردنی واتاکەی[١].

کاری لێکدراویش بەوە پێناسەدەکرێت، کەبریتییە لە کارێکی داڕێژراو و کەرەسەیەکی تر، ئەم کەرەسەیەش بە زۆری مۆرفیمێکی سەربەخۆیە و لە شێوەی ناو یان ئاوەڵناو یان ئاوەڵکاردا، کە ئاسایی پێش کارە داڕێژراوەکە دەکەوێت. بۆ نموونە:

١- دەنگ ڤەدا (ناو+ کاری داڕێژراو)

٢- بلندکر (ئاوەڵناو+ کاری داڕێژراو)

٣- زویە (ئاوەڵکار+ کاری داڕێژراو)

دەبێ سەرنجی ئەوەش بدەین کەهەندێ جار مۆرفیمێکی بەند، یان چەند مۆرفیمێکی بەندیش کەرتی یەکەمی کارەکە پێك دەهێنن وەك :

دەرباز کرم (دەر+باز+کاری داڕێژراو) [٣٦: ٤٥- ٤٦]

جێی سەرنجە کە ئێمە لەم باسەدا لە مۆرفیمە پێکهێنەکانی کاری داڕێژراو لە دیالێکتی (ك.ژ)دا دەکۆڵینەوەو، هەوڵ دەدەین کە نەچینە ناو تایبەتیەکانی کاری لێکدراوەوە.

---

[١] وەك زمانی عەرەبی و ئینگلیزی

بۆ ئەم مەبەستەش بەلای ئێمەوە هەر کارێك لە زمانی کوردی ، لەسێ مۆرفیم کەمتر پێك نایەت، کەبریتین لە ڕەگی کار و مۆرفیمێکی کات و جێناوێکی لکاو. بۆ نموونە کارێکی وەك (هات) پێکهاتووە لە:

ڕەگی کار[1] +م. کاتی ڕابردوو + م. کەس (جێناوی لکاو)

ها + ت + ϕ

(هەرچەندە بە بۆ چوونی هەندێ زمانەوان سادەترین کار لە زمانی کوردیدا، لە دوو مۆرفیم کەمتر پێك نا یەت کە ڕەگی کارو مۆرفیمێکی کاتی ڕابردووە، ئەمەش ئەگەر کارەکە ڕابردووی تێپەڕبێت و بەشەکانی ڕستەش بەئاشکرا لە ڕستەکەدا دەرکەوتبن) وەك:

١– من نان خوار.

٢– وی پارە ژمن ستاند.

بۆ نموونە د.ئەورەحمانی حاجی مارف، (کەس) بە خاسیەتی وشەسازیی کار دانانێت، بە بەڵگەی ئەوەی کەهەندێ لەو وشانەی کەلە چاوگەوە وەردەگیرێن فۆرمی (کەس) جیا یان ناکاتەوەو لە لایێکی تر، حاڵەتی کەس وەنەبێ لەهەموو زمانێکدا هەبێت، بەڵام حاڵەتی (کات) زۆر وەك خاسیەتی کار تەماشا دەکرێ، چونکە کار پرۆسێس ڕادەگەیەنێ و پرۆسێسیش لە سنوری (کات) دا کار دەکات [٣٢ :١٧] .

هەرچەندە ئەم بۆچوونە لە (ك.ژ)دا دەتوانێت کە تا ڕاددەیەك شوێنی خۆی بگرێت، چونکە هەندێ جۆری کار هیچ جێناوێکی لکاوی بۆ بکەر، یان بەرکاری لەگەڵدا دەرناکەوێت وەك:

١– من نان خوار.

٢– مە نامە نڤیسی.

ئەگەرچی جێگیر کردنی بکەر و بەرکار بە جێناوی لکاو تایبەتییەکی (ك.خ)ەوەو لە (ك.ژ)دا نابینرێت، بە تایبەتی ئەگەر کارەکە ڕابردووی تێپەڕبێت، جێناوی لکاوی بکەری هەر دەبێ وەك جێناوێکی جودای کۆمەڵەی دووەم دەربکەوێت. وەك :

١– من خوار.

٢– مە نڤیسی.

تەنانەت هەندێ جار جێناوی جودای (من) یش کورت دەکرێتەوە و دەبێتە (م خوار) وەك ئەوەیە کە جێناوەکە لە جیاتی ئەوەی کە بە کۆتایی ڕەگەکەوە بلکێت دێتە پێش ڕەگەکەوە.

---

[1] ڕەگەکە (هێ) یەو بەیاسایەکی دەنگسازییەوە بووە بە (ها).

تەنانەت ئەگەر کار لە زمانی کوردی لە دوو مۆرفیمیش پێکهاتبێت، ئەوا هەر دەبێ بەناسادە بژمێردرێت. واتە لە دوو مۆرفیمی بەند پێکهاتووە. بۆیە ئێمەش لە (ك.ژ)دا هەر لەسەر بنەمای مۆرفیم بۆ ڕۆنانی ناوەوەی کاری داڕێژراو دەچین.

بۆ ئەم مەبەستەش لەڕەگی کارەوە دەست پێ دەکەین، کە مۆرفیمێکی بەندی تەوەرەیی و سەرەکیە و هەڵگری واتای سەرەکی کارەکەیە [٧ :٧٦].

بە واتایەکی تر، هەر مانایەکی فەرهەنگی کە لە کارێك، یان فرێزێکی کاریدا هەبێت لە ڕێگای ڕەگەوە دەگوازرێتەوە، بۆیە پێویستە ڕەگی کار بەشێوەیەکی توندەوە سەرێکی سیمانتیکی بێت [٤٨ : ١٩٥]. هیچ کارێك بێ بوونی ئەم مۆرفیمە دروست نابێت و هەرگیز ناکەوێتە بەر یاسای لابردن، یان جێ گۆڕکێ. ئەم مۆرفیمەش بەکارهێنانێکی سەربەخۆی نیە و پێویستی بە مۆرفیمی ترەوە هەیە بۆ تەواو کردنی واتاکەی، واتە بۆ تەواو کردنی ڕۆنانێك کەپێی بوترێت کار. بەبۆ چوونی ئێمەش یەك جۆرە ڕەگ هەیەو، ئەم ڕەگەش ناتوانێ هیچ جۆرە کاتێك دەربڕێ، بەبێ مۆرفیمێکی سەربەخۆی کات.

نەك وەکو هەندێ لە زمانەوانەکان، کە دوو جۆرە ڕەگی کاریان دیاریکردووە، ڕەگی ڕابردوو، ڕەگی ڕانەبردوو.

هەرچەندە بەبۆچوونی (پالمر) ڕەگی سادە، بۆ نموونە وەك (چ) کە ڕەگی کاری (چوو)ە، لە دوو مۆرفیم پێك دێت.

(ڕەگ+ کاتی ڕانەبردوو). کاتە ڕانەبردووەکەش دەرناکەوێت و بە مۆرفیمێکی ( ϕ – Zero) دەژمێردرێت. واتە هەموو ڕەگێکی سادە بە مۆرفیمێکی دوو لانەی واتایی (مورفيم مزدوج الدلالة– Portmanteau morph)دەژمێردرێت، کە بریتییە لە ڕەگ و کاتی ڕانەبردوو. ئەم بۆچونەش لە کاتێکدا وەردەگیرێت، ئەگەر واز لەو باوەڕە بێنین کە مۆرفیم هەردەبێ بوونێکی فیزیاوی هەبێت [٤٨ :١٤٣] .

بە بۆچوونی ئێمەش هەرچەندە هەندێ لە مۆرفیمەکانی شێوە، یان ڕێژە ( Aspect)ی وەك (د،دێ) دەتوانن ئەرکی مۆرفیمێکی کاتی ڕانەبردووش ببینن، بەڵام شتێکی زۆر ئاساییە کە ڕەگی هەموو کارێك لە زمانی کوردیدا واتای ڕانەبردووی تێدابێت، چونکە بە هۆی مۆرفیمێکی تایبەتییەوە دەکرێت بە ڕابردوو. مۆرفیمە پێکهێنەکانی هەر کارێکیش، بەپێی (کات و تاف و تاومود)ی[١] کارەکەوە دەست نیشان دەکرێت. بەڵام بەرلەوەی مۆرفیمە

---

[١] مەبەستمان لە کات (ڕابردوو، یان ڕانەبردوو)، لە تاف(جۆرەکانی کاتی ڕابردوو، یان ڕانەبردوو)ە، لە تاو (تێپەر، یان تێنەپەڕە)و لە مودیش ( ڕێژەی ئیخباری، ئینشائی .......هتد)یە.

پێکهێنەکانی کاری داڕێژراو لە (ك.ژ)دا دەست نیشان بکەین، ڕەنگە ڕوو بە ڕووی پرسیارێك ببینەوە، ئەویش ئەوەیە:

پ: ئایا ڕەگ سەرچاوەی کارو چاوگە، یان بەپێچەوانەوە، چاوگ سەرچاوەیەکە کە کارو ڕەگی کاری لێوە وەردەگیرێت؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەش دەڵێین:

ئێمە کە لەڕەگەوە دەست پێ دەکەین و، دەیکەینە چەقێك بۆ کۆبوونەوەی مۆرفیمە پێکهێنەکانی کار و بۆ ئەم مەبەستەش یەك جۆرە (ڕەگی کار) مان دیار کردبێت هەر دەبێ (ڕەگ) مان بەسەرچاوە زانیبێت. هەرچەندە بۆ چوونی د.ئەورەحمانی حاجی مارف لەم بارەیەوە، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

(( هیچ ڕێزمان نووسێکی کورد، نەیتوانیوە ئەوە ساغ بکاتەوە، کە چاوگ سەرچاوەی کردارە، یاخود چاوگ خۆی لە کردارەوە وەرگیراوە. چونکە ئەم باسە تا بڵێی گرانەو وێڕای ئەوەش ئاسۆیەکی ڕوون نیە، کە بتوانرێ لەبەر تیشکی ئەودا. ئەو گرێ کوێرەیە بکرێتەوە )) [٣٢: ١٣] .

لە ڕاستیدا، هیچ کێشەیەکی ئەوتۆش لە نێوان دوو بۆچوونەکەدا نیە، تەنها جیاوازییەکە لەوەدایە، کە ئێمە چاوگ لە ڕووی پێکهاتی مۆرفۆلوجییەوە بەسێ مۆرفیم دەزانین، کە بریتین لە ڕەگی کارو مۆرفیمێکی کاتی ڕابردوو نونی چاوگ. بۆ چوونەکەی تر، چاوگ بە دوو مۆرفیم دادەنێت، ئەویش قەدی چاوگ (یان کاری ڕابردووی سادە کە مۆرفیمێکی سەربەخۆیە) ونونی چاوگە.

هەرچەندە بۆچوونەکەی ئێمەش، بەوەی کە ڕەگی هەموو کارێك بەهۆی مۆرفیمێکی دیاریکراوی کاتی ڕابردووەوە دەبێتە کاری ڕابردووی سادە(بێ ئەوەی هیچ گۆڕانێکی ناوەوەی ڕەگەکە ڕووبدات) یاسایەکی گشتی و تەواو و ڕێك و پێك نیە، چونکە ناتوانرێت کە هەموو کارێك بەپێی ئەم یاسایەوە دروست بکرێت، بە تایبەتیش ئەو کارانەی کە د. ئەورەحمانی حاجی مارف لە (ك.خ)دا دیاریکردوون. وەك (سوون، جوون، دروون، بەست، پەرست..... هتد) [٣١: ٤٧].

بەڵام دیسان ئەمەش نابێتە یاسایەك کەبڵێین کاری سادە لە کوردیدا هەیە، چونکە هەندێ لەوکارانەی سەرەوە لە (ك.ژ) دا بە جۆرێکی ترەو بە ئاسانی دەتوانرێت کە مۆرفیمی کاتی ڕابردوویان تێدا دەست نیشان بکرێت. بۆ نموونە کاری (سوون، جوون، دروون) لە (ك.ژ)دا دەبێتە (سوین،جوین، دویرین) لەهەرسێ کارەکەشدا، دەکرێ (ی)یەکەی پێش نوونی چاوگ بە

مۆرفیمی کاتی ڕابردوو دابنرێت. لە لایەکی تر یاساکە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری کار لە زمانی کوریدا دەگونجێت، بەتایبەتیش لەگەڵ چاوگە (ئەلفی و واوی و یائیەکاندا) [٣٨ :٨٠].

هەروەها شتێکی زۆر ئاساییەش کە هەندێ کار هەبن و ئەم یاسەیان بەسەردا پیادە نەکرێت، چونکە لە هەموو زمانێکدا هەندێ دیاردەی ناوێزە و بیژۆك هەن، کە ناکەونە بەر یاسای زمانەکە.

مۆرفیمە پێکهێنەکانی کاری داڕێژراویش بەشێوەیەکی گشتی دابەش دەبنە سەردوو جۆر، ئەوانەی کەدەکەونە پێش ڕەگی کارەکەوە و بریتین لەم مۆرفیمانەی خوارەوە:

١- پێشگری کار

مەبەست لەو پێشگرانەیە کەدەکەونە پێش ڕەگی کارێك واتاو فۆرمی کارەکەش دەگۆڕن[1]. وەك (دا، ڕا، هەل / هەل، ڤە، تێ ،.....،هتد)، ئەمانەش هەرچەندە ژمارەیان تا ڕادەیەك زۆرە، بەڵام هەر بەپۆلێکی داخراو دەمژێردرێن و دەتوانرێت ژمارەیان لە زمانەکە، یان شێوەزارەکەدا دیاری بکرێت. ئەم مۆرفیمانەش سەرەڕای ئەرکە وشە سازییەکانیان، ئەرکێکی ڕستە سازیش دەبینن، بەوەی کە زۆر جار کارێك لە تێپەڕەوە دەکەن بە تێنەپەڕ یان بە پێچەوانەوە.

بۆ نموونە کارێکی وەك (دا) کارێکیی تێپەڕە و کاتێ پێشگرێکی وەك (روی) دەچێتە سەر دەبێتە (ڕویدا) بەمەش دەبێتە کارێکی تێنەپەڕ. بەڵام مەرج نیە هەموو پێشگرەکان ئەم ئەرکە ڕستە سازییە ببینن. بۆ نموونە کارێکی وەك (گرت) کارێکی تێپەڕەو، کاتێ پێشگرێکی وەك (هەل)ی دەچێتەسەر دەبێتە (هەل گرت)، بەڵام هەر بەتێپەڕی دەمێنێتەوە. ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی ڕای وایە کە پێشگر هیچ کاتێك ناتوانێت کارێك لە تێپەڕەوە بکات بە تێنەپەڕ یان بە پێچەوانەوە بەڵکو ئەو کارانەی کە پێشگریان لەگەڵدایە، کارێکی جیاوازن و پێشگرەکە بە شێکە لە کارەکە [٢٨ :١١٨-١٢٠] .

جێی سەرنجە کە لە (ك.ژ)دا، هەندێ جار مۆرفیمی دووبارە بوونەوەش لە شێوەی پێشگرێکدا (ڤە) خۆی دەنوێنێت و دەکەوێتە پێش ڕەگی کارەکەوە[2]. سەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بکە:

ڤەکر، ڤەخوار، ڤەما، ڤەچوو، ........هتد

---

[1] فۆرمی کارەکە هەر داڕێژراوە، بەڵام فۆرمی دەرەوەی کارەکە واتە (لە ڕووی ژمارەی مۆرفیم)ەوە دەگۆڕن.

٢ ئەگەر کەوتە دوای ڕەگی کارەوە بۆ دووبارەبوونەوەیان بەڵام ئەگەر کەوتە پێش ڕەگی کارەوە بۆ واتا گۆڕینە.

٢- مۆرفیمی نەریٚ کردن.

لە دیالێکتی (ك.ژ)دا چەند مۆرفیمێك هەیە بۆ گۆڕینی کارێکی ئەریٚ بـۆ نـەریٚ. وەك (نـا، نە، نی، ن) ئەمانەش بەپێی (کات) ی کارەکەوە بەکاردێن. وەك:

نە: بۆ نەریٚ کردنی کاری ڕابردوو بەکاردێت بۆ نمونە:

نەچاند، نەکر، نەبوو، .... هتد

نا: بۆ نەریٚ کردنی کاری ڕانەبردوو بەکاردێت. بۆ نمونە:

ناچم، ناکەم (ناکم)، نانڤم، ..........هتد

لەگەڵ هەندیٚ جۆری کاردا،(ن)یش وەکو مۆرفیمێکی نەریٚ کردن بەکاردێت. بۆ نموونە:

نزانم، نکارم، ....... هتد [٢٢ :٣٧٧] .

لەگەڵ هەندیٚ جۆرە کاری تردا (نی)یش، وەکو مۆرفیمێکی نەریٚ کردن بـەکاردێت. بـۆ نموونە:

نیمە، نین، ........، هتد.

٣- نیشانەکانی ڕێژە[1].

لە دیـالێکتی (ك.ژ)دا سیٚ مۆرفیـمی ڕێـژەی کـار هەیـە کـە ئەمانەن (د،دیٚ، ب) . ئـەم مۆرفیمانەش کە لەگەڵ ڕەگی کاردا یەك دەگرن و کاتی ناوەوەی کارەکە، یا کـاتێکی وردتـری ڕوودانەکە دەست نیشان دەکەن [٣ :٧] بۆ نموونە:

(د،دیٚ) بەردەوامی لە ڕابردوو، ڕانەبردوودا نیشان دەدەن. وەك :

دخار: ڕابردووی بەردەوام

دخوم: ئێسای بەردەوام

دیٚ خۆم: داهاتووی بەردەوام

مۆرفیمی (ب)یش دۆخێکی خۆزگەیی و ئەگەری و دوودڵی و ....هتد

لـە ڕابـردوو، ڕانـەبـردوودا پیٚـشان دەدات و قسـەکـەر دڵنیـا نیـە لـە ڕوودانـی کـارەکە [١٢ :١٠] بۆ نموونە:

خوزی من بخواربا.

هەکەر ئەو بخوە.

---

[1] لێرەدا ڕێژەمان بـەواتای (Aspect) بـەکارهێناوە. هەرچـەندە لـە زمـانی کوردیـدا زۆر جـار هـەمان زاراوە بـۆ (Mood) یـش بەکاردێت.

بەڵام دەبێ تێبینی ئەوەش بکەین، کە وائەم مۆرفیمانە ئەرکی تریش دەبینن. بۆ نموونە (د، دێ) بە بۆچوونی ئێمە وەکو مۆرفیمەکانی کاتی ڕانەبردوو (Tense) ش بۆ ئێستاو داهاتوو بەکاردێن.

بۆ نموونە:

د+خو+م ←――― دخوم (واتە ئێستا دەخۆم)

دێ+خو+م ←――― دێ خوم ( واتە لە داهاتوودا دەخۆم)

هەرسێ مۆرفیمەکەش (د، دێ، ب) کە لەگەڵ ڕەگی کاردا یەك دەگرن، ڕێژەی کارەکەش (Verb Mood) لە ڕووی ڕاگەیاندن و ئینشائی و فەرماندانەوە دیاری دەکەن. بۆ نموونە :

دخوم
دێ خوم
} ڕێژەی ئیخباری

بخوم: ڕێژەی ئینشائی ( ئیلزامی)

بخو: ڕێژەی فەرمان.

کەواتە ئەم سێ مۆرفیمە لە زمانی کوردی (ك.ژ)دا، وەك (Aspect)و (Tense) و (Mood) یش ئەرك دەبینن. بەم شێوەیە لە دیالێکتی (ك.ژ)دا، تا سێ پێشگر دەتوانن لە پێش ڕەگی کارەوە بێن.[1] ئەم مۆرفیمانەش تاڕادەیەك شوێنەکانیان جێگیرەو، ئەگەر کارێك هەبوو هەموو ئەم مۆرفیمانەی تێدابوو، ئەوا بەم ڕیز بوونەی خوارەوە ڕیز دەبن.

پێشگر + نەرێ (نەفی) + ڕێژە + ڕەگ + پاشگرەکانی کار

١ ٢ ٣ ٤ ٥

بۆ ئەم مەبەستەش چەند نموونەیەك دەخەینە ڕوو.

بۆ نموونە کارێکی وەك (ڕانەدکر)، کارێکی داڕێژراوەو لەم مۆرفیمانەی خوارەوە پێکهاتووە.

پێشگر + م.نەرێ + م.ڕێژە + ڕەگ + م.کاتی ڕابردوو

ڕا + نە + د + ك + ر

یا کارێکی وەك (نەدخار) بەم شێوەیەی خوارەوە بۆ مۆرفیمە پێکهێنەکان شی دەکرێتەوە.

---

[1] لێرەدا مەبەستمان لە پێشگر، مۆرفیمە پێکهێنەکانی پێش ڕەگی کارێکی داڕێژراوە لە دیالێکتی (ك.ژ)دا.

م.نەریٚ + م.ریٚژە + رەگ + م.کاتی رابردوو

ر + خوا + د + نە

بەڵام لە (ك.ژ)دا هەندیٚ جار مۆرفیمی نەریٚ کردن دیٚتە شویٚنی یەکەم و پیٚشگرەکەش دەچیٚتە شویٚنی ئەو، واتە شویٚن گۆرکیٚ دەکەن. بۆ نموونە:

نە هەل دگرت.

نە رابووم.

هەرچەندە لە هەندیٚ لیٚکۆلینەوەدا نەری و ریٚژە یەك شویٚنیان بو دیاریکراوە، واتە ئەندامی یەك پۆلن [٣٦ :٤٤] بە واتای ئەوەی کە ئەم دووانە پیٚکەوە ناتوانن بچنە سەر رەگی کاریٚك، تەنها لە رابردووی تیٚپەردا نەبیٚت . وەك:

نەدخار، نەدکر، ...... هتد

بەڵام لەبەر ئەوەی، هەندیٚ جار بیٚ ئەوەی مورفیمیٚکی دیاریکراو هەبیٚت کەواتای بەردەوامی ببەخشیٚت و چەمکی بەردەوامیش لە کارەکەدا هەردەمیٚنیٚت. بو نموونە لەم کارانەی خوارەوەدا (ناچم، ناخوم،...... هتد) هیچ مورفیمیٚکی دیاریکراو نیە کەواتا لە بەردەوامی بداتێ، کەچی چەمکی بەردەوامیش لە کارەکاندا هەرماوە، چونکە واتای کارەکان لە کۆی هەموو کەرتەکانیا نەوە دیٚت، نەك لە یەکە یەکەی کەرتەکان[٣٦ :٤٣]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنی کە بەردەوامی شویٚنیٚکی دیایکراوی هەیە لە پیٚش رەگی کارەوە هەتا ئەگەر دەریش نەکەویٚت، بۆیە بو هەریەکیٚکیان (بەردەوامی ونەفی) شویٚنیٚکی تایبەتیمان بۆ تەرخان کردن.

خالیٚکی گرنگ هەیە کە دەبیٚ تیٚبینی بکریٚ، ئەویش ئەوەیە، کە بکەر نا دیار لە (ك.ژ)دا بەهۆی کاری یاریدەدەری (هات)ەوە دروست دەبیٚت و ئەمانەش لە شیٚوەی مورفیمیٚکدا دەکەونە پیٚش رەگی کارەکەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کارە سەرەکییەکە کاتیٚك کە دەکریٚتەوە چاوگ و لە رووی کات و کەس و ریٚژەوە لە گەردان کردندا دەوەستیٚت و، هەندیٚ لە خاسیەتە سەرەکییەکانی خۆی ون دەکات و بەکارە یاریدەدەرەکەی دەبەخشیٚت و هەردووکیان وەکو دووکەرتی کاریٚکی لیٚکدراویان لیٚ دیٚت. بۆیە هەموو کاریٚکی بکەر نادیار لە (ك.ژ) داکاریٚکی لیٚکدراوە و ناتوانین نادیاری بە مورفیمیٚکی پیٚکهینی کاری داریٚژراو بژمیٚرین، کەدەکەویٚتە پیٚش رەگی کارەوە، سەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بکە :

دهاتنە نڤیسین (یٚ).

نە د هاتنە نڤیسین (یٚ).

خو ئەگەر نادیاری بە مورفیمیٚکی پیٚکهینی کاری داریٚژراو لە (ك.ژ)دا بژمیٚرین، ئەوا لە سیٚ مۆرفیم زۆر زیاتر دەتوانن لە پیٚش رەگی کاریٚکی داریٚژراوەوە بیٚن. بۆ نموونە:

نە + د + هات + ن + ە + را + کرن (یٚ) ←—— نە دهاتنە راکرنیٚ.

جۆری دووەمی مۆرفیمە پێکهێنەکانی کاری داڕێژراویش لە (ك.ژ)دا، ئەو مۆرفیمانەن کە دەکەونە دوای ڕەگی کارەوە و بریتین لەم مۆرفیمانەی خوارەوە :

٥-مۆرفیمی تێپەڕاندن [1]

مەبەست لە مۆرفیمی تێپەڕاندن، ئەو مۆرفیمەیە کە دەچێتە سەر ڕەگی کارێکی تێنەپەڕو دەیکاتە تێپەڕ. ئەم مۆرفیمەش بەشێوەی جۆراو جۆر لە لایەن ڕێزمان نووس و زمانەوانەکانی زمانی کوردی و بیانیەوە باسی کراوە و هەریەکەیان جۆرە مۆرفیمێکیان بۆ تێپەڕاندن دیاریکردووە، بەلام هەر هەموویان لە سنووری (اندن) تێ ناپەڕن. بۆ نموونە د.عەبدوڵلا حوسێن تەنها (ن)ی دووەم بە مۆرفیمی تێپەڕاندن دادەنێت [٧ : ١٣٧]. ئەمەش هەمان دیاریکردنەکەی مەکەنزی‌یە، کە تەنها (ن) بە مۆرفیمی تێپەڕاندن لە زمانی کوردیدا دادەنێت [١١ : ٢٤].

د.شێرکۆ بابان (ان) بە مۆرفیمی تێپەڕاندن بۆ ڕابردوو دادەنێت و (ین)یش بۆ ڕانەبردوو [٢١ : ٩].

بەلای ئێمەش مۆرفیمی تێپەڕاندن لە (ك.ژ)دا (ان)ە، بۆ ڕابردوو، (ین)ە بۆ ڕانەبردوو، کەواتە باوەڕمان زیاتر بە دیاریکردنەکەی د.شێرکۆ بابان هەیە.

هەر دوو مۆرفیمەکەش بە مۆرفیمی سەربەخۆو یەکپارچە دەزانین، نەك وەك ئەوەی کە لەلایەن هەندێ زمانەوانەوە بەدوو مۆرفیم دانراون.

هەردوو مۆرفیمەکەش هاوبەش بۆ کارەکە زیاد دەکەن و کاراش دەکەن بەسەرچاوەی ڕووداو [٣٦ : ٤٢]. سەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بکە :

١- من ئەو کەناند.

٢- وی ئەز لڤاندم.

٣- ئەز وی دهەژینم.

وەنەبێ ئەمجۆرە دیاریکردنەی ئێمەش یاسایەکی تەواو ڕێك و پێك بێت و هیچ جۆرە گیروگرفت و کێشەیەك دروست نەکات. بۆ نموونە یەکێك لە کێشەکان ئەوەیە، کە هەندێ ڕەگی کاری تێنەپەڕ هەن، کە بەهۆی ئەم مۆرفیمانەوە ناکرێن بە تێپەڕ، چونکە تێپەڕی هاو واتا بەرامبەریان هەیە. وەك :

چوون ⟵ برن

هاتن ⟵ ئینان

⋮

هتد [١١ : ٢٥].

---

[1] ئەم شوێنەمان بۆیە بە ژمارە (٥) داناوە، چونکە شوێنی ژمارە (٤) شوێنی ڕەگی کارەکەیە.

کێشەیەکی تر ئەوەیە، کە هەندێ کار هەن ئەم مۆرفیمەی (اندن)یان پێوەیەو واتای تێپەڕاندنیشیان تێدا نیە، واتە تێپەڕ نین، وەك زۆربەی دەنگە سروشتیەکانی وەك (زیڕاندن، نالاندن، حیلاندن، ... هتد) [٢٨ : ١٢١].

٦-مۆرفیمەکانی کاتی رابردوو :

رەگی کار کە لەگەل مۆرفیمیکی کاتی رابردوو یەك دەگریت و بەمەش بچووکترین (Minimal) ناوەرۆکی کارەکە کە کاریکی رابردووی سادەیە پیك دینن [٤٨ : ٢٠٨].

هەموو کاریکی رابردووی سادەش لە (ك.ژ)دا، بە یەکیك لەم مۆرفیمانەی خوارەوە کۆتایی دیت :

(ا ، ت ، ی ، وو ، د ، ر). سەیری ئەم کارانەی خوارەوە بکە :

(دا ، کوشت ، نڤیسی ، چوو ، چاند ، بر).

کەواتە ئێمە شەش جۆرە مۆرفیمی کاتی ڕابردوو لە (ك.ژ)دا دیاری دەکەین. هەرچەندە لە هەندێ سەرچاوەی ریزمانی (ك.ژ)دا چوار جۆرە چاوگ دیاریکراوە (بەپێی ئەو پیتەی کە دەکەوێتە پێش نونی چاوگەکەوەو بە نیشانەی چاوگ دانراوە. بەلام بەلای ئێمەوە مۆرفیمی کاتی ڕابردوود.

((دزارێ کرمانجی‌دا نیشانێت ژێدەری هەر ئەڤ چارەنە (ئان – an ، ئن – in ، ئین – in، ئون – un))) [٢٢ : ٤٠٨].

کەواتە ئەگەر بەپێی ئەم بۆچوونە بێت، دەبێت چوار جۆرە مۆرفیمی کاتی ڕابردوو لەم دیالێکتەدا هەبێت، بەلام بە بۆچوونی ئێمە شەش جۆرە مۆرفیمی کاتی ڕابردوو هەیە، واتە شەش جۆرە چاوگ (بەپێی نیشانەی چاوگ) هەیە. بۆ نموونە :

(دان، کوشتن، چوون، برن، چاندن، نڤیسین).

٧-مۆرفیمی ناوی کارا [١]:

لە (ك.ژ)دا ناوی کارا بەهۆی خستنە سەری مۆرفیمی (ی) بۆ سەر کاری رابردووی سادەی تینەپەرەوە دروست دەبیت [٢٢ : ٣٩٠]. وەك :

| کاری رابردووی سادەی تینەپەر | ناوی کارا |
| --- | --- |
| نڤست | نڤستی |
| مر | مری |
| هات | هاتی |
| چۆ | چۆیی [٢] |
| خویسیا | خویسیایی |
| داما | دامایی |
| راوەستا | راوەستایی |

جیی سەرنجە کە جگە لەم شیوە دروست بوونە، شیوەی تریش هەیە [٣].

ناوی بەرکاریش بەشیوەیەکی کەمتر هەمان مۆرفیمی (ی) بۆ بەکاردیت، ئەگەر کاری رستەکە بکەر دیاربوو. وەك :

کوشتی، نڤیسي ، خواندی ... هتد.

٨-مۆرفیمی تایبەت بە تانەکان [٤].

أ-مۆرفیمی رابردوو تەواو :

لە (ك.ژ)دا مۆرفیمی رابردووی نزیك (تەواو) هەمان مۆرفیمی (ی) ناوی کارا، یان بەرکارە کە بەر لە ئیستادا ئاماژەمان بۆ کرد. سەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بکە :

١-ئەز هاتیمە.

٢- وی نان خاریە.

---

[١] لەهەندی سەرچاوەدا ئاوەلناوی کاراشی پی دەلین، بەتایبەتیش ئەگەر کارەکە لیکدراو بوو (زگ سوتی، کور مری).

[٢] ئەگەر کارەکە کۆتایی بە پیتیکی بزوین هاتبوو، ئەوا (ی - y)ی نەبزوین دەخریتە نیوان کارەکەو مۆرفیمی ناوی کاراوە.

[٣] بروانە [٢٢ : ٢٩٢-٢٩٣].

[٤] ئەم مۆرفیمانەش لە ئینگلیزیدا هەر (Aspect)یان پی دەلین.

ب–مۆرفیمی رابردووی دوور :

مۆرفیمی رابردووی دووریش لە (ك.ژ)دا، هەروەکو کرمانجی خواروو هەر (بوو)ە و وەکو یەك مۆرفیمیش مامەلەی لەگەلدا دەکەین. نەك وەك هەندی لە زمانەوان بە دوو مۆرفیمیان داناوە. وەك (ب) رەگی کاری بوون و (وو) مۆرفیمی کاتی رابردووی نزیك.

٩–مۆرفیمی مەرجی.

مۆرفیمی سەرەکی ریژەی ئینشائی (مەرجی) لە (ك.ژ)دا (با) و (ب)ە کە دەکەویتە دوای رەگی کارەوە. وەك :

کربا، کربت، هاتبا، هاتبت.

بەلام بەپیی بەچکەزار، یا هەندی ناوچەی هەمان بەچکەزاریش (بایە، بوا، بـ .. بوا)یەش بەکاردیت [1]. وەك :

١– خوزی من کربایە.

٢– خوزی من بکر بوا.

٣– خوزی من کربوا (کربوایە). [١٨ : ١٠٥–١٠٦].

١٠–مۆرفیمی دووبارە بوونەوە.

مۆرفیمی دووبارە بوونەوەی کار لە (ك.ژ)دا (ڤە)یەو هەندی جاریش (ە)یە بزوینەکەی لی فری دەدریت و تەنها (ڤ)کە وەکو مۆرفیمی دووبارە بوونەوە بەکاردیت. ئەم مۆرفیمەش لە دوو شیوەی جیاوازدا دەبینریت. یا دەکەویتە پیش رەگی کارەوە (هەروەکو پیشتر ئاماژەمان بۆ کرد) و لەم حالەتەشدا تەنها (ڤـ)کە بەکاردیت. یان دەکەویتە دوای رەگی کارەوەو لەم حالەتانەشدا بەزۆری (ەڤە) بەکاردیت. سەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بکە :

هاتەڤە، زڤرییەڤە، ... هتد.

١١–ئامرازی پەیوەندی.

لەهەندی حالەتدا هەردوو مۆرفیمی (ـە، ی) لە (ك.ژ)دا وەکو ئامرازیکی پەیوەندی و لەشیوەی پاشگریکدا دەکەونە دوای رەگی کارەوە. بروانە رستەکانی (١–٤) ل ٢١ .

١٢–مۆرفیمی ریککەوتن (جیناوی لکاو)

لە (ك.ژ)دا جیناوە لکاوەکان لەشیوەی پاشگریکدا دەچنە سەر رەگی کارو پەیوەندی ریککەوتنی نیوان بکەرو کار، یان بەرکارو کار دەردەبرن. سەیری ئەم رستانەی خوارەوە بکە :

ئەز هاتم. ⟵ ریککەوتنی بکەرو کار.

وی ئەز دیتم. ⟵ ریککەوتنی بەرکارو کار.

---

[1] زۆر لە ریزمان نووسەکان ئەم شیوانەیان بە مۆرفیمەکانی تافی رابردووی ئینشائی داناوە.

کەواتە لەم دیالێکتەشدا تا حەوت پاشگر دەتوانرێت زیاد بکرێت بۆ سەر ڕەگی کارێکی دارێژراو. بەلاَم ئەمانە هەر هەموویان ناتوانن پێکەوەو لەیەك کاتدا بچنە سەر ڕەگی کارەکە، بەلکو ئەم مۆرفیمانە بەپێی کات و تاف و تاو مودی کارەکەوە دیاری دەکرێن.

دەبێ تێبینی ئەوەش بکەین، کەوا زۆر جار ڕەگی کارێك بەپێی پێویستی خۆی لەگەل هەردوو جۆرە مۆرفیمەکەدا (پێشەوە و دواوە) یەك دەگرێت و کارێکی دارێژراو پێك دەهێنێت. وەك :

هەل نەگرتبوو، ڕاکریمە، نەکەناندبوو

کەواتە دارشتنی یاساکانی ڕۆنانی ناوەوەی فریزی کاری لە (ك.ژ)دا بەپێی جۆری کارەکە دادەرێژرێت. وەك :

ئەو نە دهات.

...یاسای ژمارە (٤٥)

| |
|---|
| ف ك ←— م.نەرێ + م.بەردەوامی + ڕەگ + م.ڕابردوو + م.ڕیککەوتن |
| نە + د + ها + ت + Φ |

بۆ ئەم مەبەستەش بە پێویستیمان نەزانی کەوا چەند کارێك بەپێی کات و تاف و تاو مودەوە لەگەل ئەم مۆرفیمانە گەردان بکەین و بە نموونەوە بیانخەینە ڕوو، چونکە جۆرەکانی کار لەم ڕووانەوە لە چەندین سەرچاوەی ڕێزمانیدا دەست نیشان کراوە و پێویست بە دووبارەبوونەوە ناکات. بەلکو تەنها چەند نموونەیەك بۆ جۆری کارەکان دەخەینە ڕوو. سەیری ئەم ڕستانەی خوارەوە بکە :

١-ئەز ڕا دکەڤتم.

...یاسای ژمارە (٤٦)

| |
|---|
| ف ك ←— پێشگر + م.ڕێژە (بەردەوامی) + ڕەگی کار + م.ڕابردوو + م.ڕیککەوتن |
| ڕا + د + کەڤ + ت + م |
| ١ + ٣ + ٤ + ٦ + ١٢ |

٢-ئەز ڕا کەڤتبام.

...یاسای ژمارە (٤٧)

| |
|---|
| ف ك ←— پێشگر + ڕەگی کار + م.ڕابردوو + م.ئینشائی + م.ڕیککەوتن |
| ڕا + کەڤ + ت + با + م |
| ١ + ٤ + ٦ + ٩ + ١٢ |

٣–وی ئەم نەهەژاندین.

ف ك ⟵ م.نەفی + ڕەگ + م.تێپەڕاندن + م. ڕابردوو + م.ڕێککەوتن
نە + هەژ + ان + د + ین
٢ + ٤ + ٥ + ٦ + ١٢

...یاسای ژمارە (٤٨)

جێی سەرنجە، ئەو ڕستانەی کە کارەکانیان تێپەڕەو بەرکارەکەش بە ئاشکرا لە ڕستەکەدا دەردەکەوێت، بەرکارەکە دەبێتە بەشێکی سەرەکی لە فرێزە کارییەکەو دەبێ لەکاتی داڕشتنی یاساکاندا ئاماژەی بۆ بکرێت، بەڵام لەبەرئەوەی ئەمە پەیوەندی بە ڕۆنانی دەرەوەی فرێزی کارییەوە هەیە کە لە بەشی داهاتوودا بە درێژی ڕوونی دەکەینەوە، بۆیە ئێمە لێرەدا تەنها ڕۆنانی ناوەوەی کارەکان بەپێی مۆرفیمە پێکهێنەکانیان ڕوون دەکەینەوە و یاسایان بۆ دادەڕێژین.

٤–من گوتە ڕزگاری وەرە.

ف ك ⟵ ڕەگ + م.ڕابردوو + ئامرازی پەیوەندی
گو + ت + ـە
٤ + ٦ + ١١

...یاسای ژمارە (٤٩)

٥–ئەز وی دنڤینم.

ف ك ⟵ م.ڕێژە (بەردەوامی) + ڕەگ + م.تێپەڕاندن + م.ڕێککەوتن
د + نڤ + ین + م
٣ + ٤ + ٥ + ١٢

...یاسای ژمارە (٥٠)

جێی سەرنجە، کە هەر بەو شێوانەی سەرەوە دەتوانرێت ڕۆنانی ناوەوەی هەر کارێك یان فرێزێکی کاری لە دیالێکتی (ك.ژ)دا یاسای بۆ دابڕێژرێت و دەکرێت تەنها مۆرفیمەکان بنووسرێت، واتە ژمارەو کەرتەکانی کارەکە نەنووسرێن.

## ٣ـ٥ هەندێ خاسیەتی مۆرفیمە پێکهێنەکانی کاریدارێژراو لە(ك. ژ)دا.

١- هەموو مۆرفیمە پێکهێنەکانی کاری دارێژراو، مۆرفیمی بەندن و بەکارهێنانی سەر بەخۆیان نیە. هەرچەندە هەندێ لە ڕەگەکان و مۆرفیمەکانی ڕێککەوتن (جێناوە لکاوەکان) لە شێوەی مۆرفیمی سەربەخۆشدا دەبینرێن، بەڵام ئەمانە لە دارشتنی کاردا لە شێوەی مۆرفیمێکی بەندا دەردەکەون و پەیوەندییان لە ڕووی واتاو سینتاکسەوە بەشێوە سەربەخۆکانیەوە نەماوە [٣٦: ٤٥]. هەرچەندە بەپێی هەندێ بیروڕا مۆرفیمەکانی تریش لە سەرەتادا، هەر وشەی سەربەخۆ بوون و ئێستا لە شێوەی پێشگرو پاشگردا دەبینرێن. بەڵام ئەم مۆرفیمانە بەپێی هیچ یاسایەك ناتوانرێت کە بگێڕدرێنەوە سەر شێوەکەی پێشوویان، چونکە لەئەنجامی، گۆڕانێکی مێژووییەوە هاتوون و پەیوەندییان بەشێوە سەربەخۆکانیانەوە نەماوە.

٢- هەموو مۆرفیمەکان پۆلی داخراون. واتە دەتوانرێت ژمارەیان لە زمانێك، یان شێوە زارێکدا دیاری بکرێت. تەنها ڕەگی کار نەبێت کە پۆلێکی کراوەیە و دیاریکردنی ژمارەی کار لەزمانێکدا تا ڕاددەیەك زەحمەتە. بەڵام ئەمەش بەپێی هەندێ بۆچوون پۆلێکی مام ناوەندین، واتە لەنێوان کراوەو داخراودان، چونکە ڕۆژی بەهەزاران ناو لە زمانێکدا زیاد دەبێت، بەڵام ڕەنگە بۆ ماوەیەکی زۆر کارێك زیاد نەبێت.

٣- ئەو پۆلانەی کە لەئەندامێکیان زیاتر هەیە، تەنها یەکێکیان لەیەك کاتدا دەتوانن بچنە سەر ڕەگی کارەکە. واتە ئەندامەکانی هەر پۆلێك ناتوانن بەهەمان ئەرك و واتا لە کارێکدا دووبارە ببنەوە. تەنها لە هەندێ جۆری کاردا مۆرفیمی دووبارە بوونەوەو پێشگرێك پێکەوە دەتوانن بچنە سەر ڕەگی کارێك. وەك (لێك ڤەکرن، لێ ڤەکرن، ...هتد)

٤- ئەم مۆرفیمانە لەڕووی تایبەتییان بەڕەگەوە، وەکو یەك نین. واتە ئەوانەی زیاتر تایبەتن بەڕەگ نزیکتر لەڕەگەوە دەوەستن و ئەوانەی کەمتر تایبەتن بەڕەگ دوورتر لە ڕەگەوە دەوەستن. بۆ نموونە مۆرفیەکانی کاتی رابردوو(Tense )و مۆرفیەکانی ڕێژە یان (کاتی ڕانەبردوو) (Aspect) هەردەم نزیك لە ڕەگەوە دەوەستن و لە ڕەگەکە دوورناکەونەوە. بەڵام مۆرفیمەکانی ڕێککەوتن، یان پێشگرەکان کەمتر تایبەتن بەڕەگەوە بۆیە شوێن گۆڕکێ دەکەن، یان دوورتر لە ڕەگەوە دەوەستن.

کەواتە کاتێك کەلە مۆرفیمێك زیاتر لەسەر لایێکی ڕەگەکە هەبو ئەوەی زیاتر تایبەتە بەڕەگەوە نزیکتر دەوەستێ و ئەوەی کەمتر تایبەتە دوورتر دەوەستێ

سەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بکە :

ڕادکەڤاند.

هەل نە دگرت..

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە بەندکردنێکی شوێنی هەیەو مۆرفیەکان هەروا لەخۆیانەوە ڕیز نابن [٤٨: ٢٠٩-٢١٠].

٥-ئەم مۆرفیمانە (٣) سیانیان بوونیان لەهەر کارێکدا ناچارییە، وەك (ڕەگی کارو مۆرفیمی کاتی رابردوو جێناوی لکاو) بەڵام ئەوانەی تر بەپێی جۆرو مەبەستی کارەکە دەست نیشان دەکرێن. واتە بە ئارەزووە. کەواتە کار لە زمانی کوردی (ك. ژ) لەسێ مۆرفیم کەمتر پێك نایەت و ئالۆزترین کاریش لە (٦) شەش مۆرفیم زیاتر پێك نایەت. سەیری ئەم دوو نموونەیەی خوارەوە بکە، کە کاری یەکەم لە سێ مۆرفیم پێکهاتووەو کاری دووەمیش لەشەش مۆرفیم پێکهاتووە.

هات = ها + ت + $\phi$

نەڤەخواری بوو = نە + ڤە + خوا + ر + ی + بوو

واتە کەرتەکانی کاری دا ڕێژراو لە دیالێکتی (ك.ژ)دا لە نێون (٣-٦) دایە.

٦-خاسیەتێکی گرنگی ئەم مۆرفیمانە ئەوەیە، کە لەشێوەی پێشگرو پاشگردا دەچنە سەر ڕەگی کارو، بەشێوەیەکی ڕووکەش وا دەبینرێن کە تەنها خاسیەتێکی مۆرفۆلۆجییانەیان لەگەڵ ڕەگی کاردا هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمانە ئەرکێکی سینتاکسیش دەبینن و دەبنە کەرەسەی مۆرفۆ سینتاکسی. بۆ نموونە بەپێی گرێمانێکی (تیورێکی) بەربڵاوی (حوکمی بەندکردن-Government-binding) ئەم مۆرفیمە گەردانکەرانە (تصریفی) یانە، بەتایبەتیش ئەوانەی جۆرە بەندێتیەك لەنێوان بەشەکانی ڕستەدا دادەمەزرێنن، دەبێ سەری ئەرکیان بۆ تایبەت بکرێت، واتە وەکو سەر بنوێنرێن، کە فرێزیان لێ دەبێتەوە[و] بەمجۆرە هەر کەرەسەیەکی مۆرفۆسینتاکسی کە لەگەڵ جۆرێکی ئەرکی لە زمانێکی دیاریکراودا ڕێك دەکەوێ، لەڕووی سینتاکسییەوە سەرەی لێ بوونەوەیەکی بەرزە. واتە سەرەیەو فرێزی لێ دەبێتەوە. لەبەهێزترین شێوەیدا چەمکەکە وا دەگەیەنێ کە هەر ئامرازێکی مۆرفۆسینتاکسی، کە ئەرکێکی سینتاکسی جێ بەجێ دەکات، دەبێتە سەرێکی ئەرکی. بۆ نموونە ئەگەر نیشانەکانی ڕێژە وەکو سەرێکی ئەرکی دابنرێت، ئەویش بە دانانی ڕەگ وەکو تەواوکەر، ئەوا نیشانەکانی ڕێژە بەم شێوەیە لێك دەدرێتەوە کە لەهەر کوێیەك ڕوودەدات [٤٨: ٢١٢][1]

## ٥-٤ فراوانکردنی فرێزی کاری

مەبەست لە فراوانکردنی فرێزی کاری، ڕۆنانی دەرەوەی کارێکە لەڕستەدا، کەدەتوانرێ بەهۆی دوو ڕۆنانی جیاوازەوە فراوان بکرێت. یا بە هۆی فرێزێکی ناوییەوە فراوان دەکرێت،

---

(١)بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم بابەتە بڕوانە (هـ.س: ٢١٢-٢٢١).

کە ئەرکی بەرکاری ڕاستەو خۆ دەبینێت لە ڕستەکەدا. بۆ نموونە لە ڕستەیەکی وەك (من کوڕەك دیت). کارەکە بەهۆی فرێزێکی ناوی وەك (کوڕەك)ەوە فراوان کراوەو بەمەش فرێزێکی کاری فراوانکراوی وەك (کوڕەك دیت)ی پێکهێناوە. فرێزە ناوییەکانیش بەپێی هەموو ئەو یاسایانەی کەلەبەشەکانی پێشوودا بۆ فرێزی ناویمان داڕشتن دەتوانرێت فروان بکرێن. سەیری ئەم ڕستانەی خوارەوە بکە:

١- من کوڕەك دیت.

٢- من ئەڤ کوڕە دیت.

٣- من ئەڤ کوڕێ زیرەك دیت.

٤- من هەرهەمی کوڕێن زیرەك و ئازاو... دیتن.

کەواتە یاساکان لەناوخۆیاندا دووبارە دەبنەوە (یان دەزێنەوە)و دەتوانن فرێزەکارییەکە بۆ سنورێکی بێ کۆتایی فراوان بکەن. وەئەو فرێزە ناوییەی کە دەبێتە بەشێکی سەرەکی لە فرێزێکی کاریدا واتە ئەرکی بەرکاری ڕاستەوخۆ دەبینێت، دەکەوێتە پێش کارەکەوە سەیری ئەم ڕستانەی خوارەوە بکە:

١- من کوڕەك دیت.

٢- ڕویڤی دێ مریشکی خوەت.

٣- سەگڤانی ئارمانج هنگافت.

کەواتە یەکێك لەیاساکانی ڕۆنانی دەرەوەی فرێزی کاری ئەوەیە کە دەکرێ بەهۆی فرێزێکی ناوییەوە فراوان بکرێت و بەپێی یاسایەکی گشتی وەك ئەمەی خوارەوەش بنوێنرێت.

| ف ك ⟵ ف ن + كار. | ........یاسای ژمارە (٥١) |
|---|---|

هەروەها فرێزی کاری دەتوانرێ بەهۆی فرێزێکی بەندیشەوە فراوان بکرێت، کە ئەرکی بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەبینێت و، د.محەمەد مەعروف وای بۆ دەچێت کە سەربار (adjunct) بێت[1] [٤٨ : ٢١١].

---

(١) لێرەدا مەبەست لە سەربار هەردەبێ ئەوە بێت، کە دەتوانرێت لەڕستەکەدا لا ببرێت بێ ئەوەی کە کار لەواتای ڕستەکە بکات هەرچەندە فرێدان و مانەوە نابێتە بنەمایەکی سەرەکی بۆ جیاکردنەوەی سەربار لەکەرەسەکانی تری ڕستە. بۆ نموونە وەك تەواوکەر. بۆزانیاری زیاتریش دەربارەی ئەم بابەتە. بڕوانە [٥: ٦٤-٦٩].

فرێزی بەندیش کە بە ئاشکرا لە ڕستەدا دەردەکەوێت، دەتوانێت بکەوێتە پێش، یان دوای فرێزە کارییەکەوە. سەیری ئەم ڕستانەی خوارەوە بکە :

١- ئازاد هات بۆ گوندی.

٢- خانزاد ل سولە یمانیێ دخوینت.

کەواتە یاسایەکی تری ڕۆنانی دەرەوەی فریزی کاری ئەوەیە، کە دەتوانرێت بەهۆی فرێزێکی بەندەوە فراوان بکرێت و بەهۆی ئەم دوو یاسایەی خوارەوەش بنوێنرێت :

| | |
|---|---|
| ف ك ←—— ف بەند + کار | .......... یاسای ژمارە(٥٢) |
| ف ك ←—— کار + ف بەند | .......... یاسای ژمارە(٥٣) |

زۆر جاریش وا ڕێك دەکەوێ کە کارێك بەهۆی هەردوو جۆری فرێزەکەوە فراوان کرا بێت. سەیری ئەم ڕستانەی خوارەوە بکە:

١- ئازادی شیڤ خوار ل مالامامێ خوە.

٢- من ب کەڤچکی نیسك خوار.

| | |
|---|---|
| ف ك ←—— ف ن + کار + ف بەند | .......یاسای ژمارە (٥٤) |
| ف ك ←—— ف بەند + ف ن + کار | ....... یاسای ژمارە (٥٥) |

بەڵام لەبەر گرنگیو فراوانی بەکارهێنانی فرێزی بەند لەزمانی کوردی (ك.ژ)دا، بە پێویستمان زانی کە لە باسێکی سەربەخۆی ئەم بەشەدا باسی هەندێ خاسیەتی ئەمجۆرە فرێزە لە دیالێکتی (ك.ژ)دا بکەین.

## ٥ ـ ٥ فرێزی بەند

بەڕای د. محەمەد مەعروف، زمانی کوردی لەم جۆرە فرێزەدا دەوڵەمەندە و ئەمەش لەکاتێکدا دروست بوو، کە دۆخ (Case) لە زمانەکەدا نەماو دەورەکەی درا بە فرێزی بەند[٤٠ : ٢٨]. بەڵام بە بۆچوونی ئێمە لەگەڵ ئەوەی کە دۆخ تائێستاش بەشێوەیەکی فراوان

لەدیالێکتی (ك.ژ)دا بەکاردێت، کەچی لەگرنگی و فراوانی سنوری بەکارهێنانی ئەم جۆرە فرێزەی لەم دیالێکتەدا کەم نەکردۆتەوە. فرێزی بەندیش بریتیە لە ڕۆنانێك کە ئامرازێکی پەیوەندی سەرەیەتیو کەرەسەیە کیش دەبێتە تەواوکەری.

سەیری ئەم ڕونانانەی خوارەوە بکە :

ب دەستەکێ سڤك

ب سەرو چاڤاندا

ژناڤ نڤینا

یەکێك لە خاسیەتەکانی ئەم جۆرە فرێزەش ئەوەیە، کە بەبێ ئامرازی پەیوەندی دروست نابێت. ئامرازی پەیوەندیش لە زمانی کوردی (ك. ژ)دا دوو جۆرە:

یاسادەیە، یالێکدراوە.

نموونە بۆ سادە: ژ، ب، ل، بۆ[1] .

نموونە بۆ لێکدراو : بـ...ڤە، بـ...را، د...دە، ... هتد

کەواتە مەبەست لە ئامرازی پەیوەندی لێکدراو، ئەو ئامرازانەن کە پاشگرێکی پچراویان لەگەڵدایەو، پاشگرەکەش دەچێتە سەر تەواوکەرەکان، ئەگەر تەواوکەرەکانی ئامرازە پەیوەندییەکان لە کەرەسەیەك زیاتر بوو، ئەوا دەچێتە سەر دوا تەواوکەر. سەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بکە:

ب سەرو چاڤاندا.

دَ دلێ خودا.

دگوهێ مەهینێ دا

کەواتە هاتن و نەهاتنی ئەم پاشگرانە، بە پەیوەندییەکی واتایی تەواوکەرەکانیانەوە بەندە. سەیری ئەم ڕستانەی خوارەوە بکە :

١- وی ژمن رە گۆت.

*٢- وی ژمن گۆت.

٣-وان ب بەرا پەنجەرە شکاند.

*٤- وان بە بەرانڤە پەنجەرە شکاند.

---

(١) هەندێ لە ئامرازە پەیوەندییە سادەکان لەم دیالێکتەدا، بەم شێوە ڕێنووسە لەشێوەی تاکە فۆنیمێکدا دەردەکەون. بەڵام ئەرکی مۆرفیمێکیش دەبینن بۆیە دەکرێ کە پێیان بووترێ یەکەی مۆرفۆفۆنیمی.

جیاوازی نێوان ئەم جۆرە فرێزەش لەگەڵ جۆرەکانی تری فرێز لەوەدایە، کە پەیوەندی نێوان سەرەی ئەم جۆرە فرێزەو تەواوکەرەکەی، پەیوەندی حوکم کردن (Government)ەو پەیوەندی شوێنکەوتوویی (Subordination) نیە. واتە ئامرازە پەیوەندییەکە بەندکەرەو، هەر ئەویش بڕیار دەدات کە چ جۆرە تەواوکەرێك لەڕۆنانەکەدا هەبێت و، تەواوکەرەکەش بەندی ئامرازە پەیوەندییەکەیە، سەرەی ئەم جۆرە فرێزەش ناتوانێ شوێنی هەموو ڕۆناکە بگرێتەوە، چونکە ئەمەش هەر بە پەیوەندییەکی واتایی تەواوکەرەکانەوە بەندە [٤٨: ١٩٠-٢٢٤]. سەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بکە:

١- دەیکا مە لـهێڤیا چ مایە؟

*٢- دەیکا مە ل چ مایە ؟.

٣- ئەز ل ماڵێ مە.

*٤-ئەز ل مە.

ئەو کەرەسانەی کە دەبنە تەواوکەری فرێزێکی بەند لە زمانی کوردی (ك.ژ)دا بریتین لەم کەرەسانەی خوارەوە [٤٨: ٢٢٣-٢٢٥].

١- فرێزە ناوییەکان:

ئەم جۆرە تەواوکەرەش لە هەموو تەواوکەرەکانی تر ، زیاتر دووبارە دەبێتەوە. وەك:

ب دەڤ ناهێتە گۆتن.

یاوان دڤیا، ب دەستاڤا نەهات.

ئەز بووم ژ دەیکا خو، ل سالا ١٩٦٥ێ دا.

بەلێ دێ ڕۆژەك هێت، خوشیڤا شەڤێ ژی ل مالا وە نابیت.

لە (ك.ژ)دا، ئەوناوەی، یائەو فرێزە ناوییەی کە دەبێتە تەواوکەری ئامرازێکی پەیوەندی دەبێ هەمان خاسیەتی جێناوە جوداکانی کۆمەڵەی دووەمی هەبێت[1]. واتە دەکەوێتە دۆخەوە. بۆ ئەم مەبەستەش ناوەکە مۆرفیمی (ی) بۆ تاکی نێرو (ێ) بۆ تاکی مێو (ان)یش بۆ کۆی نێرو مێی دەچێتە سەر . وەك :

ژ ئاشی

ل مالێ

ب وان گۆتنا

---

[1] چونکە ئەگەر تەواوکەری فرێزە بەندەکە جێناو بێت، ئەوا هەر دەبێت جێناوە جوداکانی کۆمەڵەی دووەم بێت.

بەبۆچوونی ئێمە، ئەم یاسایەش هەر دەبێ هەندێ حاڵەتی ناوێزەی هەبێت چونکە هەندێ جار ئەو ناوەی کەلەگەڵ ئامرازێکی پەیوەندیدا بەکار دێت، هیچ مۆرفیمێکی نێرو مێی ناچێتە سەر. سەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بکە:

١- من کچەکێ بێ دەست دیت ڤێ سپێدێ.

٢- من خۆ ل ماڵ ڤەشارت.

بەڵام ئەگەر هاتوو فرێزە ناوییەکە لە ناوێك زیاتر پێك هاتبوو ئەوا ناوی یەکەم لە دۆخی خستنە سەردا دەبێت و ناوی دووەمیش هەر ئەو یاسایەی سەرەوەی بەسەردا پیادە دەبێت، بەڵام ئەگەر کەرتی دووەمی فرێزە ناوییەکە، ناونەبوو، واتە جێناو، یان ئاوەڵناو بوو ئەوا هیچ مۆرفیمێکی تایبەت بەنێرو مێی ناچێتە سەر [٤٦: ٤٨].

سەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بکە:

د گوهێ هەسپی دە

دگوهێ مە هینێ دە

دبازێرێن کوردستانێ دە

ل مالا خۆ

ب دەڤێ خوش

ژ بیرا من

ب دەستەکێ سڤك و ب لەز

ل ڤێ گوندی

ئەم جۆرە فرێزەش هەندێ جار دەتوانرێ بەهۆی دیارخەرێك (Specifien)ی وەك (ئێکسەر، گەلەك، زۆر)ەوە فراوان بکرێت [٥٢: ٢١٥].

١- ئەو گەلەك ب لەز هات.

٢- هەر ژبەر هەندێ تە دگۆت.

٣- هندەك ژمن مەزنترە.

٢- فرێزە بەندەکان

ژمارەیەکی کەم لە ئامرازە پەیوەندییەکان دەتوانن فرێزێکی بەند وەکو تەواوکەرێکی خۆیان وەربگرن. لەو حاڵەتانەدا، ئامرازە پەیوەندییەکە یەك دەگرێت لەگەڵ فرێزێکی بەندی تر داو فرێزێکی بەندی گەورەتر پێك دێنن، ئەمجۆرە فرێزەش بەزۆری پێك هاتووە لە (تا + کات). وەك :

تانیڤ کاتێ

تا پشتی نیڤە شەڤێ

ئەمجۆرە فریزەش ناتوانرێ بەهۆی دیار خەرێکی وەك (ئێکسەر، زۆر، گەلەك)ە وە فراوان بکرێت.

* زۆر تا نیڤ کاتێ

* گەلەك تا پشتی نیڤە شەڤێ

بەلاّم بە بۆچوونی ئێمە ئامرازە پەیوەندییەکانی وەك (ل، ب، ژ)یش دەتوانن فریزێکی بەند وەکو تەواوکەرێك وەربگرن. بۆ نموونە :

ئەو ل ناڤ بازێرِدە دگەرِن.

ئەز چووم ب بەراڤێ ڤە نیڤ کاتێ.

ژ بۆ ناڤێ بو وان کەین. [1]

### ٣- فریزی ئاوەڵکاری یان فریزی کورتکراوە

ئەم ئاوەڵکارانەش یا ئاوەڵکاری شوێنن، یا ئاوەڵکاری کاتن. جێی سەرنجە کە سنووری بەکار هێنانی ئەم جۆرە تەواوکەرەش لەگەڵ ئامرازی پەیوەندیدا لە زمانی کوردی (ك. ژ)دا زۆر فراوانە بۆ نموونە:

ل لایێ، ل سەر، ل نك، ل ناڤ، ل بن، ب سەرڤەچۆ، ل هنداڤ، ژ جارابەرێ، ب شەڤ، ...هتد.

سەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بکە :

ل لایێ رۆژ ئاڤا گوندیڤە هات.

ل نك وێ هەسپەك و قەسپەك ئێکە.

ژ جارا بەرێ کێمتر بوو.

### ٤- فریزە ئاوەڵناوییەکان.

ئەم جۆرە فریزەش بەدوای هەندێك کاردا دەکەوێت و دەتوانێ ببێتە دیار خەری کارەکە. بۆ ئەم جۆرە فریزەش تەنها ئامرازی پەیوەندی (ب) بەکار دێت و ئامرازە پەیوەندییەکانی تر ناتوانن فریزێکی ئاوەڵناوی وەك تەواوکەر وەر بگرن. سەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بکە:

١-ئەز تە ب ئازا دزانم.

*٢- ئەز تە د ئازا دزانم.

*٣- من تە ل ئازا زانی.

---

[1] هەرچەندە بەپێی هەندێ بۆچوون (ژ بۆ)ئامرازێکی پەیوەندی لێکدراوە.

فریزی بەندیش کۆمەڵێك ئەرکی سینتاکسی جیاواز دەبینێت وەك سەربارو تەواوکەری فریزی کاریو تەواوکەری ئامرازی پەیوەندیو ئەرکی ئامرازێکی بەستنەوەو بکەری لاڕستەو تەواوکەری فریزی ئاوەڵناوی [٤٨: ٢٢٥]. سەیری ئەم رستانەی خوارەوە بکە :

١- ئەم ب چەنگ و نەینویکا دێ شەڕێ هەوەکەین.

٢- من ب خویشکا خویا دلسوژ بزانە.

٣- ژ بەری نەرمتر با، دا هنگژنێ، هەتا تیر ژێ دخار.

٤- ژ بەر هندێ گەلەك کێم دهاتە فروتن.

٥- ژ بەرکو پاشی هەیامەکی دا دیسا بیتەڤە.

٦-کەسێ نەدزانی کا ل کیرێ بن ئاخ کرییە.

٧- ژ ڤێرە تا گوندی پێنج کیلۆمەترە.

هەرچەندە کە ئامرازی پەیوەندی ئەو هەموو جۆرە فریزانە وەك تەواوکەرێك وەردەگرێ، بەڵام لەهەندێ سەرچاوەدا فریزی بەند بەوە پێناسە کراوە کە پێکهاتووە لە ئامرازێکی پەیوەندیو فریزێکی ناوی، کە وەکو بەر کارێکی خۆی لەکاردا دەبێت [٥٢: ٢١٥]. کەواتە هەر هەموو فریزە تەواوکەرەکانی ئامرازی پەیوەندی هەر حیسابی فریزێکی ناوییان بۆ کراوە و دیسان فریزە ناوییەکان یا جۆرەکانی تری فریز کە ئەرکی تەواوکەری فریزێکی بەند دەبینن دەتوانن بەپێی یاساکانی خۆیان دووبارە ببنەوەو فریزە بەندەکە بۆ سنورێکی زۆر درێژ. فراوان بکەن. بۆ نموونە :

ل ڤێ دەمێ سالێ ئاڤ هندی بێژی

ل وی وارێ وەسایێ خوش.

لەلایەکی تر بەبۆچوونی ئێمە تا ئێستاش لە زمانی کوردیدا نەتوانراوە فۆرم و ئەرکی هەندێ کەرەسەی وەك (زوی، نهو، هێژ،...هتد) بەشێوەیەکی زانستی لەڕستەدا دیاری بکرێت، کە ئایا ئەمانە فریزی ناوین و ئەرکی بەکاری ڕاستەوخۆ دەبینن؟ یان فریزی ئاوەڵکارین و ئەرکی سەربار دەبینن؟ ئەم بابەتە تا ئێستاش پێویستی بە لێکۆڵینەوەی وردو زانستی تر هەیە، چونکە تا ئێستاش لە لێکۆڵینەوە ڕێزمانییەکانی زمانی کوردیدا فریزی ئاوەڵکاری بەچاکی لێی نەکۆڵراوەتەوەو ستور و خاسیەتەکانیشی بە ووردی دیاری نەکراوە.

# ٦ـ ئەنجام و پێشنیاز

## ٦ - ١ ئەنجام :

لە دیالێکتی (ک.ژ)دا، دۆخ (نێرومێ) بەشێوەیەکی فراوان بەکاردێت و بۆ ئەم مەبەستەش یاسایەکی ڕێك و پێك نیە بۆ فێربوون و بەکارهێنانی، بەڵکو فێربوونی زیاتر بەشێوەیەکی (سماعی)یە.ئەم دیاردەیەش سەرەڕای ئەوەی کە لە هەندێ حاڵەتدا سوودی هەیە، بەلام زۆر جاریش بۆ ئاخێوەری دیالێکتەکانی تر دەبێتە هۆی جۆرە قورسی و ئاڵۆزییەك .

فرێزی ناوی لە دیالێکتی (ک.ژ) لە ڕووی پێکهاتی مۆرفۆلۆجییەوە سادەیە و وەکو (ک.خ) ئالۆز نیە، کە لە یەك کاتدا ناوەکە چەند مۆرفیمێکی ڕێزمانی بچێتەسەر. بەڵکو ناوەکە لە تاکە مۆرفیمێك، یان زیاتری ناچێتەسەر. بۆیە لە دیالێکتی (ک.ژ)دا، تاکە مۆرفیمێکی ڕێزمانی چەند ئەرکێکی ڕێزمانی دەبینێت. بەواتایەکی تر ئەرکی چەند مۆرفیمێکی ڕێزمانی لە تاکە مۆرفیمێك کۆ دەبێتەوە.

بۆ نموونە مۆرفیمە سەرەکییەکانی نێرومێ کۆمەڵێك ئەرکی ڕێزمانی وەك جنس و ژمارە و ناسیاری و خستنە سەرو ...... هتد دەبینن(بڕوانە لاپەڕە(٦)ی ئەم نامەیە.

کەواتە ناسینەوەی ئەرکی مۆرفیمەکان لەم دیالێکتە دا ئالۆزە و دەکرێت بە مجۆرە زمانە یان دیالێکتە بوترێت (زمانە گەردانییەکان).

بەلام دەبێ سەرنجی ئەوەش بدەین کە هەندێ جار تاکە ئەرکێکی ڕێزمانی، بۆ نموونە ناسیاری بە چەند مۆرفیمێکی ڕێزمانی وەك نێر و مێ و کۆ و ...... هتد جێ بەجێ دەکرێت.

لەکاتی باسکردن و پێناسەکردنی دانە ڕێزمانییەکانیش بۆ نموونە وەك فرێز هەردەبێ لە ڕوانگەی ڕۆنان و ئەرك و پەیوەندی سینتاکسی و واتاوە بێت. ڕیز بوونی هەرەمی دانە ڕێزمانییەکانیش چاکترین ڕێگایە بۆ جیا کردنەوەیان لەیەکتری لە ڕووی ڕۆنانەوە. گەورەترین ڕونان ئەوەیە کە بەرزترین شوێن دەگرێ و بچوکترین ڕۆنانیش ئەوەیە کە نزمترین ڕۆنان دەگرێت. نەك بەپێی هەندێ لەو بۆچوونانەی کە ژمارەی کەرتەکانی ڕۆنانێك، یان هەر پێوانەیەکی تریان دەکردە بنەمایەك بۆ جیاکردنەوەی ڕۆنانی دانە ڕێزمانییەکان لە یەکتر.

سەرەی فرێزی ناوی لەم دیالێکتەدا دەکرێ بەهۆی سێ دیارخەر، لەپێشەوە فراوان بکرێت. کە بریتین لە وشەیەکی بەندکەر و ئاوەڵناوێکی نیشانەو وشەیەکی چەندێتی. ئەم سێ دیارخەرەش بێ نیشانەی خستنەسەر لەگەڵ ناوەکەدا لێك دەدرێن. ئەمجۆرە ڕۆنانەش دەکرێت کە لە دواوە بە هۆی سێ دیارخەری ترەوە فراوان بکرێت کە بریتین لە ئاوەڵناو، یان فرێزی ئاوڵناوی، فرێزی

ئاوەڵکاری کورتکراوە و پاڕستەی گەیەنەر. واتە ناوەکە لەدواوەش دەکرێ بەهۆی سێ دیارخەرەوە فراوان بکرێت.

کار لە (ك.ژ) دا خاوەنی پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی ناوەکییەو لە مۆرفیمی بەند پێکهاتووە. واتە لەم دیالێکتەشدا کاری سادە نیە، کار یادارێژاوە، یان لێکدراوە. بەڵام لە دیالێکتی (ك.ژ)دا ناکرێ کەبکەر نادیاری بە مۆرفیمێکی کاری دارێژراو بژمێردرێت، بەڵکو بەپێی پێناسەی کاری لێکدراو، نادیاری دەبێتە کەرتێکی کاری لێکدراو. واتە هەموو کارێکی بکەر نادیار لە (ك.ژ)دا کارێکی لێکدراوە.

کار لە ڕووی ڕۆنانی دەرەوەش خاوەنی پێکهاتەیەکی ئاڵۆزە و بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت بەهۆی دوو فۆرمی جیاوازەوە فراوان بکرێت. یان بەهۆی فرێزێکی ناوییەوە فراوان دەکرێت، کە ئەرکی بەکار دەبینێت و لە ڕیزبوونیشدا دەکەوێتە پێش کارەکەوە. یان بەهۆی فرێزێکی بەندەوە فراوان دەکرێت کە ئەرکی بەکاری ناڕاستەوخۆ دەبینێت و د. محەمەد مەعروف وای بۆ دەچێت کە (سەربار ) بێت. لە ڕیزبوونیشدا دەتوانرێت بکەوێتە پێش یان دوای کارەکەوە. کارەکەش لەیەك کاتدا دەتوانرێت بەهۆی هەردوو جۆرە فرێزەکەوە فراوان بکرێت و هەردوو فرێزەکەش بەپێی یاساکانی خۆیان دەتوانن دووبارە ببنەوە و فراوان بکرێن و فرێزەکارییەکەش بۆ سنورێکی بێ کۆتایی فراوان بکەن.

## ٦-٢ پێشنیاز

شتێکی ئاساییە کە کار لە هەموو زمانێکدا ڕۆڵێکی گەورەو کاریگەر دەبینێت لە سازدانی ڕستەو هەڵ سوڕانی کەرەسەکانی ناو ڕستەدا. بەڵام لە دیالێکتی (ك.ژ) دا کارەکە دەتوانێ فۆرمی ئەو کەرەسانەش بەند بکات کەلە گەڵیدا بەکاردێن لە ڕووی وەرگرتنی مۆرفیمە ڕێزمانییەکان. ئەمجۆرە خاسیەتەی کاریش لە ڕستەدا زەمینەیەکی لە بار خۆش دەکات بۆ لێکۆلینەوەی لایەنە ڕێزمانییەکانی ئەم دیالێکتە لە ڕوانگەی تیۆرو بۆچوونی ڕێزمانی بەندێتیەوە، بۆیە پێشنیاز دەکەین بۆ لێکۆڵینەوەکانی داهاتوو، کە لە ڕوانگەی ڕێزمانی بەندێتییەوە چەند تێزو نامەیەکی زانکۆیی لەبارەی ڕێزمانی ئەم دیالێکتەوە بنووسرێت.

# سەرچاوەكان

## ١-بەزمانی كوردی

### أ- نامەی زانكۆیی بڵاونەكراوە


١-ئاواز حمه صديق بەگیخانی (١٩٩٦) ڕیز بوونی كەرستە لە زمانی كوردیدا، نامەی ماجستێر ، كۆلێجی ئاداب، زانكۆی سەلاحەددین.

٢-احمد حسن فتح الله (١٩٩٠) بكەر وەك بەشێكی سەرەكی لە ڕستەی كوردیدا، نامەی ماجستێر، كۆلێجی ئاداب، زانكۆی سەلاحەدین.

٣-بائیز عمر احمد (١٩٩٩٩ تێنس لە دایالێكتی ژووری زمانی كوردیدا (گۆڤەری بادینی)، نامەی ماجستێر، كۆلێجی ئاداب. زانكۆی سەلاحەددین.

٤-بەكر عومەر عەلی (١٩٩٢) بەستن و كرتاندن لەكوردیدا، نامەی ماجستێر، كۆلێجی ئاداب، زانكۆی سەلاحەددین.

٥-ساجده عبدالله فەرهادی (١٩٩٥) ڕێزمانی بەندێتی وهەندێ لایەنی ڕستەی كوردی، نامەی ماجستێر، كۆلێجی ئاداب، زانكۆی سەلاحەددین.

٦-طالب حسين علي (١٩٩٨) هەندێ لایەن لەپەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە كوردیدا، نامەی دكتۆرا/فەلسەفە ، كۆلێجی ئاداب، زانكۆی سەلاحەددین.

٧-عبدالله حوسین ڕەسول (١٩٩٥) مۆرفیمە ڕێزمانییەكانی كار، نامەی دكتۆرا، كۆلێجی پەروەردە- ئیبن روشد-، زانكۆی بەغدا.

٨-فەریدون عەبدول بەرزنجی (١٩٨٨) نادیاری، نامەی ماجستێر، كۆلێجی ئاداب، زانكۆی سەلاحەددین.

٩- كەوسەر عەزیز ئەحمەد (١٩٩٠) بیردۆزی مۆرفیم و هەندێ لایەنی وشەسازی كوردی، نامەی ماجستێر، كۆلێجی ئاداب، زانكۆی سەلاحەددین.

١٠- محمود فتح الله (١٩٨٨) كارتەواوكردن لە كوردیدا، نامەی ماجستێر، كۆلێجی ئاداب، زانكۆی سەلاحەددین.

١١- مصطفى محمد زەنگنە (١٩٨٩) كارو ئەركی لە سینتاكسدا، نامەی ماجستێر، كۆلێجی ئاداب، زانكۆی سەلاحەددین.

١٢- مهاباد كامل عبدالله (١٩٩٦) كار لە كرمانجی خواروو هەورامی دا، نامەی ماجستێر، كۆلێجی ئاداب، زانكۆی سەلاحەددین.


### ب- كتێب


١٣- د. ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٩) ڕێزمانی كوردی، بەرگی یەكەم (مۆرفۆلۆجی)، بەشی یەكەم ناو-، چاپخانەی كۆڕی زانیاری عێراق.

١٤- د. ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٨٧) ڕێزمانی كوردی، بەرگی یەكەم (مۆرفۆلۆجی)، بەشی دووەم -جێناو-، چاپخانەی دار الحريه للطباعة،بغداد.

١٥- د. ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٩٤) ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم(مۆرفۆلۆجی)، بەشی یەکەم -ئاوەڵناو-، چاپخانەی دار الحریە للطباعة،بغداد.

١٦- د. ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٩٨) ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم(مۆرفۆلۆجی)، بەشی چوارەم -ژمارەی ئاوەڵکردار-، چاپخانەی دار الحریە للطباعة،بغداد.

١٧- د. ابراهیم عزیز ابراهیم (١٩٨٠) ڕستەی لێکدراوی شوێنەکەوتووخواز لەگەڵ ڕستەی شوێنەکەوتووی دیارخەری لە دیالێکتە ناوەندییەکانی زمانی کوردیدا، چاپخانەی دار الحریە للطباعة،بغداد.

١٨- ابراهیم رمضان زاخۆیی (١٩٩٨) ڕێزمانا کوردی، چاپائێکێ چاپخانا کولیژا شەریعێ، دهۆک (بەڕێنووسی لاتینییە).

١٩- تەوفیق وەهبی (١٩٢٩) دەستوری زمانی کوردی، جیزمی یەکەم،چاپخانەی دار الطباعة الحدیثة، بغداد.

٢٠- د. جەمال نەبەز ١٩٧٦) زنجیرەی زمانەوانی، زمانی ئەدەبی یەگگرتووی کوردی، لە بلاوکراوەکانی یەکێتی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، بامبێرگ، ئەڵمانیای ڕۆژ ئاوا.

٢١- ئەندازیار د.شێرکۆ بابان (١٩٩٩) نەخشەی ڕۆنانی ڕێژەی کار، لە بلاوکراوەکانی دەزگای ئاراس ژمارە (٢٠)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٢٢- صادق بهاءالدین ئامێدی (١٩٨٧) ڕێزمانا کوردی ((کرمانجی یا ژۆری و ژێری یا هەڤبەرکری))، چاپا یەکێ، چاپخانا دار الشؤون الثقافیة العامة ، بغداد، العراق.

٢٣- فیصل مصطفی حاجی (١٩٩٩) کرمانجیا ژووری، بۆ پۆلا یەکێ، پەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایان/هەولێر، وەزارەتی پەروەردە، هەرێمی کوردستان[1].

٢٤- پ.ك.ك کوردۆیێڤ (١٩٨٤) ڕێزمانی کوردی بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی، وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە: د. کوردستان موکریانی،چاپخانەی الادیب البغدادي، بغداد.

٢٥- د. کوردستان موکریانی (١٩٨٦) سینتاکسی ڕستەی سادە لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی دار الحریە للطباعة،بغداد.

٢٦- د. محەمەد ڕەزای باتینی (١٩٩٣) ئاوڕێکی تازە بۆ سەر ڕێزمان، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: حەسەنی قازی، چاپ و بلاوکردنەوە: سوید.

٢٧- محمد طاهر گوهەرزی (١٩٩٩) ڕێزمانا کوردی زارێ کرمانجی، ژبەلاڤوکێت گوڤارا مەتین، چاپا ئێکێ، چاپخانا خەبات، دهۆک.

٢٨- لێژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد(١٩٧٦) ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

٢٩- لێژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە (١٩٩٩) زمان و ئەدەبی کوردی، بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

---

[1] ئەم سەرچاوەیە کتێب نیە، بەڵکو (ملزمە)یێکە و لەبری کتێب دەخوێنرێ لە پۆلی یەکەمی پەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایان لە هەولێر.

٣٠- نوری عەلی ئەمین(١٩٦٠) ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی کامەران، سلێمانی.

**ج ـ گۆڤار**

٣١- د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٩٧) وتاری کار پۆلین کردن بەپێی ڕۆنان و چەند سەرنجێك، گ.ڕ.ن، ژ(١٣٩).

٣٢- د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف(١٩٩٧) چاوگ و کێشەی کردار لە زمانی کوردیدا، گ.ڕ.ن ، ژ(١٤٠).

٣٣- د. فاروق عومەر صدیق(١٩٧٥) وشەسازی لە زمانی کوریدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم.

٣٤- د. محەمەد فاروق عومەر صدیق(١٩٩٠) دەستوری پێوەلکانی مرۆڤاو((بەناوی باوك و باپیرو لەقەبەوە لە زمانی کوردی و چەند زمانێکی تردا))، گ.ڕ.ن، ژ (١١٨).

٣٥- محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٨٠) ((خۆیەتی لە زاری سلێمانیدا))، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق ((دەستەی کورد))، بەرگی حەوتەم.

٣٦- محمد معروف فتاح (١٩٨٩) کارپۆلین کردن بەپێی ڕۆنان، گ.ڕ.ن ، ژ(١٢١).

٣٧- محمد معروف فتاح (١٩٨٩) وشەی لێکدراوی بەستراو، گ.ڕ.ن، ژ(١٢٤).

٣٨- د. وریا عمر امین ( ١٩٨٢) کات و ڕەگی فەرمان، ڕۆژی کوردستان ، ژ( ٦٥ ).

**د ـ باسی دەرچوون(بحث التخرج)**

٣٩- یحیی عبدالکریم عبدالله (١٩٩٦-١٩٩٧)، کۆمەڵەی ناوی، باسی دەرچوون، بەشی کوردی، کۆلیجی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین.

**هـ ـ وانەکانی خوێندنی باڵا**

٤٠- د. محمد معروف فتاح (١٩٩٧-١٩٩٨) ڕستەسازی، وانەکانی خوێندنی باڵا، ماجستێر (زمان)، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین.

٤١- د. فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی (١٩٩٨-١٩٩٩) زارەکان، وانەکانی خوێندنی باڵا، ماجستێر (زمان)، کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

**٢ـ بەزمانی عەرەبی**

**أ ـ کتێب**

٤٢- د. احمد عزت راجح (١٩٦٨) اصول علم النفس ،ط٧، دار الكاتب العربي للطباعة والنشر، قاهرة (فرع الساحل).

٤٣- تيرينس موور و كريستين كارلنغ (١٩٩٨) فهم اللغة: نحو علم لما بعد مرحلة چومسكي، ت: د. حامد حسين الحجاج، مطبعة دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.

٤٤- رشيد كرد (١٩٩١) قواعد اللغة الكردية ، ت:محمد جزاع، لبنان ، بيروت.

٤٥- د.عبدالقادر الفاسي الفهري (١٩٨٢) اللسانيات واللغة العربية (نماذج تركيبية و دلالية)، الكتاب الاول ، مطبعة دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.

٤٦- هيبت بافي حلبجة (١٩٩٣) القواعد والابجدية الكردية، سوريا، قامشلي.


### ٣ـ بەزمانی فارسی

#### أ ـ کتێب

٤٧- محمد رضا باطنى (١٣٦٤)[1] توصيف ساختمان دستورى زبان فارسى (بر بنياد يك نظرية عمومى زبان)،چاپ سوم، چاپخانهء سپهر، تهران.


### ٤ـ بەزمانی ئینگلیزی

#### أ ـ نامەی زانکۆیی بڵاونەکراوە

48-Muhammad Maruf Fattah (1997) AGENERATIVE GRAMMAR OF KURDISH, D. thesis, University of Amsterdam.


#### أ ـ کتێب

49-Andrew Radford (1997) Syntax " A Minimalist introduction", F.P CAMBRIDGE UNIVERSITY PRESS, CAMBRIDGE.

50- Norman C.Stageberg (1970) AN INTRODUCTORY ENGLISH GRAMMAR, Second Edition, United State of America.

51-Rodney Huddleston (1984) introduction to the grammar of english, First published, Cambridge University press, Cambridge.

52-R. L. Trask (1993) ADICTIONARY OF GRAMMATICAL IN LINGUISTICS, First published, London


---

[1] ساڵی ئێرانییە کەدەکاتە ساڵی ١٩٨٥ زایینی.

# ملخص الرسالة الموسومة

## (العبارة الاسمية والعبارة الفعلية في الكرمانجية الشمالية)


تحاول الرسالة ان تتناول دراسة علمية للعبارة الاسمية والعبارة الفعلية في اللهجة الكرمانجية الشمالية. ولهذا الغرض احتوت مضمون الرسالة ستة فصول متتالية :

الفصل الأول ، خصص هذا الفصل للمقدمة، ومدخلاً للخوض في صلب الموضوع، ويتناول المباحث التالية : عنوان ومجال البحث، أسباب اختيار العنوان، حدود ومواد البحث، المنهج العلمي المتبع، المشاكل التي واجهها الباحث مع مضمون الرسالة.

الفصل الثاني ، حاول الباحث في هذا الفصل جاهداً ان يدرس بعض الخصائص المورفولوجية والسينتاكسية لهذه اللهجة ولاسيما ما يتعلق منها بالفصول القادمة، مثل : علامات التذكير والتأنيث، أدوات التعريف، علامات الجمع، الضمائر المنفصلة والمتصلة، أسماء الاشارة، نائب الفاعل.

الفصل الثالث ، حاول الباحث في هذا الفصل أن يدرس ((العبارة – Phrase)) من حيث التركيب والوظيفة والعلاقة النحوية، علماً بان هذا الفصل يمهد السبيل ويحدد الاطر للفصول القادمة.

الفصل الرابع ، يتناول هذا الفصل دراسة ((العبارة الاسمية)) على ضوء دراسة ((العبارة)) في الفصل السابق، ومن حيث التركيب حدد الباحث نوعين من التراكيب، التركيب الداخلي للعبارة الاسمية والذي يتكون من <+اسم> ، أو اسماً واحدى المورفيمات القواعدية، والتركيب الخارجي للعبارة الاسمية والمتكون من الاسم واحدى المحددات (Modifier).

الفصل الخامس ، جاهد الباحث في هذا الفصل ان يبين المورفيمات المكونة للأفعال المشتقة في اللغة الكوردية (اللهجة الكرمانجية الشمالية)، وهذا يتضمن التركيب الداخلي للفعل او العبارة الفعلية وحاول ايضاً ان يبين توسيع العبارة الفعلية وحدده بنوعين من التراكيب (العبارة الاسمية والعبارة الجرّية) وهذا يتضمن ملامح التركيب الخارجي للفعل او العبارة الفعلية ونظراً لأهمية العبارة الجرّية وكثرة استعمالاتها في اللغة الكوردية، خصص الباحث مبحثاً مستقلاً لدراسة بعض خصائص العبارة الجرّية في اللغة الكوردية (اللهجة الكرمانجية الشمالية).

الفصل السادس ، خصص هذا الفصل للنتائج والمقترحات، ويتناول درج النتائج التي توصل اليها من خلال اعداد هذه الرسالة. وتقديم بعض المقترحات للدراسة في البحوث القادمة.